# لاوان

50

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا


بەهاری ٢٧١٣ی کوردی (١٣٩٢)
دەوری دووهەم، ساڵی سێزدەهەم


فایلی ژمارە:

"هەڵبژاردنی سەرکۆماری
لە ئێران دا و دەرنجامە
ئەرێنی و نەرێنییەکان"



هەڵبژاردنەکان دەرفەتێک بۆ
گەشەکردنی ڕەوتی مەدەنی

یازدەهەمین خولی هەڵبژاردنی
سەرکۆماری لە ئێران دا

هات و هاواری "هەڵبژاردن" و
هەڵوێستی کورد

کاتی ئەوە هاتوە ناسیۆنالیست بین

پەنجارێژ خونچەی هەڵوەریو

بۆ شەهیدانی کوردستان

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو داهاتوو








کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لاوان

ژمارە: ٥٠

دەوری دووهەم، ساڵی سێزدەیەم

یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

جۆزەردانی ٢٧١٣ی کوردی

مای ٢٠١٣ی زایینی






« هەڵبژاردنی سەرکۆماری و دەرەنجامە ئەرێنی و نەرێنییەکانی »



کۆمەڵگای مەدەنی



ئێران و هاوسەرگیری لە تەمەنێکی نەگونجاودا



پارێزگای سی یان ئەنفالی سپی؟



جوانان غیور مملکت، در انتخابات سال ۹۲ دوباره کلاه لبخند ملیح به سرتان نرود!


**سەرنووسەر:**
سەعید جەلال ساڵحی
jalalsalehi@yahoo.com

**بەرگ:**
ئەیووب شەهابیڕاد

**تایپ:**
سیامند شێخەپوور
فەرهاد ئیسفەندیاری

**دەستەی نووسەران:**
کاوە ڕۆژهەڵاتی
مەنسوور سەممار
ئارش لۆرستانی
عەباس حەقبین

**دیزاینی ناوەوە:**
شێرکۆ سادقپوور

**بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕانە بکەن**
www.lawan.com/farsi
www.lawan.com


# گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا!

گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا. هیچ میللەتێک بەبێ زەحمەتو تێکۆشان، بەبێ بەخت کردنی ڕۆڵە بەنرخەکانی خۆی بە ئازادی نەگەیشتوە. گەلی کوردو حیزبی ئێمەش کە پێشڕەوی خەباتی گەلی کوردە، لەمێژە ئەوەی دەزانن کە ئازادی، فیداکاریی دەوێ، خۆبەخت کردنی دەوێ. کاروانی شەهیدانمان درێژە، بەڵام ڕەنگە لەوەش درێژتر بێ.

ئێمە لە ڕۆژی شەهید بوونی شەهیدەکانمان لەمێژە بڕیارمان داوە نەگرین. لەمێژە بڕیارمان داوە کە تەنیاو تەنیا کارێک کە دەتوانین بیکەین و لەبەرچاو و لەبەر بیری شەهیدانمان شەرمەزار نەبین ئەوەیە کە ڕێگای ئەوان بەرنەدەین، وەک ئەوان تا سەر ئەو ڕێگایە بڕۆین، لە هیچ تەنگو چەڵەمەیەک نەترسێین، لە هیچ سەختییەک نەکشێینەوە. خەباتی ئێمە خەباتێکی ڕەوایە. خەبات بۆ ئازادیی میللەتێکە، خەبات بۆ دواڕۆژی منداڵەکانو نەسڵەکانی دیکەیە. ئەگەر ئێمە وەک ئەم نەسڵە ئەرکی خۆمان بە چاکی بەجێ بگەیەنین دەتوانین هیوادار بین کە نەسڵی داهاتوومان شەهیدی نەبێ. هەروەها ئەگەر نەسڵی ڕابردوو یا نەسڵەکانی ڕابردوو بە چاکی ئەرکی خۆیان بەجێ هێنابا ڕەنگ بێ ئەو نەسڵەی ئێمە شەهیدی نەدەبوو. بۆیە بیرەوەریی شەهیدەکانمان جارێکی دیکە دەمان هێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە بە بیروباوەڕێکی چەسپاو، بە دڵێکی پڕ لە شۆڕشو بە هیوایەکی زۆر، خەباتی خۆمان درێژە پێبدەین. ئەو خەباتە ئاکامی دەبێتە دوو شت: هەم گیانی شەهیدەکانمان شاد دەکاو هەم میللەتەکەمان ڕزگار دەکا بۆ ئەوە لە دواڕۆژدا شەهیدمان نەبێ.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## یازدەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێراندا

24ی جۆزەردانی ئەم ساڵ یازدەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماریو شووراکانی شارو دێ لە ئێراندا بەڕێوەچوو. هەرچەند هەڵبژاردنی شووراکانی شارو دێ بووە هۆکاری چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بەڵام بۆخۆی کەوتە پەراوێزی هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌یەوە. وەک دەبینین ئەمڕۆکە هەڵبژاردن لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان کە دیمۆکراسیو ئازادی تێدا حاکمە، کەرەسەیەکە بۆ بەشداری سیاسیو خزمەتی زیاتر بە هاووڵاتی‌یان کە بە شێوەیەکی تەواو دیمۆکراتیکو بەدوور لەهەر جۆرە توندوتیژیو ترسو دوودڵی‌یەک بەڕێوە دەچێ، بەڵام لە وڵاتانی دیکتاتۆرو زەبروزەنگی وەک ئێران هەڵبژاردن تەنیا کەرەسەیەکە بۆ مانەوەو پاراستنی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتو سەرکوتی زیاتر. بە واتایەکی‌تر خەڵک لە وڵاتانی خاوەن شارستانیەتو بە فەرهەنگ، بۆ مافی دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو فەرهەنگی‌یەکەیان زۆر سادقانە بۆ ناساندنی نوێنەری خۆیان هەوڵ دەدەنو کەسی جێی متمانەی خۆیان هەڵدەبژێرن. دەتوانین بڵێین هەڵبژاردنەکان بۆ دەست نیشان کردنو هەڵبژاردنی کەسێک بەپێی لێهاتوویی، شایستەبوون، زانستو فەرهەنگی نیشتمانپەروەری‌یە نەک بە پێخۆش بوونی ڕێبەر یان دەسەڵاتی حاکم بێ وەک ئێران.

بەدوای هەڵبژاردنی ئەحمەدی‌نژاد لە ساڵی ١٣٨٤و هەڵبژاردنەوەی لە ساڵی ١٣٨٨ی‌هەتاویو ڕووداوەکانی پاش ویی، ئەم جارە حەسەن ڕووحانی لە بارودۆخێک‌دا هەڵبژێردرا نەک بۆ کەس تەنانەت بۆ لایەنگرەکانیشی جێی سەرسووڕمان بوو کە لە دەوری یەکەم‌دا دەنگ بێنێتەوە. ئەمە بووە هۆی ئەوە کە هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران لە کاتێک‌دا بەڕێوە بچێ کە ئاکامەکەی بۆ جارێکی‌تر ببێتەوە هۆی سەرسووڕمانی هەموو لایەک. چاوخشاندنەوەیەک بە کۆی دەنگەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستی‌یەن: ١: حەسەن ڕووحانی: ١٨٦١٣٣٢٩ دەنگ. ٢: محەممەد باقری قالیباف: ٦٧٧٠٢٩٢ دەنگ. ٣: سەعید جەلیلی: ٤١٦٨٩٤٦ دەنگ. ٤: موحسێن ڕەزایی: ٣٨٨٤٤١٢ دەنگ. ٥: عەلی‌ئەکبەری وەلایەتی: ٢٢٦٨٧٥٣ دەنگ. ٦: سەید محەممەد غەرەزی: ٤٤٦٠١٥ دەنگ.

لە کۆی ٥٠٤٨٣١٩٢ کەس کە مافی دەنگدانیان هەبوو، ٣٦٧٠٤١٥٦ کەس دەنگیان داوە کە ٣٥٤٥٨٧٠٧ دەنگی ڕاستەقینە بوونو ١٢٤٥٤٤٩ کەسیش دەنگی سپی‌یان داوە، واتە ڕێژەی بەشداری خەڵک لەم هەڵبژاردنەدا ٧٢/٧٪ بووەو ١٣٧٧٩٠٣٦ کەسیش بایکۆتیان کردوەو نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدانو دەنگیان نەداوە یانی ٢٧/٣٪ ڕاستەوخۆ بە نەچوونیان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان مشتێکی پۆڵاییینیان لە دەمی ئەو ڕێژیمە دا.

لەو بارودۆخە قەیراناوی‌یەی کە وڵاتی ئێران پێی‌دا تێپەڕ دەبێو خەڵک ڕۆژگەلێکی سەختو دژوار تەحەممول دەکەن، هەڵبژاردنیان کردە دەرفەتێک بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان هەڵبڕنو بە خامنەیی‌و دارو دەستەکەی بڵێن کە خەڵکی ئێران چی دیکە ئەو وەزعەی پێ تەحەممول ناکرێو خوازیاری گۆڕانکاری‌یە، کەواتە ئەو لەسەدا ڕێژەیەی خەڵکی کە بایکۆتیان کردو ڕاستەوخۆ بە کۆماری ئیسلامی‌یان وت نامان هەوێ، لە ڕێگای بەشداری کردنیشەوە هەر «نا»یان پێ وتەوە. ئەمە لە کاتێک‌دا بوو کە خودی خامنەیی بەر لە هەڵبژاردن داوای لە هەموو لایەک کرد تەنانەت ئەوانەش کە کۆماری ئیسلامی‌یان ناوێ خۆ ئێرانو مەسڵەحەتی گشتی‌یان دەوێ، با بەشداری بکەن. هەر ئەوەش بوو کە خامنەیی ڕاستەوخۆ نەی‌وێرا پشتیوانی لە کەسێکی تایبەتی بکا، چونکە دەی‌زانی هەر کاندیدایەک لە خۆیەوە دوور بێ شانسی بردنەوەی زیاترە. کەواتە هاتنی دەوڵەتێک لەوەها بارودۆخێک‌دا کە دروشمەکەی «امیدو اعتدال»ە ئەویش بەو شەپۆلە پشتگیری‌یە بەرینەی خەڵکی لە دوایین ڕۆژەکانی کێبەرکێی هەڵبژاردنەکان‌دا بۆ زۆرێک هیوای بە گۆڕانکاری‌یەکانی سەرلەنوێ زیندوو کردەوە.

هیوا بە زیندووکردنەوەی گۆڕانکاری بەو مانایە کە هەم قۆڵی پاوان‌خوازو هەم ئیسڵاح‌تەڵەبو هەمیش کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات بە گشتی‌و لە سەرووی هەمووشیانەوە شەخسی خامنەیی بەو قەناعەتە گەیشتوون کە ئەگەر بێتوو لانی کەم دەست بۆ هێندێک ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی نەبەن، وەزعەکە لەوە خراپتر دەبێو تەنانەت ببێتە هۆی لەنێوچوونی سیستمی دەسەڵاتەکەشیان، کەواتە بەو دەرەنجامە دەگەین کە حەسەن ڕووحانی وەک سەرکۆمار دەتوانێ دەست بۆ هێندێک چاکسازی وڵات بەرێ. هەرچەند لە ئێستاوە وەک لە وەڵامی نامەی بەشار ئەسەدی دیکتاتۆڕدا دەردەکەوێو لەودا پێ لەسەر پێوەندی دۆستایەتی‌و هاوکاریو مەسەلەی سەهیۆنیزمو... دادەگرێ، ئەویش هەر لەسەر ئەو سیاسەتەی پێشوو کە ڕێبەر بۆی دیاری کردوون دەڕواو هیوا بە گۆڕانکاری لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکان‌دا بەدیی ناکرێو زۆر ئەستەمە.

بەو هیوایە کە حەسەن ڕووحانی ئەو دەسەڵاتو توانایی‌یەی هەبێ نەک هەر ناڕازیی‌یانی نێوخۆ تەنانەت دەرفەت بۆ ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەش بڕەخسێنێ کە بچنەوە نێوخۆو وەک وڵاتانی خوا پێداو بە شێوەی قانوونی کار بکەنو بەشداری لە کاروباری سیاسی وڵات‌دا بکەن.

**سەرنووسەر**

## فایلی ژمارە

# « هەڵبژاردنی سەرکۆماریو دەرەنجامە ئەرێنیو نەرێنی‌یەکانی »



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





ناسر پیرۆتی

# هەڵبژاردنەکان
## دەرفەتێک بۆ گەشەکردنی ڕەوتی مەدەنی

هەڵبژاردن کۆڵەکەو پارێزەری پێوەرەکانی دیمۆکراسیو ئازادییە لەهەر کۆمەڵگایەکدا. ئەم پرۆسەیە بەرهەمی ڕەوتێکی مێژوویییە کە خەڵک تێیدا بۆ کاریگەربوونی دەنگەکانیان بەهای زۆریان داوەو ئێستا لە زۆربەی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا بەو مافەیان گەیشتوون. مافێک کە تێیدا دەنگی خەڵک ڕاستەوخۆ لەسەر شێوازی بەڕێوەبەری یان بەرپرسیاریەتی لە کۆمەڵگا یان سیستمێک کاریگەری هەیە و نیشانەیەکی سەرەکی پێشکەوتنی سیاسییە لە هەر وڵاتێکدا.

هەڵبژاردنی ئازاد ڕەنگدانەوەی دەنگی ڕاستەقینەی خەڵکە کە دیمۆکڕاسی لە کۆمەڵگادا سەقامگیر دەکاو کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر شێوازی بەڕێوەبەریو چاودێری هەیە. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم هەڵبژاردنە کەڵک لە میکانیزمی تەندروست وەردەگیریو هیچ هۆکارێک نێوەڕۆکی قۆناغەکانی خۆپاڵاوتن، دەنگدان، ئەنجامو هەروەها دەستاودەست کردنی دەسەڵات ناشێوێنێ. بەڵام لە حاڵەتی بەرامبەریدا دەنگی خەڵک سەرچاوەی هەڵبژاردن نییە، بەڵکوو ئەو دەنگانە لە بەرژەوەندی لایەنێک کە ناتوانێ متمانەی زۆرینەی خەڵک بەدەست بێنێ دەستکاری دەکرێ. دەنگی خەڵکیش تا ئەو کاتە گرینگە کە لە سندووق داوێژرێ.

هەڵبژاردنەکانی ئێران نە بە مەبەستی دیمۆکڕاتیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوە دەچنو نە لە شێوازی دیمۆکڕاتیکو ئازادیش بۆ بەڕێوەبردنیان کەڵک وەردەگیرێ، ئەمەش بەو واتایەیە کە کەمترین بەرژەوەندی بۆ خەڵک هەیە. بەڵام گرینگە بزانین لەو هەڵبژاردنانەدا کورد چ دەرفەتێکی هەیە بۆ ئەوەی کە لە بەرژەوەندی خەباتی نەتەوەییدا کەڵک لەو پرۆسەیە وەربگرێ. تەوەری سەرەکی ئەم باسە، شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان فەزای هەڵبژاردنەکانو پێشوەچوونی ڕەوتی مەدەنییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

سەرەتا دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە کورد هیچ دەسەڵاتێکی بۆ بەڕێوەبردن یا نەبردنی هەڵبژاردنەکان یان گۆڕانکاری لە شێوازی بەڕێوەبردنیدا نییە، بۆیە لایەنە جیاوازەکان دەبێ وەکوو ئەکتەرێکی سیاسی هەوڵ بدەن لەوەش وەکوو هەر ڕووداو و پێشهاتێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی دیکە لە بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان بەکاری بهێنن. ئەکتەری سیاسی چالاکی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش حیزبە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات، لایەنە سیاسییەکانی نێوخۆ، دامەزراوە مەدەنییەکانو چالاکڤانانی جیددی سیاسیو مەدەنی لە نێوخۆو دەرەوەی وڵاتنو هەمووی ئەوانە لەو چوارچێوەدا کاریگەری زۆریان هەیە، جا بۆ پەکخستن یان سەرکەوتنی بێ.

مەبەست لە دامەزراوە مەدەنییەکان ئەو گرووپو ئەنجومەنە جیاوازانەن کە لە بوارەکانی سیاسەت، ئەدەبیات، ڕۆژنامەوانی، خوێندکاری، مافی ژنان، هونەر، ژینگەپارێزیو هتد چالاکی دەکەنو وەکوو دامەزراوەیەکی مەدەنی لە پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕۆڵ دەگێڕن. سەرەڕای هەموو بەربەستەکان تا ئێستاش کۆمەڵێک لەو دامەزراوانە خەریکی کار کردننو لەسەر کارکردن یان ڕێگە پێگرتن ڕکابەری لەگەڵ ناوەندە ئەمنیەتیو سەربازییەکان دەکەن.

لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ کۆمەڵێک دەرفەت دەدرێ کە لە فەزای هەڵبژاردنەکاندا بۆ پێشوەچوونو گەشەکردنی ڕەوتی مەدەنی لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڕەخسێو هەروەها کاریگەرییە ئەرێنییەکانی دەخرێتەڕوو:

خەڵکو سیاسەت:

لە جەنگەی هەڵبژاردنەکاندا فەزایەک دێتەگۆڕ کە بەشێکی زۆر لە باسو خواسەکانی خەڵک لەگەڵ یەکتری لەسەر ئەو بابەتەیەو بۆ ماوەی چەند مانگێک مێشکی زۆرینەی خەڵک بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکا. پرسیاریان سەبارەت بە بەشداری کردن یان نەکردن، کاریگەریو خەسارەکانی، هەڵبژاردنی پاڵێوراو و ڕای لایەنە جیاوازەکان دروست دەکاو لەم بوارانەدا ڕاوبۆچوونی یەکتر وەردەگرن. پێکەوە ڕاوێژکردنی خەڵک بە یەکتر لەسەر بڕیارێکی سیاسی کۆمەڵایەتیی گشتی، قۆناغی یەکەمی دەست پێکردنی خەباتی جەماوەریو مەدەنییە. کوردستان بە پێی بارودۆخی تایبەتی خۆی کۆمەڵگایەکە کە خەڵک زۆر باسی سیاسەت دەکا، بەڵام تا ئێستاش نەتوانراوە کە خەڵک لەنێوخۆ وەکوو سەرچاوەی هێزو چالاکی مەدەنی وەکوو شێوازی خەباتو گەیشتن بە مافە سیاسیو نەتەوەییەکان وەکوو ئامانج پێکەوە گرێ بدرێن. ئاشکرایە کە بەهۆی ئەو فەزا ئەمنیەتییەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران زاڵ کراوە خەڵک بە ئاشکرایی باس لە پرسە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان ناکەن، بەڵام لە جەنگەی هەڵبژاردنەکاندا فەزای ترسو لێپرسینەوە تۆزێک دەشکێ. لەو کاتانەدا خەڵک ئاشکراتر کێشەکانی خۆیان باس دەکەنو زیاتر لە کاتەکانی دیکە لە مافەکانیان دەپێچنەوە.

لێکهاڵانو کۆبوونەوەی چینو توێژە جیاوازەکان:

یەکێک لە مەترسییە سەرەکییەکانی سەر کۆماری ئیسلامی کە دەزگا ئەمنیەتییەکانیشی بە باشی لێی تێگەیشتوون، لێکهاڵانی خەڵکە. لە بارودۆخی ئاساییدا ڕێگە نادرێ خەڵک بەو شێوەی کە لە جەنگەی هەڵبژاردنەکاندا بۆی دەڕەخسێ لەیەکتری کۆ ببنەوە. لەو کۆبوونەوانەدا بەشێک لە گرفتو داخوازییەکانی خەڵک بە ئاشکرایی دەخرێنەڕوو کە لەوانەیە ئەگەر لە کاتێکی دیکەدا باسیان بکەن پێی تووشی کێشە بن. ئەوەش دەبێ لەبەر چاو بگیرێ کە هێزو کاریگەری خەڵک کاتێک بزوێنەری گۆڕانکاری مەزنە کە تاکەکان گرفتو داخوازییەکانیان لە یەکتری نەشارنەوەو لە کۆبوونەوەی چەند کەسی دۆستانەو خزمانەدا بەرتەسکی نەکەنەوە، بەڵکوو بە ئاشکراییو لەگەڵ خەڵکی دیکەی باس بکەن. زاتی کۆبوونەوە بۆ ئەوەیە کە هەموو ئەو لایەنانەی هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن لە کارێکدا کە بەرژەوەندی گشتی ڕەچاو دەکا، بەشداری بکەن. کاتێک کۆبوونەوەیەکی گشتیو بەرین ساز دەکرێ خەڵک هێزو توانای خۆی لە بوارە جیاوازەکاندا هەست پێدەکا. ئەو کۆبوونەوانە دەرفەتێکی گونجاون بۆ چالاکوانانی سیاسیو مەدەنی کە ڕیشەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ چینو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا بەهێز بکەن. تا ئێستا هیچ ڕێکخراوو دامەزراوەیەکی مەدەنی لە نێوخۆ نەیتوانیوە ئەو ڕادە لە پشتگیری جەماوەری بۆخۆی بەدەست بهێنێ کە ئەگەر ناوەندە ئەمنیەتییەکان تێیان هەڵپێچا و ویستیان پێش بە درێژەدانی چالاکییەکانی بگرن لە پشتگیری جەماوەری وەکوو کارتێکی گوشار کەڵک وەربگرێ. سەرەکیترین هۆکاریشی ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسیو ناوەندە ئەمنیەتییەکان مۆڵەتی ئەوەیان پێ نادەن کە زۆر لەگەڵ خەڵک تێکەڵ بن. جگە لەوەش، لەم کۆبوونەوانەدا دەرفەتێکی گونجاو بۆ ڕێکخستنی هێزو دەنگی خەڵک هەیەو دەرفەتێکە





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ چالاکوانانی نێوخۆ کە فەزاکە بەرەو خەباتی نەتەوەیی‌و مەدەنی هان بدەن.

بەشداری خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردن:

وەکوو باس کرا لە هەڵبژاردنەکانی ئێران‌دا پێوەرەکانی دێمۆکراسی لەبەر چاو ناگیرێ، بەڵام پێکهاتەی سەرەکی هەڵبژاردن واتا خەڵک لە دەرەوەی بازنەی توانای حکوومەتە بۆ ئەوەی کە بتوانێ بە تەواوی پێش‌و لەکاتی دەنگدان، دەنگەکانیان بەو جۆرەی کە دەی‌هەوێ ئۆرگانیزە بکات، هەرچەندە دوای دەنگ تێ‌هاویشتن دەتوانێ ئەو کارە بکات. ئەوەش پێشی پێ ناگیرێ‌و ئەگەر بی‌هەوێ چ خەڵک بەشداری بکا یان نەی‌کات، ئامارێک دەخرێتەڕوو کە بەرپرسەکان دەیان‌هەوێ. بایکۆت کردن لە دوو فەزای جیاوازدا جێ دەگرێ. یەکەم ئەوەی کە فەزاکە دێمۆکڕاتیک بێ‌و بایکۆت وەکوو کارتێکی گوشار بەکار دەهێندرێ‌و دووەم ئەوەی کە لە فەزای نادێمۆکڕاتیک‌دا توانای بایکۆت کردن لە خواستی دەوڵەت بۆ بەشداری کردن بەهێزتر بێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا هیچ کام لەو دوو فەزایە بەدی ناکرێ، هەروەها ڕەوتێکی بەرەوپێشی بایکۆت کردنیش لە ئارادا نی‌یە کە پێمان وابێ ئەو جارە خەڵک لە جاری پێشتر کەمتر بەشداری لە هەڵبژاردنەکان‌دا کردوە. ئەگەر بۆ نموونە لە ناوچەکانی دیکەی ئێران ڕێژەی بەشداری خەڵک بە نسبەت سەرەتاکانی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی کەمی کردوە، لە کوردستان‌دا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردوە. ئەوە بە واتای ڕەوایی ئەو سیستمە لە کوردستان‌دا نی‌یە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە لە لایەک پشتی بە شێوازی ناتەندروست بەستووە بۆ ڕاکێشانی خەڵک‌و لە لایەکی دیکە خەڵکیش لە بەشداری نەکردنەکانی پێشوو هیچ خێرێکیان نەبینیوە. لە حاڵەتی بەشداری کردن‌دا، ئەگەر پاڵێوراوێک بە ڕادەیەکی کەمیش بێ باس لە مافەکانی خەڵک بکا، خەڵکەکەش زیاتر لەو ڕادەیە پێشوازی لێ دەکەن. ئەوە ئەگەر بە ئاکامیش نەگاو نەهێڵن پاڵێوراوێک کە خەڵک دەنگی پێداوە سەرکەوێ، دیسانیش کاریگەری خۆی هەیە. لە لایەک پشتیوانی خەڵک لەو کەسەی داوای مافەکانیان دەکا بەدیار دەکەوێ‌و لە لایەکی دیکەش کاریگەری لەسەر بەشێک لە کاربەدەست‌و بەرپرسانی دەسەڵاتیش دەبێ کە بە خۆیان‌دا بێنەوەو ڕیزی خۆیان بەرەو خەڵک لە دەسەڵات جیا بکەنەوە. ئەوەی بۆ هاندانی کۆمەڵانی خەڵک گرینگەو دەبێ لەبەر چاو بگیرێ ئەوەیە کە دەبێ بەرهەمی کارەکانی خۆیان بە ئاشکرایی هەست پێ بکەن. لەڕاستی‌دا خەڵک ئەگەر لە خولقاندنی فەزایەک‌دا ڕۆڵی پێ‌درابێ، هێزی خۆی بۆ لێپێچینەوە لە ئاکامەکانیشی دەردەخات. لەم خاڵەدا جیاوازی لە نێوان هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری‌و نوێنەرو ئەنجومەنی شارو گوندەکان‌دا هەیە.

بۆ ئەوەی کە ڕەوتی مەدەنی بتوانێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێ دەبێ بەهێز بکرێ. بۆ ئەوەش پێویستە گۆڕانکاری ڕاستەقینە لە تێڕوانینی لایەنە سیاسی‌یەکان لەسەر خەباتی مەدەنی ڕوویداو هەروەها هاوپێوەندی‌و نزیکایەتی فکری‌و سیاسی زیاتر لە نێوان ڕەوتی مەدنی‌و حیزبەکان بێتە ئاراوە.

بە هێنانە گۆڕی ئەو باسە بەوە دەگەین کە خەڵک بە چین‌و توێژە جیاوازەکانی‌یەوە سەرچاوەو هێزی ئاڵوگۆڕەو پەیوەندی ڕاستەوخۆو کارتێکەر لە نێوان خەڵک‌و چالاکی مەدەنی‌دا پتانسیەلی بەهێزی خەباتی نەتەوەیی مۆدێڕنە.

> **هەڵبژاردنەکانی ئێران نە بە مەبەستی دێمۆکڕاتیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوە دەچن‌و نە لە شێوازی دێمۆکڕاتیک‌و ئازادیش بۆ بەڕێوەبردنیان کەڵک وەردەگیرێ، ئەمەش بەو واتایەیە کە کەمترین بەرژەوەندی بۆ خەڵک هەیە.**





# یازدەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران‌دا



حەسەن حاتەمی

پێشەکی:

هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی بەشێوەی ویلایەتی فەقیهی تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەو شێوە هەڵبژاردنانەی لە وڵاتانی پێشکەتووو تەنانەت لەحاڵی پێشکەوتنیش‌دا کە پێوانەیەکیان بۆ هەڵبژادن هەیە؛ بەشێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ پێوندی بە بەشداری خەڵک‌و ئەو دەنگانە هەیە کە خەڵکانی خاوەن دەنگ لە سندووقەکانی دەنگدانی داوێژن‌و یەکێک لە بناخەکانی دێمۆکڕاسی چاوی لێ‌دەکرێ. بەو مەرجە کە ئازادی ڕادەربڕین، ئەحزاب‌و ڕێکخراوی جیاوازو دژ بەیەک یا جیاواز لە یەک هەبن، هێزی چوارەم، یانی بڵاوکراوەکان‌و میدیا، چالاکی ئازادانەیان بەفەڕمی ناسرابێ‌و گەلێک تایبەتمەندی دیکە، کە مەبەستی ئەم بابەتە نییە.

بۆ وێنە لە ئەمریکاو وڵاتانی ئەمریکای لاتین، فەرانسەو هێندێک وڵاتی ئەفریقایی کە ڕاستەخۆ خەڵک سەرکۆماری بۆ ماوەیەکی دیاری کراو درێژ یا کورت هەڵدەبژێرن. یا وەک تورکیە، ئیسراییل، ئاڵمان‌و ...، بەهۆی پاڕلمان هەڵدەبژێردرێن کە لە ڕێگای دەنگی خەڵکانی ئەو وڵاتانەوە هەڵبژێراون. بەڵام لە ئێرانی فرەنەتەوەدا کە دوای ڕاپەڕینی بەرینی خەڵکەکانی، ١٢ ڕۆژ دوای یەکەمی بەهاری ئازادی، شتێکی کەم وێنەو تایبەتی بەناوی کۆماری ئیسلامی سەپێندرا؛ دواتر لە ٥ی ڕێبەندانی ١٣٥٨(١٩٨٠)دا یەکەم هەڵبژرادنی سەرکۆماری لە مێژووی ئێران‌دا بەڕێوەچوو.

هەم کۆماری ئیسلامی وەک نیزامێکی فێندەمێنتال(بنائاژۆ) و هەم یاسا بنەڕەتی‌یەکەی، ئەو دەسەڵاتەی کردە یەکەم دەسەڵاتی نەگونجاو و ناتەبا لە دنیادا، کە نەتەنیا هەواڵێکی ئەوتۆی پێناسە کراوو بەڕێوەبراوو نیهادینە کراو، لە ئازادی، دێمۆکڕاسی‌و مافی تاکەکەسی‌و نەتەوەیی، ڕەگەزی‌و ... ئایینی نییە، بەڵکوو پێشتر بەشێک لە کارەکانی خەڵک‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان بەهۆی کاربەدەستانی ئیسلامی شیعەی ١٢ ئیمامی ئەنجام دەدرێن. بەوحاڵەش کە هەموو هەڵبژاردنەکان کە کێشەیان هەیە لەگەڵ یاساو ڕێساکانی ڕێژیم. بەڵام خەڵکانێک لە نێوخۆ وەک دەرفەتێک بۆ "گۆڕان"، چاوی لێ‌دەکەن‌و هێندێک جار کە هیوایەک پەیدا دەبێ‌و بەرنامەیەکی جێی سەرنج لەنێو بەربژارانی "ئاڵوگۆڕخوازی ئیسلامی"، دێتە گۆڕێ بەشداری چەندان میلیونی دەبێتە ڕۆژەوی هەڵبژاردنەکە. وەک دەورەکانی حەوتەم‌و دەیەم. جگە لەوەش ئەو کەسانەی مەرجەکانی بەربژرابوونیشیان هەبێ، کە بە پێی ئەسڵی ١١٥ی یاسای بنەڕەتی دەبێ پیاو(رجال) بن کە تا ئێستا ئەم ڕەجالە هەر بە پیاو لە کۆماری ئیسلامی‌دا مانا کراوەو وەک "دەوڵەت مەرد" کە پتر لە دنیادا، باوەو بە ژن‌و پیاو دەوترێ، پێناسە نەکراوەو شیعەی دوازدە ئیمامی بن، باوەڕی قوڵیان بە ویلایەتی موتلەقەی فەقیە هەبێ‌و ... بە پێی یاسا کە لە خولی دوویەمڕا، هەر دەورەیە شتێک بە قازنجی دەسەڵاتداران زیادو کەم دەکرێ‌و بازنەی هەڵبژاردنەکان چووکەڵەتر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

> **هەم کۆماری ئیسلامی وەک نیزامێکی فێندەمێنتال(بنائاژۆ) و هەم یاسا بنەڕەتی‌یەکەی، ئەو دەسەڵاتەی کردە یەکەم دەسەڵاتی نەگونجاو و ناتەبا لە دنیادا.**

دەکرێنەوە. ئێستا سەرکۆمارێک دەبێ شەش نۆبە تێپەڕێنێ. دوو نۆبە پێش هەڵبژاردن(هەئیەتی چاوەدێری ناوەندی‌و شووڕای نیگابان) سەلاحییەتیان تەئید بکا. دوو نۆبە لەکاتی هەڵبژاردن‌دا( دەنگ دان‌و تەئیدی سلامەتی هەڵبژاردن لە لایەن شووڕای نیگابان) و دوو نۆبەش دوای هەڵبژاردن(ئیمزای ڕێبەرو سوێندخواردن بە یاسا لای ڕێبەر). پاش ئەوکاتیش سەرکۆمار نە لە سیاسەت کردن‌و نە لە دیاری کردنی کابینەی وەزیران‌دا، دەستی ئاواڵە نییەو بەپێی ئەسلی ١١٠ی یاسا، ئەوە ڕێبەرە کە یەکەم کەسی ئەو نیزامە ئیسلامی‌یەیەو زۆرینەی دەسەڵاتیش راستەوخۆش هەر لە دەست ئەو دایە. لانی کەم لە نزیک چوار ساڵی رابردوواو دوای سەرکوت یا کپ‌کردنی ناڕەزایەتی‌یەکانی ساڵی ١٣٨٨(٢٠٠٩)، دەستێوەردانی سپای پاسداران‌و هیزە ئەمنییەتی‌یەکان لە سەرووی هەمووان سازمانی ئیتلاعاتی سپا(ساس)، لەنێوخۆو سپای قودس لە دەرەوە، بۆ وێنە قاسم سولەیمانی – فەرماندەی سپای قودس سەرووترین دەسەڵاتداری دەرەوەیی ڕێژیمە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا. ڕووداوی حەیدەر موسلیحی – وەزیری ئیتلاعاتیش کە فەرتەنەیەکی گەورەی دروست کرد لە نێوان خامنەیی‌و ئەحمەدی نیژاددا نیشانی‌دا پشتیوانی ڕێبەرو بەیتەکەیەتی چەندە بەهێزە کە بەرپرسی دەوڵەت بۆی نییە بی‌گۆڕێ!؟ هەروەها ڕۆستەم قاسمی – بەرپرسی "قەرارگای ئاوەدانی خاتەمولئەنبیا"– کرا بە وەزیری نەوت. ئێستا دەسەڵاتی ئەو گرووپە مافیایە لەوانەیە خامنەییش پترە بێ. ئەو هەل‌ومەرجەی خۆلی یازدەیەمی سەرکۆماری‌و خولی چوارەمی شووڕاکانی شارو دێی تێدا بەڕێوە دەچێ، سێ ئیمپڕاتۆڕی بەهێز هەن کە دەسەڵات دیاری دەکەن‌و هەمەکارەن. ڕێبەری‌و بەیتەکەی، سپای پاسداران‌و حیزبە پادگانی‌یەکەی‌و قەرارگای هەمزەو ئابووری‌یە زەبەلاحەکەی. بەوحاڵش ئیرادەی گەلانی بەرایی ئێران، دەتوانێ شێوە حوکمڕانی ئەو ئیمپڕاتۆڕە مافیانە تێک بدا. ئەگەر هەست بکەن بەرنامە یا دروشمێک بۆ "گۆران" هەیە؛ بەو مەرجەی ئەو دەنگانەی لە سندووقەکانی دەنگ دان داوێژرێن، وەک خۆی بخوێندرێنەوە. چونکە بەداخەوە جارێ دەرفەتێکی ئەوتۆ بۆ ئاڵوگۆڕی قووڵ لە گۆڕێدا نییە، بەڵام کێشەی ئەتۆمی‌و هەڵس‌وکەوتی نابەجێی سیاسەتی دەرەوەیی ڕێژیم، کە مەترسی ئەگەری ڕوودانی شەڕێکی وێرانکەر هەیەو پەنگاوخواردنەوەی داخوازی‌یەکانی نەتەوەکان‌و وەزعی شپرزەی ئابووری‌و لەشکری بێکاران، گیرۆدەکانی ماددە هۆشبەرەکان، لە ژێر هێڵی هەژاری بەمیلیون خەڵکان، گەمارۆ قورسەکانی بەدژی کردەوەی نابەرپرسانەو سەرۆیانەی کاربەدستان، ئیمکانی ڕووداوگەلێکی چاوەڕان نەکراو هەیە.

تایبەتمەندی ئێستا:

بەو پێشەکی‌یە دەگەینە تایبەتمەندی دەورەی یازدەیەم کە لە ٢٤ی‌جۆزەردانی ٩٢ (٢٠١٣,٥,١٤) دا، هەڵبژاردنی یازدەهەمین دەورەی سەرکۆماری‌و بۆ یەکەم جار چوارەمین دەورەی هەڵبژاردنی شووڕاکانی شارو دێیەکانیشی لەگەڵ یەک بەڕێوەدەچێ. کە بریتین لە:

1: وەلی فەقیە دوویەم(عەلی خامنەیی) ڕێبەری نیزام گۆیا نەخۆشی شێرپەنجەی هەیەو لەوانەیە دوایین هەڵبژاردنی سەرکۆماری بێ کە دەی‌بینێ. یا ئەگەر پتر بژی لەوانەیە بەشێوەی ئێستا هەڵبژاردنی سەرکۆماری بەڕێوە نەبا.

2: بەوهۆیەی کە خولی دوویەمی ئەحمەدی نیژادی کە بۆ جاری دوویەم بە سەرکۆمار کرایەوە(دەیەمین سەرکۆمار)، زۆر کێشە خولقێن بوو. بۆ سەپاندنەکەی لە ڕێگای کودێتا لە دەنگەکانی خەڵکانی ئێران. ڕەوشی سەرکوتکەرانە، خوێناوی‌و ئابڕووبەرانە درێژەی بە دەسەڵاتەکەی درا. ئەحمەدی نیژاد، بە ناباوەڕی لە بەرانبەر ڕێبەرەکەی‌دا، نافەرمانی چاوەڕوان نەکراوی ئەنجام دا. بۆیە لەوانەیە بۆ خۆ ئاسوودە کردنی ئەو ڕێبەرە یا درێژەدانی ئاسانتر بە دەسەڵاتی سەرەڕۆیی(توتالیتێر)، پۆستی سەرکۆماری لابەرن وەک پۆستی سەروک وەزیری ١٣٥٨ تا ١٣٦٨ کە زۆر کێشە خولقین بوو.

٣: مەسەلەی کاندیدای دەوڵەت(ئەحمەدی نیژاد)، بەتەنیا وەک ئوسولگەرایەکی تایبەتی لێ‌هاتووە کە بەتەواوی هەوڵ بۆ داسەپاندنی ئیسفەندیار ڕەحیم مەشایی دەدا – کە لە دەوری دوویەمی ئەحمەدی نیژاددا، وەک جێگری یەکەمی سەرکۆمار، بوو بەجێی ناڕەزایەتیی ڕووحانییەتی سوننەتی‌و دەرچوونی "حوکمی حکوومەتی" خامنەیی یا "تەکەی زێڕینی حوکمی دەسەڵاتداری ویلایەتی موتڵەقەی فەقیە"– بۆ لابرانی. بەڵام ئەحمەدی نیژاد بەدانی پۆستی جۆراجۆر بە نابراو هەر لە کابینەدا هێشتیەوە. ئەگەر سناریۆیەکەی ئەحمەدی نیژاد مەشایی یا کاندیدایەکی دیکەی هاوبیری ئەحمەدی نیژاد لە – شەش خانی عەلی تێپەڕ کا، وەک پوتین مەدەیۆفی لێ دێ!؟ هەروەها، دوو دروشمی سەرەکی کە ئەمڕۆژانەش کەمو زۆر باسیان دەکرێ کە مەشایی تێئۆریسیەنەکەیەتی، یانی "مەکتەبی ئێرانی‌و حیجابی ئیختیاری"، کێشەیەکی گرینگی خامنەیی دەبن، ئەگەر بە جیددی بێنە کایە.



4: مەسەلەی "ئاڵوگۆڕخوازان"، چ حکوومەتی‌و چ ناحکوومەتی، کێشەیەکی دیکەن کە خامنەیی ئەگەر "تەندووری گەرمی هەڵبژاردنی" دەوێ، دەبێ لەگەڵ ئەوان یا ئەحمەدی نیژاد بسازێ کە هەردووکیان شکستی ڕێبەری، بەیت‌و هاوبەشان‌و هاوبیرانییەتی. بەربژارە مەترسیدارەکانی ئەو بەشە خاتەمی‌و ڕەفسەنجانیین. حەسەن ڕووحانی‌و محەممەدرەزا عارف – جێگری یەکەمی دەوری یەکەمی سەرکۆماریی خاتەمی– بەهێنانە گۆڕی خوێندن بەزمانی دایک بەپێی ئەسلی ١٥ی یاسای بنەڕەتی چالشێکی دیکەیە چ ئەو لە ریزی بەرنامەی خۆی جێی بکاتەوە.

٥: بۆ هاشمی ڕەفسەنجانییش، ئەوە دوایین هەلە کە بۆ جارێکی دیکەش، خۆی بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتەکانی لەدەست چووی تاقی بکاتەوە. بەشداری بێ‌ئاکامی لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شەشەم، سەرکۆماری خولی نۆیەم، پێشتر تاقی کردۆتەوەو سەرکەوتوو نەبوە.

٦: ئوسولگەراکان کە دەسەڵاتداری سەرەکیان لە هەشت ساڵی رابردوودا بە پشتیوانی گرینگی خامنەیی‌و سیاسەتە چەوتەکانی لە دەست دابووە، کێشەی خۆیان هەیە. دوو ئیئتیلافی سێ کەسی(محەممەد باقر قالیباف، عەلی‌ئەکبەر ویلایەتی‌و غولامعەلی حەدادعادڵ)و پێنج کەسی(محەممەدرەزا باهونەر، یەحیا ئالی ئیسحاق، مستەفا پوورمحەممەدی، مەنووچێهر مووتەکی، محەممەدحەسەن ئەبوتوڕابی) هەیە. قۆڵێکی دیکەشیان بەناوی "بەرەی خۆڕاگری"، کە میسباح یەزدی پشتیوانیان لێ‌دەکا، کەسێک بە ناوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کامران باقری لەنکەرانی وەزیری بێهداشتی پێشووی ئەحمەدی نیژاد، بەربژاریانە. هەرچەند گرووپی موتەهەری- تەوەکولی (دەنگی میللەت)یش هەن کە نوێنەری مەجلسی شووڕان‌و ئوسولگەران، بۆچوونی جیاوازیان هەیەو پتر پێیان وایە ئەم وەزعە کەسی کارامەو بە ڕابردووی لە کۆماری ئیسلامی‌دا، دەوێ. نە کەسانی سپایی، بەسیجی‌و نەناسراوو کەم ئەزموون. ئەو کیشانەو کەسانی دیکەش چ لە چوارچێوەی ئەو توێژو گرووپانەی باسیان کراو چ وەک سەربەخۆو لە نەتەوەکانی نافارس کە خۆیان کاندایدا بکەن ئەگەر لە قۆناغی یەکەمیش‌دا بۆ چەشنێک لە هاوسەنگی‌و بێ‌دەنگ کردنی "دیڵم، دیڵم"ەکانی ئەحمەدی نیژادیش بێ؛ هێندێک کەس تەئید بکەن، بەشی هەرەزۆری ئەو کێشانە بەدەست‌و دەسەڵاتی شووڕای نیگابان بۆ خامنەیی چارەسەر دەبن. بەڵام هەتا دەقیقەی نەوەدو کاتی زێدەش ئەگەر ئەحمەدی نێژاد بیخوڵقێنی‌و دەسەڵات تەحەمولی بکا، ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو، لەوانەیە ڕوو بدەن کە لە ئێستاوە ناکرێ پێش‌بینی بکرێ.

:7هەڵبژاردنی ئازاد، کە بە دوو شێوە لەنێوخۆو دەرەوەدا باسی دەکرێ، مەسەلەیەکی دیکەی جێی سەرنجە. ئەو باسە بەشێوەیەکی نێوخۆیی لە لایەن ڕەفسەنجانییش ئاماژەی پێکراوەو تاج‌زادەی زیندانی -جێگری سیاسی عەبدوڵڵا نووری وەزیری نێوخۆی خاتەمی-ش پێی لەسەر دادەگرێ‌و کەسانی دیکەش پشتیوانی لێ‌دەکەن. ئەگەر ئەو دروشمە پڕرەنگ‌تر بکرێ‌و "ئاڵوگۆڕخوازانی نێوخۆیی"پشتیوانی لێ‌بکەن، کێشە خوڵقێنە لەنێوخۆی ئێران‌دا.

شێوەیەکی دیکەی دروشمی هەڵبژاردنی ئازاد، کە لە دەرەوەی وڵات باسی دەکرێ بە پێی پەیمانێکی نێودەوڵەتی نێوان مەجلیسەکان("بین المجالس")ە، پەسندکراوی ١٩٩٤ی پاریسە کە لە ئێران عەلی ئەکبەر ناتق‌نووری - سەرۆکی ئەوکاتی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی— واژۆی کردوە. هەروەها خاڵەکانی مافی مرۆڤی جیهانی کە دیسان ڕێژیم واژۆی کردوە. وەک گوشارێکی دەرەوەیی خەریکن زەقی دەکەنەوە. لەحالێک‌دا، ئەو مەسەلانەی باسیان کرا لە گۆڕێ دان، لە دوایین خولەکەکانی کاتی ناونووسی دا، سێ کەس بە بیروڕای جیاواز، خۆیان ناونووس کرد. عەلی‌ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، ئیسفەندیار ڕەحیم‌مەشایی‌و سەعید جەلیلی- سەرۆکی شووڕای تەناهی میللی‌و بەرپرسی وتوێژەکانی ١+٥ -

دوای ١٠ ڕۆژ تاوتوێی ٦٨٦ کاندیدای ناونووس کراو- کە ٣٠ کەسیان ژن بوون— شووڕای نیگابان، بەربژاری ٨ پیاوی پەسند کرد. لەنێو پەسندکراوەکان‌دا ڕەفسەنجانی‌و مەشایی قەبووڵ نەکراوەو لە قامووسی ئەو ڕێژیمەش ژنان لەو پۆستەدا ئیزنیان پێ نادرێ کاندیدای هەڵبژاردن بن.

ناونووسی ڕەفسەنجانی شەپۆلێکی پشتیوانی خەڵکانێک‌و حیزب‌و ڕێکخراوی فەڕمی‌و نافەڕمی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی بەدواوە بوو کە ڕێبەرو بەیتەکەی زۆر ترساندو ڕەحیم مەشاییش هەمان ترسی لەنێو قۆڵی پاوان‌خوازدا دروست کرد. بۆیە هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا شووڕای نیگابان - کە زۆرترین یان بەهۆی گوشاری ئیتلاعات، سپا و بەسیج- جارێ زۆرترین سەر ئیشەیان لەکۆڵ ڕێبەرو بەیتەکەی کردۆتەوە. ئێستا کە بۆ ڕۆژی هەڵبژاردن زۆری نەماوە، کەسانێک بەتایبەت ئەحمەدی نیژادو مەشایی چاوەڕوانی "حوکمی حکوومەتی" ڕێبەر خامنەیین! کێبەرکێ لەنێوان بەربژارانی بەیتی ڕێبەری — کە جەلیلی زۆرتر جێی باسەو ڕووحانی‌و عارف- وەک، کاندیداکانی دەستە دووی "ئاڵوگۆڕخوازان" و ئەو کەس‌و لایەنانەی هەڵبژاردن وەک دەرفەتێک چاو لێ‌دەکەن‌و موحسین ڕەزایی- کە وەک سەربەخۆ خۆی ناساندوە- دەبێ.

ئایا ئەو وەزعە دەتوانێ ئامانجی کام لا وەدی بێنێ نامەعلوومە، چونکە هەل‌ومەرجەکە دژوارو شێواو دیارەو "شۆکی ڕەفسەنجانی" جارێ تەواو نەبووەو بەشی "خامۆش"ی دەنگ‌دەرو بەشدارانی هەڵبژاردنی گەرم‌و ئومێدەوار بە نائومێدیەوە دەڕوانە هەڵبژاردنەکان. لە بەربژاری شووڕاکانیش‌دا هەر قۆڵی ئوسولگەرای پاوان‌خواز زۆرتر ئیزنیان پێ‌دراوە کاندیدایان هەبێ. بۆیە زۆر ڕوون نییە چ دەقەومێ‌و کێ‌و چ کەسانێک، کام "حەماسە" دەخوڵقێنن.



# هەڵبژاردنی ئەو جارە فورسەتی دوولایەنە بۆ نیزام لە لایەک و بۆ خەڵک لە لایەکی دیکە!



**عومەر باڵەکی**

٢٤ی جۆزەردانی ئەوساڵ هاوکات بوو لەگەڵ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرکۆمارو شووڕاکانی شارو دێ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاکاتی نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا. هەڵبژێران‌و هەڵبژاردن مافی هەر تاکێکی کۆمەڵگایەو لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ وەک ئەسڵێکی بنەڕەتی بۆ پاراستنی دێمۆکڕاسی جەختی لەسەر کراوە. لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە هەڵبژاردنی تێدا بەڕێوە دەچێ بە پێی یاسا مەرجی بەشداربوون لە هەڵبژاردن دیاری کراوەو هەر تاکێک کە ئەو مەرجانەی تێدا بێ کە یاسا دەست نیشانی کردوە دەتوانێ بەشدار بێ لە پڕۆسەی هەڵبژاردن.

پڕۆسەی هەڵبژاردن لە ئێران‌دا چ لە سەردەمی پاشایەتی‌و چ لە سەردەمی نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا هەموو کات بە سەقەتی‌و ناتەواوی بەڕێوەچووەو هەموو کات دەسەڵات لەمپەری خستۆتە بەردەم هەڵبژاردن‌و ویستوویەتی هەڵبژاردن بەو ئاقارەدا بەرێ کە خۆی مەبەستێتی. بەڵام هەڵبژاردنی ئەوجار لە دوو ڕوانگەوە جێ سەرنج‌و تێڕامانە.

یەکەم: ئەو هەڵبژاردنە لە هەل‌و مەرجێک‌دا بەڕێوەدەچێ کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ماوەی چەند ساڵێکە شاهیدی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتدارانە بەهۆی خەڵکە وەزاڵە هاتووەکانی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی وەک "توونس، لیبی، میسر، یەمەن‌و سووریە...."، کە بێ‌شک ئەو ئاڵوگۆڕانە کاریگەریان هەیە لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی تاکەکان لە ئێران‌دا.

دووەم: نیزامی دەسەڵاتدار بەسەر ئێران‌دا لە بەربەرەکانی دایە لەگەڵ دونیای ڕۆژئاوا لەسەر پیتاندنی ئۆرانیۆم‌و دەست ڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی‌و لەهەمان کات‌دا لە ژێر فشاری ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ دایە بەهۆی لەژێر پێ نانی مافی مرۆڤ‌و ئەوانە بوونەتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ زیاتر تەریک کەوتنەوەی ئێران لە کۆڕو کۆمەڵی نێودەوڵەتی‌و بەچەندین بڕیاری نێودەوڵەتی بۆ سزادانی ئێران ڕەچاو کراون کە بەرچاوترینیان ئابلۆقی ئابووری‌یە کە تەواوی ڕایلکەی ئابووری ئێرانی گرتۆتەوەو ئەو ئابلۆقە ئابووریانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەر ژیان‌و گوزەرانی خەڵک. هەروەکی پێشتر باس کرا لەو دوو ڕوانگەیەوە هەڵبژاردنی 24ی جۆزەردان لە ڕوانگەی چاودێرانی سیاسی‌یەوە گرینگی خۆی هەیە کە دەسەڵات بە تایبەتی وەلی فەقیهـ چۆن دەڕوانێتە ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵبژاردنەو ئایا هەر بە پێوەدانگی پێشوو عەمەل دەکا؟ یا بە تێڕوانین بە وەزعییەتی راستەقینەی ئێرانو ئەزموونی نارەزایەتییەکانی ساڵی 88 بە شێوەیەکی دیکە عەمەل دەکاو لە هەمان کاتدا خەڵکانی ئێران لەو فورسەتە هەرچەند بەرتەسکیش بێ چۆن کەڵک وەردەگرن.

هەر کاتێک لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا باسێک لە هەڵبژاردن هاتبێتە ئاراوە تەردەست بیر لەوە کراوەتەوە کە چ پێویست بە هەڵبژاردن دەکا، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە فێڵو تەڵەکە کێیان پێ باش بووە سەریان لە سندووقی دەنگدان هێناتەوە دەرێ. هەروەکی دیتمان لەساڵی 1388 لە هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی سەرکۆماریدا چۆن دەنگی خەڵکیان دزیو تەنانەت کاتێک خەڵکی نارازی رژانە سەر شەقامەکانو داوای دەنگەکانی خۆیان دەکردەوە زۆر بە توندی سەرکوت کرانو لێیان کوژراو زیندانی کرا، بەڵام ئەوجار دیتمان لە رۆژی دوای هەڵبژاردنو راگەیاندنی دەنگەکان هیچ جۆرە نارەزایەتییەکی گشتی دروست نەبوو و لە کەشێکی ئارامدا راگەیەندرا کە حەسەن رووحانی دەنگی زۆرینەی دەنگ دەرانی بەدەست هێناوەو بۆتە سەرکۆماری نیزامی کۆماری ئیسلامی. هەروەکی پێشتر باس کرا ئایا هەلومەرجی ناوچەکەو ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتداران یا ئابلۆقەی ئابووریو تەریک کەوتنەوەی ئێران لە کۆڕو کۆمەڵی نێودەوڵەتی کاریگەری هەبووە لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی؟!

چونکە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن ئەوجار جیاوازییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ هەڵبژاردنی ساڵی 1388 و ئەو جیاوازییە پرسیاری لای چاودێرانی سیاسی دروست کردوە کە چ هۆکارێک بۆتە هۆی دروست بوونی ئەو جیاوازییە؟ چونکە نە دەسەڵاتی رێبەر گۆڕاوەو نە یاساو رێساکانی کۆماری ئیسلامی. ئایا ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەرە ئەوە هەنگاو دەنێ کە رێز لە ئیرادەی خەڵک بکرێ؟




ئەگەر وابێ دەبێ پێش لەهەر شتێک یاسای بنەڕەتی ئێران ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی تێدا بکرێو پایەو بناخەی ئیدارەکردنی وڵات دەنگو ئیرادەی خەڵک بێ، بەڵام ئەگەر وابێ ئەوە نیزامی کۆماری ئیسلامی بە مانای ئێستای نامێنێ. بەڵام دەکرێ پرسیاری دیکە بێنینە ئاراوە بۆ ئەوە جیاوازی هەڵبژاردنی ساڵی 88 و 92مان بۆ دەرکەوێ. ئایا ترس لە ئەزموونی نارەزایەتییەکانی ساڵی 88 کە لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بێوێنە بوو؟ یا گەمارۆ ئابووریەکانی دونیای رۆژئاوا وای لە دەسەڵاتداران کرد لە بەرامبەر دەنگی خەڵکدا بێدەنگو رازی بن بەوە کە خەڵک چۆنو کێ هەڵدەبژێرێ؟ دیارە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە مەبەست ئەوە نییە بگوترێ کە هەڵبژاردنی ئەوجار زۆر دێمۆکڕاتیک بووەو خەڵک کاندیدای دڵخوازی خۆیان هەڵبژاردوە، بەڵکوو مەبەست ئەوە کە هەموو لێکدانەوەکان سەلمێنەری ئەوەن کە حەسەن رووحانی لە نێوان پێنج کەسەکەیتردا کاندیدای دڵخوازی رێبەرو دەسەڵات نیە، چونکە ئەو پێنج کەسەیتر بە جۆرێک لە جۆرەکان زیاتر لە رێبەر نزیکتر بوون، بەڵام دیتمان هەر پێنج کەسیان بە دەنگی زۆر کەمو جیاوازییەکی یەک جار زۆر لەگەڵ رووحانی هەڵبژاردنیان دۆڕاندو لە مەیدانەکەدا سەرنەکەوتنو دەسەڵاتیش نەک نارازی نەبوو، بەڵکوو بەسەرکەوتنی گەورەشی لە قەڵەم دا.

بۆ ئەوەی زیاتر روون بینەوەو بزانین قەیرانە ئابووریو





سیاسییەکان چەند کاریگەریان هەبووە لەسەر بڕیاردانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیو بەتایبەتی رێبەر. پێویستە ئاوڕێک لە قسەکانی خامنەیی لە ساڵەکانی 90 و 91 و 92دا بدەینەوە کە سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرکۆماری کردوویەتی.

خامنەیی لە خەرمانانی 1390دا گوتی: هەڵبژاردن بۆتە گرفتێکی گەورە بۆ ئەمنیەتی وڵاتو ئەو وەزعە نابێ درێژە بکێشێو تەنانەت لە رەزبەری هەر ئەو ساڵەدا گوتی: دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە پێکهاتەی سیاسی وڵات بگۆڕدرێ لە سەرۆکایەتیڕا بکرێ بە پارڵمانی، هەرچەند ئەو بیرۆکەیە پیادە نەکرا، بەڵام هێنانە بەرباسی دەتوانرێ بەو مانایە بێ کە سەرکۆمار یان سەرۆکی دەزگای ئیجرایی دەوڵەت لە لایەن پارڵمانەوە دەست نیشان دەکرێو ئەوکات هەڵبژاردنی سەرکۆماری نامێنێو ئەگەر نەشما ئیدی خەڵک وەک ساڵی 1388ی هەتاوی داوای دەنگەکانی خۆی ناکاتەوە.

خامنەیی لە مانگی بەفرانباری 1391دا بە دڵ نیگەرانی رووی قسەی لە هێندێک لە بەرپرسانی نیزامی کۆماری ئیسلامی کرد کە باسیان لە ئازادیو سلامەتی هەڵبژاردنی ساڵی 92 دەکردو گوتی: ”ئەو جۆرە لێدوانو ئاخاوتنە ئێعتوباری نیزامی کۆماری ئیسلامی دێنێتە ژێر پریسار“. هەر لە درێژەی ئەو ترسو نیگەرانیانەی کە رێبەری کۆماری ئیسلامی لە هەڵبژاردنی ئەو جار هەیبوو لە دوو سێ مانگ پێش هەڵبژاردن بە شێوەی جۆراوجۆرو لە هەلومەرجی جیاوازدا پێنج جار رایگەیاند کە لەو هەڵبژاردنەدا بێلایەنەو بە رەستەی وەک ”من تەنیا خاوەنی یەک دەنگم“، ”هیچ گرفتێک نابینم دەنگی برایانی سپا لەگەڵ دەنگی رێبەر جیاواز بێ“، و تەنانەت رۆژێک پێش هەڵبژاردن بانگهێشتی نارازیانی کۆماری ئیسلامی کردو گوتی: ”تەنانەت ئەوانەی نیزامی کۆماری ئیسلامیان قەبووڵ نیە بۆ پاراستی وڵات پێویستە بێنە سەر سندووقەکانی دەنگدانو دەنگ بدەن“.

تەواوی ئەوانە سەلمێنەری ئەو راستییەن کە حکوومەتو دەسەڵاتدارانی ئێران بە تایبەتی رێبەر بە خوێندنەوەیەکی کە لە وەزعی دەسەڵاتداریەتی خۆیانو هەلو مەرجی ناوچەکە کردوویانە و تێڕوانینی رۆژئاواو ئەورووپاو کاریگەری توندبوونی پشتێنەی ئابلۆقەی ئابووریو نیازو پێداویستییەکانی خەڵک، بە تەواوی نیگەران بوون کە پڕۆسەی هەڵبژاردن لە دەستیان دەربچێو ببێتە مایەی تەقینەوەی نارەزایەتی خەڵکو دەبوایە بە جۆرێک لە جۆرەکان نەهێڵن ئەو نارەزایەتیانە سەرهەڵ بدەن، هەربۆیە لە کەرەسە یاسایەکانی کە بۆ سەرکوتی دەنگی خەڵک بە دەستیانەوە بوو کەڵکیان وەرنەگرتو ئیزنیان بە خەڵک دا لە نێوان ئەو چەند پاڵێوراوەدا کەسێک بە مەیلی خۆیان هەڵبژێرنو، لە لایەکی دیکەوە خەڵک ئەو هەڵبژاردنەیان بە دەرفەتێک هەر چەند کەمیش بێ قۆستەوە بۆ ئەوە بە نیزامی حاکم بەسەر ئێراندا بڵێن کە خەڵک لەو نیزامە نارازییەو ماندوویەو ئەوە دەرفەتێکە بۆ نیزام کە خۆی لە گەڵ ویستو داخوازی خەڵک بگونجێنیو ئەگەر وا نەڕوا کە خەڵک چاوەڕوانی هەیە ئەو یەکگرتوویییەی خەڵک بە رووی نیزامو کاربەدەستانیدا دەتەقێتەوە.

**ئەو هەڵبژاردنە لە هەلو مەرجێکدا بەڕێوەدەچێ کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ماوەی چەند ساڵێکە شاهیدی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتدارانە بەهۆی خەڵکە وەزاڵەهاتووەکانی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی وەک ”توونس، لیبی، میسر، یەمەنو سووریە....“، کە بێشک ئەو ئاڵوگۆڕانە کاریگەریان هەیە لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی تاکەکان لە ئێراندا.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# هاتو هاواری «هەڵبژاردن» و هەڵوێستی کورد

هەیاس کاردۆ

ئەمڕۆژانە دیسان ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆتە مەیدانی خۆنواندنو وا نیشان دەدرێ دەرگای هەڵبژاردنێکی ئازاد بۆ هاووڵاتییان کراوەتەوە. هەرچەند دانیشتووانی ئێرانو بە تایبەت گەلانی غەیرە فارس هیچ باوەڕێکیان بەو تەبلیغاتە نییە کە باسی هەڵبژاردن بە مانای دروستی خۆی دەکا، بەڵام بەهۆی جۆراوجۆر ناچارن بەشداری تێدا بکەنو بە دەنگی خۆیان کەسێک بکەنە کوێخای چوار ساڵەیان. بۆیەش باسی کوێخا دەکەم، چونکە لە سەرەوەی ئەو کەسەی ناوی سەرکۆماری بۆ دیاری کراوە ئاغایەک هەیە کە هەموو ڕێو شوێنێکی ئەو وڵاتەی دیاری دەکا.

دەکرێ لانیکەم لە سێ ڕوانگەوە باسی ئەو شانۆگەرییە بکرێو بە پێی پێڕەوی لە یەکێک لەو ڕوانگانە هەڵوێستی لەبەرامبەردا بگیرێ:

یەکەم، ڕوانگەی نێوخۆیی ڕێژیمو ئەو بۆچوونەیە کە بەپێی قانوونی داڕێـژراوی کۆماری ئیسلامی هەر چوار ساڵ جارێک دەبێ هەڵبژاردن بکرێو کەسێک ڕۆڵی سەرکۆمار بگێڕێ. ئەو ڕوانگەیە دیارە لە باوەڕە گشتییەکەدا یەک هەڵوێستە، بەڵام بۆ دیاری کردنی کەسەکان بۆچوونی جیاوازی دەنێو دا هەیە. بۆ نموونە هەر بنیاتە دەسەڵات بەدەستەکانی کۆماری ئیسلامی لەنێو سەدان کەسدا تەنیا ژمارەی هەشت کەسیان هێشتەوە کە دەتوانن وەک کاندیدای "سەرکۆماری" بکەونە کێبەرکێ. باقیی خەڵکەکەی دیکە هەرچەند بەشی هەرە زۆریان هەمان ڕوانگەو بۆچوونی دەسەڵاتدارانیان هەبوو، بەڵام هەرکام بەهۆی تایبەت ڕەت کرانەوە. کەوابوو ڕەقابەت لەنێو کەسانی دەرچووی شووڕای نیگابان بەو مانایە نییە کەسانێک لەوانە ڕوانگەی جیاوازیان هەیەو دەیانەوێ ئاڵوگۆڕێکی گرینگ لەم وڵاتەدا پێک بێنن.

دووهەم، ڕوانگەی ئەو کەسو لایەنانەی دەرەوەی دەسەڵاتە کە لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ناهومێد بوونو هاتوونە سەر ئەو باوەڕە لە نێوخۆی ڕێژیمدا چاکسازی بکرێو دەرگای ئازادییە مەدەنییەکان بکرێتەوە. لە ڕوانگەی ئەو دەستەیەوە هەر کەس لەو کاندیدایانە چووکە ئاماژەیەک بە کرانەوەی ئەو دەرگایە بکا پێویستە خەڵک وەدووی کەوێو دەنگی بداتێ بۆ ئەوەی پێگەی قایمتر بێ. هەرچەند ئەو توێژە لە خەڵکی جۆراوجۆرو بە بیروڕای زۆر لێک جیاوازەوە پێک هاتوون، بەڵام هەموویان لەو هەڵویستەدا یەکیان گرتوە کە پێویستە لە نێوخۆی ڕێژیمدا چاکسازی بکرێو ئازادییە مەدەنییەکان دابین بکرێن. لایەنگرانی ئەو ڕوانگەیەش زیاتر لەنێو نەتەوەی دەسەڵات بەدەستی فارسدا دەبینرێن کە ناوەند گەرانو هیچ باوەڕێکیان بە دابەش بوونی دەسەڵات نییە.

سێهەم، ڕوانگەی خەڵکی بە تەواوی ناڕازیو وەزاڵە هاتووی ئێرانە کە زیاتر خۆی لەنێو گەلانی بێبەشدا دەبینێتەوە کە هەر لە بناخەدا هیچ باوەڕێکی بە گۆڕانکاری لەنێو ئەو نیزامەدا نییە جگە لە ڕووخانی. ئەو ڕوانگەیە هیچ جیاوازییەک لە نێوان کاندیداکاندا ناکاو بۆی گرینگ نییە کامیان چ دەڵێو چۆن بیر دەکاتەوە، چونکە لە ئەساسدا نە هیچی لەدەست دێو نە هیچ باوەڕێکیشی بە گۆڕان هەیە. ئەو توێژە کە ژمارەیان یەکجار زۆرە بەداخەوە چون سازماندراو و خاوەن بەرنامەی دیاری کراو نین هەتا ئێستا نەیان توانیوە بە نەدانی دەنگی خۆیان کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی وەخەبەر بێنن. بە واتایەکی دیکە نەدانی دەنگ لە شانۆی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێراندا هەتا ئێستا نەبۆتە کەرەسەی خەباتێکی توندو تۆڵی بەرنامە بۆ داڕێـژراوی نەپساوە کە بتوانێ پاشەکشە بە ڕێژیم بکا. بۆیەش دوای هەر هەڵبژاردنێک سەری ئەو کۆمەڵە خەڵکە کە دەنگ نادەن بێ کڵاو دەمێنێتەوەو دەکەونە نێو بۆشاییەکی بێ چارەنووس.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی سەرەوە، ئێستا با چاوێک لە بە ناو هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرکۆماری بکەینو بزانین کێ دەبێ دەنگ بداو بە کێی بدا. هەروەک باسم کرد ڕوانگەی سێهەم هیچ باوەڕێکی بە گۆڕانکاری نییەو خۆی بە مەسەلەی دەنگدانەوە ماندوو ناکا. ڕوانگەی دووهەمیش کە هیچ نوێنەرێکی لەنێو کاندیداتۆڕەکاندا نییەو کەس هەتا ئێستا هیچ ئاماژەیەکی بە کرانەوەی ئەو دەربیجانە نەکردوە ئەو توێژە چاوەڕوانی دەکەن. کەوابوو بە پێی ئوسوول ئەو ڕوانگەیەش نابێ دەنگ بدا، چونکە دەنگ بەهەر کەس بدا کڵاوی لە سەری خۆی ناوە. تەنیا لایەنگرانی ڕوانگەی یەکەم دەمێننەوە کە سەر بە خودی دەسەڵاتنو هەڵقوڵاوی ئەم ڕێژیمەن کە دەیانەوێ درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن.

هەرچەند بە گشتی ڕوانگەی خەڵکی کوردستان لەنێو ئەو سێ خاڵەدا کە باسم کرد دەکەوێتە نێو ڕوانگەی سێهەم کە خوازیاری ڕووخانی ئەو ڕێژیمە لە تەواوەتیی خۆی دایە، بەو حاڵەش بەداخەوە کورد لەو بوارەشدا هەتا ئێستا یەکگرتوویی خۆی نیشان نەداوەو وا نەجووڵاوەتەوە کە هەموو لایەک لە مەوزەعی سەرسەختانەی تێبگەن. لە نێوخۆی ئێران ژمارەیەک بە ناوی جۆراوجۆر ئەو بۆچوونە بڵاو دەکەنەوە هیچ ڕێگایەکی دیکە جگە لە دەنگدان نییەو کورد ئەگەر ئەوەی نەکا لە هەموو شتێک بێبەش دەبێ، هەروا بزانە کورد هەموو شتێکی دەست کەوتوەو بە نەدانی دەنگ لە دەستی دەدا. بەداخەوە هەڵکەوتەی جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو دابەش بوونی بەسەر مەزهەبی جیاوازو زاراوەو فکری جیاوازدا وای کردوە کۆدەنگیی خۆی وەگیر نەخا کە ئاکامەکەی قازانجی کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتۆتەوە. هەرچی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی دەرەوەشن هەرچەند لەمێژ ساڵە دروشمی ڕووخانی کۆماری ئیسلامییان هەڵگرتوەو تەنانەت لەو ڕێگایەدا خوێنی زۆریشیان داوە، بەڵام هەتا ئێستاش نە خۆیان وا ڕێک خستووە کە ببنە هێزێکی کارامەو نە تەنانەت هەڵوێستیی یەکجاریی خۆیان سەبارەت بەو جۆرە هەڵبژاردنانە ساغ کردۆتەوە. ئەوان هەر چوار ساڵ جارێک سەر لەنوێ بە هەڵویستی خۆیان لەو بارەوەدا دەچنەوەو بۆ هەر دەورەیەی نوسخەیەک دەپێچنەوە کە بە کردەوە هیچ کام لەو نوسخانە هیچ قازانجێکی بۆ کورد تێدا نەبووە.

بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە وادیارە ڕێژیم کارهاسانی زیاتری کردوەو کەسی وای نەهێشتۆتەوە ئۆپۆزیسیۆنی کورد دڵی پێ خۆش بکا. بۆیە کوردیش دەبێ کارهاسانی بۆ ڕێژیم بکاو بە پانەوە دەنگی "نا"ی خۆی بەرز کاتەوە. جگە لەوە هەر ڕێگایەکی دیکە بگرێتە بەر سەر لێشێواویو نایەکگرتوویی زیاتری لێ بەدی دەکرێو قازانجەکەی بۆ دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە.

> **بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە وادیارە ڕێژیم کارهاسانی زیاتری کردوەو کەسی وای نەهێشتۆتەوە ئۆپۆزیسیۆنی کورد دڵی پێ خۆش بکا. بۆیە کوردیش دەبێ کارهاسانی بۆ ڕێژیم بکاو بە پانەوە دەنگی "نا"ی خۆی بەرز کاتەوە.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پرسی یازدەهەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێراندا

## وتوویژی گۆڤاری لاوان لەگەڵ بەڕێز کاک حوسێن مەدەنی سیاسەتمەداری دێرین و بەتواناو لێهاتووی گەلەکەمان

دیمانە: مەنسوور سەممار

**ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی یازدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و چوارەمین دەور لە هەڵبژاردنی شووڕاکانی شارو دێ لە ئێراندا بەڕێوەدەچێ کە ٦٨٨ کەس خۆیان بۆ ئەم پۆستە ناونووسی کردو لە کۆتاییدا لە لایەن شووڕای نیگابانەوە تەنیا هەشت کەس(سعید جلیلی، غلامعلی حدادعادل، محسن رضایی، حسن روحانی، محمدرضا عارف، محمد غرضی، محمدباقر قالیباف، علی‌اکبر ولایتی) لە لایەن شووڕای نیگابانەوە تەئید کران.**

**بە گشتی هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا بۆ هەموو لایەنە نێوخۆیی و دەرەکی‌یەکان جێی لێوردبوونەوەن. بۆ ئەم مەبەستە کە داخۆ کێ دەبێتە سەرکۆمارو داهاتووی ئێران چی لێ دێتەوە، سەردانی بەڕێز کاک حوسین مەدەنی سیاسەتمەداری دێرین و بەتواناو لێهاتووی گەلەکەمان کردو ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ پێک هێنا(دیارە هەروەک ئاماژەی پێ کرا ئەم چاوپێکەوتنە بەر لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئەنجام دراوە).**



**پرسیار: ئایا کاریگەری‌یەکانی بەهاری عەرەبی و وەڵاتانی دەوروبەر لەسەر ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کۆماری ئیسلامی کێشە خوڵقێن بووەو کاریگەری لەسەر پرسی هەڵبژاردنەکان داناوە؟**

وەڵام: بێگومان دنیای ئەوڕۆکانە دنیای گلۆباڵە، جیهانی‌یە یانی هەر ڕەوتێکی لە دنیاو بەتایبەتی لە ناوچەی ڕوژهەڵاتی ناوەڕاستڕا کە ڕوودەداو دێتە پێشێ ئەوە کارتێکردنی لەسەر مەجموعی وڵاتانی دیکەش‌دا هەیە. بەتایبەتی بەهاری عەرەبی کە تەقریبەن ٢٣ وڵاتی عەرەبی داگرتووەو لە باکووری ئافریقا هەتا بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داگرتۆتەوە تا بارودۆخێکی راستەوخۆی سیاسی، قەومی، ئایینی و لەسەر مەسەلەی بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی داناوە. شتێکی زۆر تەبیعی‌یە کاتێک باس لە بەهاری عەرەبی دەکرێ، لە بەهاری عەرەبی‌دا ئەگەر ئێمە دەبینین تا ئێستاش دەوڵەتەکان بە تەواوی جێگیر نەبوون، بەڵام ئەوە شتێکی روون و ئاشکرایە کە ڕووخانی دیکتاتۆڕەکان لە باکووری ئافریقایەڕا کاتێک دەستی پێکرد هەموو وڵاتانی دەوروبەری خۆی خستۆتە ژێر کاریگەری و وڵاتانی گەورەی وەک میسری گرتەوە کە وەک دەبینین ئەو ئاڵوگۆڕە زۆر گرینگە بەتەواو مانا ناوچەکەی شڵەقاندوە، بوومەلەرزەیەکی بەهێز بوو کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستڕا تەقیەوە یانی مەرگی دیکتاتۆڕەکان دەبینین، ئەوە بۆخۆی شتێکی یەک جار زور گرینگە، بەڵام ئەو پڕۆسەیە وەختێکی بیهەوێ دیکتاتۆڕێک بڕووخێ و نیزامێکی ئازادو دێمۆکڕاتیک بیهەوێ بێتە سەر کار ئەوە زەمانی دەوێ، ئەوە هەروا ئاسان نیە بە نەمانی دیکتاتۆڕێک پێمان وابێ دەست بەجێ ئازادی و دێمۆکڕاسی و نیزامێکی دێمۆکڕاتیک حاکم دەبێ. ئەو پڕۆسەیە زەمانی دەوێ، ڕەوتی دەوێ و دەبێ وردە وردە کۆمەڵگا بەرەو پێشکەوتن بڕوا، دەرکی ئازادی و دێمۆکڕاسی بکاو لە ماناو مەفهوومی ئەوانە حاڵی بێ. کەسانێک کە جیهان بینی‌یەکەی وەسیع بێ کە بتوانێ ئاکامی ئەم ئاڵوگۆڕانە کە دابین کردنی ئازادی و دێمۆکڕاسی‌یە تەواو تێی‌دا جێگیر بێ، بەڵام بێگومان ئەو ڕەوتە هەر درێژەی دەبێ و ئێرانیش دوور لەو شتە نیە ئەگەر بەو واقعیەتەوە چاوی لێبکەین بەهاری عەرەبی هەموو وڵاتانی عەرەبی گرتەوە ئیللا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌دا بڵێین ئێران و تورکیا مابوونەوە تۆ تەماشا کە تەنانەت تورکیەشی داگرت، تورکیە تەنیا وڵاتێکە لەڕاستی‌دا لە باری ئابووری‌یەوە زۆر زۆر پێشکەوتووە، بەڵام نیزامەکەی نیزامێکی ئیسلامی سیاسی‌یە، لەوێ‌دا ئەو ئیسلامە سیاسی‌یەش بۆخۆی موشکیلاتی خۆی هەیە. ئەو وڵاتانەی ئیسلامیین بۆ خۆیان ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامیان هەیە، لەڕاستی‌دا ئیسلامی سیاسی‌یان کردۆتە ڕێبازی سیاسی خۆیان ئەوە بۆخۆی ئیشکالی هەیەو بە مانای ئەو وڵاتەی ئازادی و دێمۆکڕاسی هەیە لە دژی وڵاتی خۆیان پیادەی دەکەن ئەوە نیە هەروەک دەبینین تورکیا وڵاتێکی گەورەیەو یەکێکە لە نۆزدەهەمین وڵاتی پیشەسازی و سەنعەتی‌یە لە ئورووپا، بەڵام دەبینین لەوێ کێشە هەیەو خەڵکی ناڕازی لە شارە گەورەکانی تورکیەدا لە دژی ئیسلامی سیاسی ڕاست بوونەوە، تەماشا بکە ئەوە هەر کاریگەری بەهاری عەرەبی‌یە هەر دەخولێتەوە باروبنەی لە وڵاتێک‌دا بەعەرزی دادەدا، بێگومان لە ئێرانیش ئەو شتە دێتە پێش و روو دەداو بێگومان ناتوانێ خۆی بدزێتەوەو ناتوانێ حاشا لەوەی بکا بڵێ چونکە من وڵاتەکەم ئیسلامی‌یەو خوێندنەوەی تایبەتم لەسەر ئیسلام هەیە ئەو کێشەیە بەوە چارەسەر نابێ ئەو ڕەوتە ڕەوتێکی جیهانی‌یەو دەبێ بەرەوپێش بڕوا.

**پرسیار: جیاوازی روانگەی سەرکۆماری ئەحمەدی‌نژاد لەگەڵ دەورەکانی پێشوو واتە خاتەمی و ڕەفسنجانی لەچی دابوو؟ پێتان وایە جیاوازی‌یەکی ئەوتۆ هەیە؟ یا نەخێر؟ هیچ جۆرە جیاوازی‌یەکی ئەوتۆ نییە، بەڵکوو ئەوە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و ناوچەکە ئەو جۆرە جیاوازی‌یە بەرچاوەی بۆ پێک هێناوە؟**

وەڵام: تەماشا بکە ئەوان روانگەکانیان پێکەوە جیاوازیان هەیە، راستە بە قەولێ ئەگەر بڵێین ئەو سەرۆک کۆمارانە هەر سێکیان لە نیزامی ویلایەتی فەقیهـ دا پەروەردە کراون و وەفادار بە نیزامی جمهوری ئیسلامی، نیزامی ویلایەتی فەقیهن، بەڵام ئەوانە شێوەی خوێندنەوەو فکر کردنەوەشیان وەک خەڵک نیە کە ئەحمەدی‌نژاد ئینسانێکی زۆر عەوام فەریبە یان عەوام گەرایانە قسە دەکا بۆ چینێکی نائاگا، دەی هەوێ ئەوان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، ئیمتیازاتێکی ئابووری وەک یارانەو ئەو شتانەیان دەداتێ دەی هەوێ لەڕاستی‌دا ئەو خەڵکە نائاگایەی کە لە ئێران‌دا هەیە بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، لەڕاستی‌دا عەوام فەریبی ئەحمەدی‌نژاد

> **بە بڕوای من جەوانی ئێستا ڕووناکبیرن. ئێوە کە لە ڕەئسی یەکیەتیی لاوان دان، ئومێدم هەیە بەو بەرپرسایەتی‌یەی کە ڕێبەرایەتی یەکیەتیی لاوان هەیەتی دەتوانێ هەنگاوی ئێجگار موسبەت هەڵگرێ و لەو حاڵەتە فۆڕماسیۆنە عەینی‌یە بیهێنێتە دەرێ.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەهاری عەرەبی کە تەقریبەن ٢٣ وڵاتی عەرەبی داگرتووەو لە باکووری ئافریقا هەتا بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داگرتۆتەوە تا بارودۆخێکی راستەوخۆی سیاسی، قەومی، ئایینیو لەسەر مەسەلەی بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو بەتایبەتی کۆماری ئسلامی داناوە.**

لەوپەڕی خۆی دایە، بەڵام ئەوەی خاتەمی بڵێین شتێکی دیکە بوو، خاتەمی ئینسانێکی ڕووناکبیر بوو، باسی لەسەر جیهانی دیالۆگو بڵێین شارستانیەتی جیهانی دەکردو زۆر زۆر گرینگ بووە یانی دیالۆگی بۆ تەمەدونەکان هێنایە گۆڕێ، باسێکی گرینگی لە ئێراندا دەست پێکردو پیادەی کرد، نەختێک ئازادی سیاسی هەبوو، ئازادی مەتبوعاتی هەبوو، ئەو مقدار ڕۆژنامانەی بڵاو دەبوونەوە ئەو نووسراوانەی بە قەول بڵاو دەبوونەوە کاریگەرییەکی یەکجار زۆریان لەسەر خەڵکدا هەبوو یانی کەشێکی کراوەی سیاسی بە نیسبەت رابردوودا کرابۆوەو ئەو هەموو خەڵکە ئێستاش ئینسانهایەکی ڕووناکبیرن ئاوات بۆ دەورانی خاتەمی دەخوازن کە لە ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا بۆ یەکەم جار کەشێکی کراوەی سیاسی کردبۆوە کە خەڵک بتوانن بیروڕای خۆی دەربڕێ، ئەو سەردەمە قابیلی قیاس لەگەڵ سەردەمی ئەحمەدینژاد نەبوو. رەفسەنجانی مەقوولەیەکی دیکەیە، یەکێک لە مۆرە ئەسڵیەکانە، یەکێک لە دامەزرێنەرانی نیزامی ویلایەتی فقیهـ بوو یانی ئینسانیکی زۆر زیرەکو بە تەجروبەشە بۆیە خوێندنەوەی ئەو شتێکی دیکە بوو ئەو دەی هەوێ هەر لە قودرەتدا بمێنێتەوەو لەڕاستیدا یەکێک لە مەبانی تەقوییەتی نیزامی ویلایەتی فەقیهی خودی ئاغای رەفسەنجانی بوو کە تەماشای کرد وردە وردە ئەو وەلی فەقیهیو ئاغای خامنەیی بۆ خۆی کە یەکێک لەو کەسانە بوو موعەڕەفی کردوە وەک ڕێبەری جمهوری ئیسلامی ناساندوە، تەماشای کرد لەوێ ئێختیلافی نەزەری لەگەڵ لێ پەیدا دەبێو وردە وردە خامنەیی لێی وەردەگەڕێو هەر ڕۆژە ئێختیلافی نەزەرەی لەگەڵ خامنەیی پەیدا دەکاو ئەو فاسڵە گرتنە خودی ئاغای خامنەیی متوەجێهی دەبێ کە لەم دواییانەدا دەی هەوێ دەسەڵاتی لێ کەم بکاتەوە. رەفسنجانی جۆرێکی قسە دەکرد وەک ئیسلاحتەڵەبەکان بیریان دەکردەوەو قسەیان دەکرد، رەخنەی لە توندڕەوەکان دەگرت کە ئەوانە فەزای سیاسی ئێران دەیان هەوێ بەربەست بکەن، باسیان لەسەر حقووقی ژن دەکرد، باسیان لەسەر نەشریاتو ڕۆژنامە دەکرد، باسیان لەسەر نەزەری خەڵک دەکرد بە تایبەتی مەسائیلی ئابووری زۆر زۆر گرینگ بوو رەفسنجانی زۆر زۆر ئاماژەی پێدەکرد بەو مەسەلەیە، لەڕاستیدا ئەحمەدینژاد هیچ یەک لەو کارانەی نەکرد ئیللا یەک شت نەبێ قەیرانێکی زۆر قووڵی لە پاش خۆی بەجێ هێشت، قەیرانێکی ئابووری بوو، قەیرانێکی سیاسی ناوچەیی کردە قەیرانێکی جیهانی. ئەو زەلکاوەی کە ئێران تووشی بووە هەمووی پاشماوەی ئەو سیاسەتە توندڕەوە غەڵەتانەی خودی ئاغای ئەحمەدینژاد بوو کە ئەلحانەکانێش بۆ ئێران بە میرات ماوەتەوە.

**پرسیار: راتان لەسەر مەسەلەی یارانەکان دوای ئەم خولەی سەرکۆماری چییە؟ بە مانەوەی یارانەکان چی روو دەدا، نەمانیان چ کاریگەرییەکی دەبێ؟**

وەڵام: تەماشا بکەن ئەو یارانەیە لە ئەسڵدا هەر ئەوە نیە یەعنی ئەوە نەوعێک بەدئامووزییە، یارانە نەوعێک خێر پێکردنە با بڵێین یانی دەیهەوەێ ئەحمەدینژاد کە کەسێکی عەوام فەریب بووەو عەوام گەرایە بە پێشکەش کردنی ئەو یارانەیە پووڵی نەوتی میللەتە پیاوەتی لەسەر دەکاو دەی داتەوە بە خەڵکیو خەڵکی بۆ لای خۆی راکێشێ، ئەوە شتێکی دروست نیە، ئەوە لە باری زانستی ئابوورییەوە شتێکی غەڵەتە، ئەو یارانەیە راستە بە قەولێک ئێستا توانیویەتی توودەیەکی لە خەڵکی بە تایبەتی لە دێهاتو لە بەشێک لە شارەکان بۆ لای خۆی رابکێشی ئەوە نابێتە شتو ئەوە شتێکی سالم نیە مولاحەزە دەفەرمووی ڕێگای ئێران ئەوە نیە کە بڵێن ئەگەر ئەو یارانەیە موشکلەی حەل ناکات وختێک بەدئامووزی پەیدا بووە هەموو کەس حەقی خۆیەتی لە حەقی خۆشت منداڵی هەر یەکەی پەنجا هەزار وەردەگری پۆلێکی زۆری لە بن سەری دادەنێی بێ ئەوەی زحمەتی پێوە کێشابێ رەنگە باعیسی ناڕەزایەتی ببێ، بەڵام ئەو ناڕەزایەتییە نییە ئەوە شتێکی ناسالمە. ئێران وڵاتێکی زۆر دەوڵەمەندە ئێحتیاجی بەوەی نیە کە دەبێ ئابوورییەکەی ئەوەندە بەهێز بکا باعیسی لەنێوچوونی فەقرو باعیسی لەنێوچوونی بێکاریە کە ببێو دەبێ ئابوورییەکی بەهێزی هەبێ کە خەڵکی پێ بحەسێنێتەوە هەم کار بکا و هەم ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ خەڵک دابین بکا یارانە بەختەوەری دابین ناکا تەنبەڵیو تەوەزەلی دابین دەکا.

**پرسیار: راتان لە سەر فیلتێری شووڕای نیگابان چییە؟ بە تایبەت هاشمی رەفسەنجانی کە وەک یەکێک لە مۆرە سەرەکییەکانی ئەم ڕێژیمە ڕەددی سەڵاحییەت کرا، هۆکاری چ بوو؟**

وەڵام: تەماشا بکە سەرەتای دەست پێ کردنی هەڵبژاردن کە بە ناساندنی کاندیداکانو شووڕای نیگابان هاتە گۆڕێ، شووڕای نیگابان خوڵقێنەرێکی گشتی ئەو قەیرانانە بوو کە جمهوری ئیسلامی تووشی قەیران کردەوە واقعیەتەکە وایە ئەحمەدینژاد قەیرانی خوڵقاند کە هەم جیهانو هەم ناوچەکەی گرتەوە، ئەو قەیرانانە لە نێوخۆی وڵاتدا زیاد کردوە مولاحەزە دەفەرمووی دووبەرەیە ئەگەر حیسابیان بکەین کەمو زۆریان ئوسولگەرا یان ئیسلاحتەڵەبن بەو شێوەیەی نیە بە هەر سوورەت مەسەلەکە ئێستا وای لێهاتووە کە خەڵک باسی لێ دەکا، لە کولیەتی خۆیدا ئەوانەی ئیسلاح تەڵەبن نەزەراتیان لەگەڵ ئوسولگەراکان فەرقی هەیە، ئەو فیلتەرانەی کە شووڕای نیگابان هێناویەتی لەو کاندیدایانەی سەڵاحیەتیان تەئید کراوە بەشێکی زۆری وابەستە بە ئوسولگەراکانو شەخسی بەیتی رەهبەرین، بەڵام لە حاڵێکدا دوو دانە لەوانە بۆنی ئیسلاح تەڵەبیان لێ دێو لە ئەساسدا لە بەرنامەکانی کە گرایشیان دا کە دوو کەسیان رووحانیو ئەوەی دیکە عارف بوو ئەوانە لە حەقیقەتدا بەرنامەی روونترو مەوردی قەبووڵی زیاتری خەڵک بە تایبەتی کەمایەتییەکانو مەسەلەی کورد ئەوانیتر بوو، هەر کەس مەسەلەن خۆم کە بەرنامەکانی خودی ئاغای رووحانیم خوێندۆتەوە لەڕاستیدا لە زەمانی ئاغای کەڕووبی زۆرترو بەربڵاوتر بە نەزەری من ئەوە جێی باسە بۆ داهاتووی ئێران. بە نەزەری من کێشەکە بەوە تەواو نابێ، تۆ تەماشا بکە



لەو هەڵبژاردنەی کە دەکرێ دوو مەسەلەی ئەسڵی وەبەرچاو بگرە ئەوەی چاو لێ دەکەینو ئەو سێ مونازرە تەلەڤیزیۆنیەی کە هاتۆتە گۆڕێ کە کاندیداکان هێنایانە گۆڕێ دوو شتی لێ ئیسبات دەکەین: سیاسەتی داخیلیو، سیاسەتی خاریجی جمهوری ئیسلامییان لەگەڵ ئەو قەیرانە بەهێزە بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی بۆتەوە یەکیان سیاسەتی داخیلەو ئەوەی دیکەیان سیاسەتی خاریجییەتی. سیاسەتی خاریجی چییە؟ هەر ئەتۆ بڵێی مەرگ بەر ئەمریکاو ئەویش تەحریم زیاد دەکا کە تەحریمی زیاتریان کرد، باشە وەختێک تەحریمی ئابووریی نەوتی دەکا، چونکە ئابووری ئێران ئابوورییەکی نەوتییە، دەی زۆر سروشتییە بێکاری، گرانیو هەژاری دەگاتە ئەوپەڕی خۆیو لەڕاستیدا خەڵک تووشی قەیرانێکی زیاتر دەبێو تەنگ بە ژیانی خەڵک هەڵدەچنێ، ئەوە لە ئاکامی ئەو سیاسەتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

غەڵەتەیە کە بە قەولی بەرەو قەیرانی ئینێرژی هێناویەتە گۆڕێو پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە دەبێ ئێران لەڕاستیدا خاوەنی ئۆرانیۆمی غەنی شودە بێو بتوانێ بۆ مەسارفێ کە دەی هەوێو کە دیارە غەربییەکان قەت پێیان وانەبوو ئێران دەی هەوێ بیر لە ئێنێرژییەکی سالمی ئەتۆمی بکاتەوە، بەڵکوو پێی وابوو دەی هەوێ کەڵک لە تەسلیحاتی ئەتۆمی بکاتەوە، وەختێکیش بردیە پێشێ ئەوە قابیلی قەبووڵ بۆ دنیای ئەمڕۆ نەبوو، حەقی وڵاتە غەربیو شەرقیەکان چینو رووسیە بۆ ئەوانیش قابیلی قەبووڵ نەبوو یانی ئەو وەزعیەتەی وا لێکرد کە لەڕاستیدا قەیرانێکی قووڵی نێونەتەوەیی بە نیسبەت ئێرانەوە دروست بێ، ئەو بە چاوێکی بەدبینانەوە یانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران قابیلی شکست بوو یانی خودی کاندیداکانیش گوتیان ئێران دۆستێکی نیە لە دونیادا کە بۆ ئێمە جێی باوەڕ بێ، خۆیان ئەوە دەڵێن خۆشمان دەزانین کە وەزعەکە لەوەش خراپترە، یانی دۆستێکی جێی باوەڕیان لە دنیادا نیە دۆستێکی ئەوە نیە کە تۆ چیت لە لوبنانو حیزبوڵڵای لوبنان دیوە پشتیوانیت لێ بکا، لوبنان وڵاتێکی چووکەیە کە کاریگەری لە مەنتەقەیە لە جیهاندا با حیزبوڵڵاش تەئیدی بکا ئەو بازیانەی ئێران کە دەی کا لە ناوچەدا تەنیا بۆ بە قەول هیلالێکی شیعەیی کە دروستی کردوەو لە موقابیل دونیای عەرەبدا رای گرتووە بە تایبەتی عەرەبستانی سەعودیدا بۆ ئەوەی بڵێ شیعە فاکتەرێکی گەورەیە

**بۆ نیزامی کۆماری ئیسلامی رەفسەنجانی خەتەرناک نابێ، بەڵام بۆ وەزعی خامنەیی دەبێ بە بێگومان. تەنیا کەسێکی کە ئەوڕۆکە دەتوانێ شان لە شانی خامنەیی بدا رەفسنجانییە لە پێش هەموویاندا چۆن ئەو کۆڵەکەیەکی ئەسڵی دامەزرێنەری ویلایەتی فقیهی بوو رەفسنجانی رۆڵی زۆر زیاتری هەبوو لە خامنەیی. کاتێک خامنەی بووە رێبەر خود**

لە ئاستی ناوچەکەداو ئەمریکا ناتوانێ لەبەرچاوی نەگرێ. ئێران سیاسەتی بوحڕانزای بەردەوام دێنێتە گۆڕێ بۆ ئەوەی وڵاتە موحافزەکارەکان لە خۆی بترسێنێو کاتێ ئەو کارەی کرد باعیسی ئەوە دەبێ کە ناوچەکە ئاڵوز بێ، وختێکیش ناوچەکە ئاڵوز بوو موحافزەکارەکان دەستو داوێنی ئەمریکا بن کە چەکیان بداتێو ئەوە جمهوری ئیسلامییش فکری لێ دەکاتەوە ئەوەیە کە لە لایەکی دیکەش کۆمەک دەکا بە ئابووری ئەمریکاو وڵاتانی غەربی کە چەک دەفرۆشن پێیان وایە ئەم باڵانسە بوحڕانزاکە رادەگرێ ئەوە مەسەلەیەکە کە بە قووەتی خۆی باقییەو ئەوەش نابێتە نانو ئاو بۆ ئەو عالەمەی بۆیە بە نەزەری من ئەو کێشەیە هەروا بە ئاسانی کۆتایی نایە.

**پرسیار: بە بڕوای جەنابتان ئەگەری وەی هەیە کە لە داهاتوودا رەفسنجانی نیزام تووشی کێشەو مەترسی بکا؟**

وەڵام: بۆ نیزامی کۆماری ئیسلامی رەفسەنجانی خەتەرناک نابێ، بەڵام بۆ وەزعی خامنەیی دەبێ بە بێگومان. تەنیا کەسێکی کە ئەوڕۆکە دەتوانێ شان لە شانی خامنەیی بدا رەفسنجانییە لە پێش هەموویاندا چۆن ئەو کۆڵەکەیەکی ئەسڵی دامەزرێنەری ویلایەتی فقیهی بوو رەفسنجانی رۆڵی زۆر زیاتری هەبوو لە خامنەیی. کاتێک خامنەی بووە رێبەر خودی رەفسەنجانی دەستی هەبوو بۆ ئەوێو بووە هۆی ئەوەی کە خامنەیی ببێتە رێبەرو دروستی بکاو خامنەیی رەفسەنجانی دروست نەکرد جا بۆیە بە نەزەری من ئەو کێشەیە لەنێو بە قەولی نیزامی جمهوری ئیسلامیداو دەسەڵاتدارانی جمهوری ئیسلامیدا درزەکە قووڵتر دەبێو هەروا بە ئاسانی تەواو نابێ، بەڵام بردنو رەت کردنەوەی رەفسەنجانی کێشەکە هەر نەک چارەسەر نابێ لەو لاشەوە ئەحمەدینژاد کاندیداتۆڕی هەیە کە مەقبووڵی وەلی فقیه بوو کە رحیم مەشاییە. مەشایی جوزوی کەسانی توندڕەوە شووڕای نیگابان هات ٥٠ بە٥٠ کایەی کرد، لەلایەک رەفسەنجانی کە میانەڕەوو لە لایەکیتریش مەشایی کە بە قەول کاندیدی دەوڵەتی ئەحمەدینژادە رەدی سەڵاحیەتی هەردووکیانی کرد یانی هاوسەنگی نێوان توندڕەو میانەڕەوی بەو شێوە راگرت، بەڵام ئەوەی کە ماوەتەوە کاندیداکان کە بەشی هەرە زۆریان لە مەنزومەی پلانی ویلایەتی فەقیه و خۆدی رێبەر دان لە بەر ئەوەی ئایا ئەوانە دەتوانن غەیری ئەوەی کە ئەگەر بکرێ کار بکرێ ئەو دوو کاندیدایە کە من ئاماژەم پێ کرد {رووحانیو عارف} ئەو دووانە دەتوانن بەسەر ئەو قەیرانەدا زاڵ بکەن ئەویش وەختێک کە وەلی فقیه هەوڵ دەدا هەموو وتوویژێک لەگەڵ ئەمریکا رەت بکاتەوە ئەوانە کە دەبێ حەسەن رووحانی لەو کەسانەیە کە موتەهەم کراوە بە قەولێک عاملی ئامریکایە و سەهیۆنیزمە بریا هەرواش با خۆ ئەو زۆر باشتر دەتوانی ئەوە نەک خاڵێکی مەنفییە لەسەر رووحانی، بەڵکوو خاڵێکی زۆر موسبەتیشە، کۆی ئەو شتانەیە کە دەتوانێ. من بۆیە پێم وایە هەرچەند بە نمایش دانیش، هەرچەند کەمو کۆڕی زۆرە، هەرچەند ئەو هەڵبژاردنە جۆرێک کاریکاتۆڕی دێمۆکڕاتیکە، بەڵام بەهەر سووڕەت ئەو وەزعە کە هەیە ئێستا بمان هەوێ یان نەمان هەوێ بارودۆخی ناوچەو جیهانیو وەزعیەتی نێوخۆیی خۆی کاریگەری وا دادەنێ کە ئێرانو کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە سیاسەتی رابردووی خۆیو بە تایبەتی ئاغای خامنەیی وەک جاران سیاسەت بکا یانی بێگومان زەنگی خەتەر لە بن گوێی دایە، ئەو گۆڕانانەی لە میسر دەکرێنو ئەو گۆڕانانەی لە تورکیە کراوە هەموویان تەئسیراتێکی راستەوخۆیان لەسەر ئاغای خامنەیی دادەنێو هەروا ناتوانێ بڵێ خاورمیانەی ئیسلامو ئیسلام لە دنیادا بەربڵاوبۆتەوەو دونیا دونیای ئیسلامو هەموو شتێک لە ژێر چەتری ئیسلام دایەو دەتوانێ خۆی ببینێتەوە، ئەو ئیسلامەی کە ئەو پێناسەی دەکا ئەوە ئیسلام نیە ئیسلامێکە دوو قوتبی. با بڵێین جمهوری ئیسلامی نیزامی ویلایەتی فەقیهی شیعەی ١٢ ئیمامییە. لە جیهاندا چەند وڵاتی وەک جمهوری ئیسلامی هەیە کە نیزامی شیعەی تێدا زاڵ بێ. یەکەم وڵات خودی جمهوری ئیسلامییەو دووهەم وڵات، عەلەویەکانی سووریەن. ئایا بەو دووانە دەتوانن دەرەقەتی هەموو وڵاتانی عەرەبی سوننە بێن. کەوابوو ئەگەر ئیسلامەکە، ئیسلامێکی بەربڵاو بێ ئەو ئیسلامە لە دژی شیعە حەول دەدەن نەک لە دژی بە قەول ئەمریکاو ئەمو ئەوی دیکە. یانی رۆژ لەگەڵ رۆژ مەسەلەن لە عەرەبستانی سەعوودی، وەهابییەکان مەترسییەکی گەورەیان هەیەو «اخوان‌المسلمین» قوتابخانەیەکی گەورەی هەیە لە پەرەپێدانی نفووزی شیعە لە ناوچەی دووڕگەی فارسدا.

**پرسیار: هەڵوێستی ئەحمەدینژاد بە دوای نەمانی لەم پۆستەدا چ دەبێ؟ پێتان وایە کاردانەوەی خراپ بەرامبەر دەسەڵات دێنێتە کایەوە؟**

وەڵام: رەنگە نەزانین چۆنە دەبێ میزانی نفووزی ئەحمەدینژاد لەنێو نیزام چاو لێ بکەین. من بۆخۆم لە نێوخۆی وڵاتدا نیم لە دوورەوە سەیری مەسەلەکە دەکەم ئایا لە ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی نێو رێژیمدا چەندیان ئۆکەی بۆ ئەحمەدینژاد دەکەن ئەوە مەسەلەیەکەو پێگەی کۆمەڵایەتی چەندەیەو پێگەی نیزامی چەندە. ئەوە ئەو ئۆرگانانەی کە لەبەردەست ئەوان دایە ئەوانە دەتوانن ببنە میلاک؟ ئایا ئەحمەدینژاد ئەو دەسەڵاتەی هەیە لە سپای پاسداران لە دەستەی بەسیجییەکان هەر بەو شێوەیە ئەو مەسەلەیەو من نازانم ئەگەر هەی بێ دەتوانێ کێشە خوڵقێن بێ لە وەزیری ئیتلاعات کە جاران هەی بوو رێژەیەکی زۆر لە بە قەول نهێنییەکانی نیزامەکەی دەزانێ دەتوانێ ئیفشای بکا؟ دەتوانێ لەسەر خامنەییو دارودەستەی ئۆسولگەراکانو هەمووی ئەوانەی دەستو پێوەندی رێبەری لەسەر ئەوانە شت بڵاو بکاتەوە؟ دەتوانێ ئەو ئەوکارەی بکا؟ ئەوە شتێکە مەبەستم ئەوەیە ناتوانێ بیڕووخێنێ، بەڵام دەتوانێ ئەحمەدینژاد کێشەکەی نێوان جیناحەکان قووڵتر بکا. رەفسەنجانی دەتوانێ شێوەیەکی دیکە بەرەو لای ئیسلاحتەڵەبان بڕواو جەبهەی ئیسلاح تەڵەبەکان بەهێز بکا.



**پرسیار: باڵی ریفۆرمخواز یان بە قەولێ ئیسلاحتەڵەبەکان ئایا دەتوانن لەسەر هەڵبژاردن شوێندانەر بن؟**

وەڵام: بە بڕوای من ئەوەی تەنیا دەتوانێ شوێندانەری ئێستایە ئیسلاحتەڵەبەکانن. تەماشا بکە ئێستا ئیسلاحتەڵەبەکان توانیویانە ئیئتیلاف لە نێوان خۆیدا پێک بێنێ یانی لەڕاستیدا لە نێوان ئوسوولگەراکان ئێتیلاف وجودی نیە، بەڵکوو لەوەی هەیە شکاف زیاتر دەبێ.

ئاغای رەفسەنجانی بۆ لای ئیسلاحتەڵەبەکان دادەشکێتەوە. خودی ئەحمەدینژاد کە ئێستا تووڕەیە لە بەیتی رێبەری کە لە پێشدا مەوردی قەبووڵی رێبەری بوو ئێستا مەغزووبی ئەوەیە دەتوانێ ئەوەی کە نفوزەکەی خۆی بۆ لای ئیسلاح تەڵەبەکان دا بەری یانی ئیسلاحتەڵەبەکان ئەگەر باش عەمەل بکەن یەکەم، دەتوانن قەرەبووی ئیشتباهاتی رابردووی خۆیان بکەنەوە. دووهەم، زێهنیەتی جیهانی بۆ لای خۆیان رابکێشێنو لەو حاڵەتەی ئێستاکە هەیە بێنە دەرێ کە جاران ئەمریکا بێ تەفاوەت بوو، ئێستاکە بێ تەفاوەت نابێ رۆژئاوا بێ تەفاوەت نابێ وەک قەدیم نیە وەک بزووتنەوەی سەوزی پێشوو نییە زەمانەکە گۆڕاوە. ئەو ئاڵوگۆڕانە لە دنیایەدا کە تەکانیان خواردووەو لەڕاستیدا وەک بوومەلەرزەیەک کە لە بیر چۆتەوە، ئیتر ئێران ناتوانێ خۆی لێ بێتەفاوەت نیشان بداو خەڵکیش ئەوەی چاک چاک دەزانن جا بۆیە بە بڕوای من ئەگەر ئیسلاح تەڵەبەکان بەرەوپێش بڕۆنو جەماوەر زیاتر لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوەو رەفسەنجانیش دەتوانێ یارمەتییەکی یەک جار گەورە بکا چونکە نفووزی یەک جار زۆرەو لەگەڵ ئۆرگانەکانی جمهوری ئیسلامی ئاشناییو نفووزی زۆرە دەتوانێ ئەو بەرەیە بەهێزتر بکاو بە تەنیا دەلاقەیەکی کە هەیە بە بڕوای من نیزامی جمهوری ئیسلامی بتوانێ لە ئیستراتیژیەتی ئەو دوو کاندیدایە ئەگەر بۆیان بکرێ ئەو ئاڵوگۆڕە نێوخۆییانە پێک بێننو سیاسەتی خاریجی ئاڵوگۆڕی تێدا پێک بێنن ئەوەی کە لە زەمانی ئەحمەدینژاد دا دنیای رۆژاوا بوو بە غەزەب ئێستا دەتوانن سارێژی بکەنەوە سیمایەکی بەشەردۆستانە لە ئێران تەرسیم بکەنو زێهنیەتی دنیا زیاتر بۆلای خۆیان رابکێشن. بە بڕوای من گۆڕان بەم شێوەیە پێک دێ، بەڵام کاری دەوێ.

**پرسیار: بەیتی رێبەریو خودی خامنەیی زیاتر لایەنگری لە کام نوێنەرانە دەکەن ئەگەر ئەم ٨ کەسە (ویلایەتی، جەلیلی، حەداد عادڵ، قالیباف، رەزایی، غەرەزی، رووحانیو عارف) بە دوو بەشدا دابەش بکرێن، واتە رێفۆرم خوازانو کۆنەپارێزان؟**

وەڵام: تەماشا بکە ئەلحانەکە ئەوەیە کە مەوزووعەکە لەوێدا دەبڕێتەوە کە ئەگەر بیری لێ بکەینەوە ئەگەر ئاڵوگۆڕەکان هەر لە میحوەری پتەوکردنی بەیتی رێبەریدا بێ ئەوە دەبێ فاتیحەی بۆ بخوێنی یا ئەگەر هەر کورسی خۆی بوێ دەبێ لەوانەی ئوسولگەراکان هەڵبژێرێ، بەڵام ئایا مەملەکەتەکە هەر بەوەی دانێن دەبێ بە تەقویەتی ئاغای خامنەیی. خامنەیی هەموو ئەو دەسەڵاتەی هەیە ئەو قودرەتو دەسەڵاتەی لە قانوونی ئەساسی ئێراندا دراوە بە ئاغای خامنەیی بە شای ئێران نەدرابوو کە بە شای ئێرانمان دەگوت دیکتاتۆڕو ئاغای خامنەیی زۆر زۆر زیاترە، ئەوەیە موشکیلەی ئەسڵی لە هەموو ئۆرگانێک چ سەرکۆمار یان وەزیرو وەکیل حەتتا ئۆکەی رێبەری لەگەڵ نەبێ هیچ سیاسەتێک ناتوانێ بچێتە پێشێ دەبێ ئەوە یەکلا بکرێتەوە. یانی قودرەتی موتڵەقو تەسمیم گیرەندەی ئەسڵی کێیە ئاغای خامنەییە. ئایا ئەو دەسەڵاتە دەبێ هەر زیاد بکا ئەگەر زیاد بکا فاجعەکە، قەیرانەکە قووڵتر دەبێ. کە بەرەو قووڵتربوون دەڕوا قەیرانەکە دەبێ ئینتزاری گۆڕانکاری گەورە بکا یا ئەو نیزامە بارگەوبنەی تێکەوە پێچێو بڕواو خۆی لەگەڵ ئەو دنیایە تەتبیق بدا ئایا ئەوەی دەتوانێ بکا یان نا ئەو پرسیارەی نابێ ئێمە وەڵامی بدەینەوەو دەبێ خودی ئاغای رێبەر بزانین خۆی تەتبیق داوە یان نا، بەڵام ئەوەی کە ئێمە بۆ خۆمان لە دوورەوە سەیری مەسەلەکە دەکەینو تەماشای بەرنامەو رەسانەکانی گرووهیو خەبەری دەکەین تەنیا ئومێدێکی کە هەیە بە نەزەری من هێندێک گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی رێبەر روو بدا. هەر بەشی رێفۆڕمخوازەکانە لە حەقیقەتدا ئەو کەسەنو دەتوانن تەنزیمی دەسەڵاتو قودرەت بکەن.

**پرسیار: ئەگەر بڕوانینە مێژووی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی بەشێکی بەرچاو لە سەرۆک کۆمارەکان یا لابردراون یا دواتر بەشێوەگەلی جۆراوجۆر لە لایەن بەیتی رێبەرییەوە ئازارو ئەزیەت دراون ئەمە لەبەر چ هۆکارێکە؟**

وەڵام: هۆکارەکەی ئەوەیە وەختێکی دەسەڵاتت هەیەو دەتەوێ لە قودرەتو دەسەڵاتی رێبەر کەم کەیەوە دوژمنایەتیت دەکات بە تایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتوودا کە فەرهەنگی دیکتاتۆڕیو ئیستبداد لەوێدا زیاتر فرچکی گرتووە.

هەروایە وەختێک بڕوا بەو ئازادیو دێمۆکڕاسیەی دەکەن کە لە دنیای موتەمەدنی ئەوڕۆکە باوە ئەوان پێیان وایە هەر ئەوان دێمۆکڕاسیان هەیە. ئەوە عەوام فەریبییە ئەوە ئیدی قواتی نیزامی ویلایەتی فەقیهـ ناتوانێ وەڵامدەری ئەو وەزعیەتیەی لە دنیای مۆدێڕندا بێ جا بۆیە هەر وەختێک ئیستبدادی دینی حاکم بێ وەلی فەقیهـ حاکمی موتڵەق بێو کەسێک راست بێتەوەو هەر سەرکۆماری راست بێتەوەو بیهەوێ لەو دەسەڵاتەی کەم بکاتەوە حەتمەن بە گژی دادێو ناهێڵێ بۆ لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی ئەو لەوە زیاترە تەسمیم گیرەندەی ئەسڵی عەرزم کردن هەر وەلی فەقیهەو سەرکۆمار دەسەڵاتی نییەو لە دەسەڵاتەکاندا ئەگەر لە قانوونی ئەساسیدا چاوی لێ بکەن حاکمی موتڵەق سەرکۆمار نییە، ویلایەتی فەقیهـ هەربۆیە ئەو سەرۆک کۆمارانەی کە هاتوون یەک بە یەک مەغزووبی نیزامەکە بوون.

**پرسیار: حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان یازدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریو شووڕای شارو دێی کە لە ٢٤ جۆزەردانی ئەمساڵ بەڕێوەچوو بایکۆت کرد، بۆ راستەخۆ وەک زۆربەی دەورەکان ئەم دەورەیەشی تەحریم نەکرد؟**

وەڵام: بە نەزەری من تەحریم کردن باش نییە دەزانی بۆ باش نییە؟ من شتێکم پێ خراپە بەڵام هەر ئەوە نابێ دەبێ هێندێک مقابلەی دیکەی هەبێ ئەمە بۆچی؟ ئەوەڵەن ئێمە حزووری فەعالمان لە وڵاتدا نییەو وەختێک حزووری فەعالمان نییە پێوەندییەکی راستەوخۆمان لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەی خۆمان نییە، ئێمە ناتوانین هەر بە تاگەیەندراوو بەیاننامەیەک بتوانین خەڵک پاشەکشەی پێبکەین، خەڵک کە ناحەقی نییە موحافزەکارە. خەڵکەکەش حەقی خۆیەتی لە ژێر سێبەری حاکمیەتی ئەو دەسەڵاتەی دایە لانی کەم خەڵک نایە خۆی قاچاخ بکا بە خاتری بەیانییەکە بۆیە بە هەر سووڕەت رووحی محافزەکاری لەنێو خەڵکی ئێراندا بە گشتیو لە کوردستاندا بەتایبەتی خەڵک بۆ ئەوەی سەری خۆی راگرێ ناچارە لە هێندێک شت کە بۆخۆی بڕواشی پێ نییە یانی رەنگە هەر بڕواشی بە جمهوری ئیسلامی نەبێ بڕواشی بە نیزامەکەی نەبێ، بەڵام لە ژێر دەسەڵاتو حاکمیەتی موستەبدانەو خۆدکامانەی ئەو نیزامەی داهەیە ناچارە پاشەکشە بکاو تەجدید نەزەر بکاتەوەو لەو هەڵبژاردنانەدا کە هیچ بڕوای پێی نییە بەشداری بکا، چونکە هەر نەیکات کێشەی بۆ ساز دەکەن، ئێمە با تەجرووبەی پێشوو لەو هەڵبژاردنانەدا کە تەحریمیان کردوە. خەڵک نەیان توانیوە تەحریمەکە بەڕێوە بەرن. ناشکرێ ئێمە گلەیشمان لە خەڵکەکەی هەبێ دەبێ ژیانی ئەو خەڵکەی وەبەرچاو بگرین خەڵک ناتوانێ بە تەحریمو مل بە ملانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که هیچ دەسەڵاتێکیان نییە بتوانێ بۆیە ئێمە دەبی مەعقوڵانە فکر بکەینەوە لەسەر ئەو مەسەلانە بۆیە ئەو تەسمیمەی ئەوجارمان لە جیاتی تەحریم بایکۆتمان هەڵبژارد لە ئەسڵدا بایکۆت تەعریف خۆی هەیە بایکۆت یانی لە لاوەڕا چاوی لێ کرد یانی ئێمە چاومان لەوەپۆشی تۆ چ دەکەی یان نایکەی بۆ خۆت چ دەکەی بیکە ئەوە باشە یانی خەڵکەکە مەجبوور نییە بەشداری دەکا دەبێ ئێمە واقیع بینانە سیاسەت بکەین، بەڵام گوتمان بایکۆت بکە بایکۆت یانی لە حاشیەوە بڕوانە مەسەلەکە، ئەوە باشە.

**لەڕاستیدا لاو قشرێکە لە کۆمەڵگا کە لە هیچ شوێنێک لە دونیا ناتوانی لە بیری بکەی، بەڵکوو دەبێ گرینگی تایبەتی پێ بدرێ.**

لەو بەشەیدا خەڵکەکە بۆ خۆی ئازادەو سەربەستە دەتوانێ بچێ یان نەچێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان، ئەگەر ئێشکچیشی لێ نەبوو بەشداری ناکا ئەگەر کردیشی شتێک دەنووسێ مەسەلەن دەنووسێ «قاسملوو»، «کۆمار»، یان شتێکی دیکە. هاوڕێیان ئاوا بەربەرەکانی بکەن یانی بەم شێوەیەی دەتوانێ دەنگیش بدا، بەڵام دەنگ هەر دەنگی سپی نەبێو دەنگەکەی جێی پەسەندی توودەی خەڵکی بێ ئەوە باشترە یانی بمان هەوێ ئەوەیە جمهوری ئیسلامی ئیلقا بکەین کە بابە ئێمە دڵخواز نایەین بەشداری بکەین لە هەڵبژاردن‌دا بەڵام کە من ناچار دەکەی لە هەڵبژاردن‌دا بەشداری بکەم بە تۆ دەنگ نادەم بە بیروباوەڕی خۆم دەنگ دەدەم ئەوە بۆ خۆی باشە مانای زۆرە.

**پرسیار: لە کۆتاییدا سپاس بۆ بەڕێزت کە ئەو دەرفەتت لە ئێختیار ناین‌و ئەم چاوپێکەوتنەت لەگەڵ پێک بێنین، ئەگەر شتێکی تایبەتیت لەسەر لاوان‌و یەکیەتیی لاوان هەیە بفەرموون؟**

وەڵام: ئەمن ئەندامی لاوان نیم، بەڵام ڕۆحم لاوانەیەو ڕۆحییەیەکی لاوەتیم تیدایە، بەڕاست لاو قشرێکە لە کۆمەڵگا کە لە هیچ شوێنێک لە دونیا ناتوانی لە بیری بکەی، بەڵکوو دەبێ گرینگی تایبەتی پێ بدرێ. داهاتووی کۆمەڵگا گەنجەکان دیاری دەکەن، جابۆیە لەسەر جەوانەکان هەر ئەندازە زیاتر کاری پەروەردەیی بکرێ، ڕێنوێنی بکرێ ئەوە بە قازانجی میللەتەکەمانە. ئەگەر نەسڵەکانی پێش ئێمە لە حەقیقەت دا ئێمەیان باش پەروەردە بکردایە ڕەنگە ئێمە شتێکی دیکە بووینایە، ئێستاش ئەگەر ئێمە بتوانین خەڵکەکەی خۆمان بەو ئاگایی‌یەی کە پێویستە رابێنین‌و واقعبینانە لاوەکان رابێنین‌و ڕۆحی کوردایەتی‌یان تێدا پەروەردە بکەین کە بۆ میللەتەکەی خۆی بژی، ئەوە ئێجگار کارێکی موسبەت دەبێ بۆیە ئەرکی ئێوە وەک یەکیەتیی لاوان ئەرکێکی قورسە.

به بڕوای من جەوانی ئێستا رووناکبیرن. ئێوە کە لە رەئسی یەکیەتیی لاوان دان، ئومێدم هەیە بەو بەرپرسایەتی‌یەی کە رێبەرایەتی یەکیەتیی لاوان هەیەتی دەتوانێ هەنگاوی ئێجگار موسبەت هەڵگرێو لەو حاڵەتە فۆڕماسیۆنە عەینی‌یە بی‌هێنێتە دەرێ، رەوتێکی نوێ دەست پێ بکاو لەڕاستی‌دا بۆ هەموو جەوانانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان‌دا ببێتە نموونەو لاوی کورد بزانێ ئەرک‌و بەرپرسایەتی ئەمڕۆکانەی چیە؟

هیوادارم ئێوە قۆڵی لێ‌هەڵماڵن‌و کار لەسەر مێشکی لاوەکان بکەن‌و بە مەسئولیەتی خۆتان زیاتر ئاشنا بن‌و لەسەر پەروەردەی لاو زیاتر کار بکەن. من سپاستان دەکەم‌و زۆر مەمنوون.



# دیمانە لەگەڵ بەڕێز کاک قادر وریا

## ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان

### لەسەر پرسی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و ئاکامو دەرەنجامەکانی لە ئێران دا



**دیمانە: باوکی سارێژ**

**وەک بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە حەسەن رووحانی لە هەڵبژاردنی 24ی جۆزەردان‌دا دەنگی زۆرینەی هێناوەو بوو بە سەرکۆماری هەڵبژێردراوی خەڵک. بۆ ئاگاداری زیاتری خوێنەران لەسەر پرسی هەڵبژاردنەکەو ئاکامو دەرەنجامەکانی‌و هەروەها لەو چاوەڕوانی‌یانەی خەڵک کە لە حەسەن رووحانی‌یان وەک سەرکۆماری تازە هەیەو ئەویش تا چەندە دەتوانێ‌و توانایی وەدیی هێنانی ئەو هەموو چاوەڕوانی‌یانەی هەیە، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەڕێز کاک قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان پێک هێناوە.**

**پرسیار: حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان هەڵبژاردنەکانی ئەم دەورەیە لە سەرکۆماری‌و هەڵبژاردنی شووڕاکانی شارو دێی بایکۆت کرد، هۆکاری چ بوو؟**

وەڵام: حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، سێ هۆی بۆ بایکۆت کردنی ئەو هەڵبژاردنانە بەدی دەکرد. یەکەم ئەوە کە ئەوەندە ئاوڕدانەوەیەی کاندیداکان لە ویست‌و داخوازی‌یەکانی خەڵک بە تایبەتی ئاوڕدانەوەیان لە پرسی نەتەوەکانی ئێران‌و پرسی کورد، زۆر کەم‌و بایی ئەوە نەبوون کە داوا لە خەڵک بکرێ بۆ پشتیوانی لەو بەرنامەو دروشمانە بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان. دووهەم بەدوورمان نەدەزانی ئەم جاریش، وەک هەڵبژاردنی پێشووی سەرکۆماری، ڕێبەری‌و سوپای پاسداران ئەگەر بە پێویستی بزانن، دەست بەسەر دەنگەکانی خەڵکدا نەگرن. سیهەم، رەت کرانەوەی سەلاحیەتی زۆربەی هەرە زۆری کاندیداکانی هەر دوو هەڵبژاردن‌و لە مەیدان نەهێشتنی کاندیدای ئەوتۆ کە خەڵک بە هەڵگری داخوازەکانی خۆیانی بزانن، هۆیەکی دیکە بوو بۆ ئەوەی حیزبی دێمۆکڕات دەلیلێکی نەبێ بۆ هاندانی خەڵک بۆ بەشداری لە دەنگدان دا.

**پرسیار: بەیتی ڕێبەری‌و دەوڵەتی کودیتا نەیان‌توانیوە وەک پێویست کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکان دابنێن، چاوەڕوانی لە هەڵبژاردنەکان شتێکی دیکە بوو، ئەم هەڵبژاردنە چ جیاوازی‌یەکی لەگەڵ هاتنەسەرکاری دەوڵەتی کودیتا هەبوو؟**

وەڵام: ئەحمەدی‌نەژاد، بۆ خۆی لە ناڕازیانی ئەو هەڵبژاردنە بوو. چونکە کاندیدای دڵخوازی ناوبراو(رەحیم مەشایی) کە لەمێژ بوو کیسەی بۆ هەڵ دوریبوو،

له لایەن شووڕای نیگابان رەتی سەلاحیەت کرایەوە. بەلام بەیتی رێبەریو شووڕای نیگابانو...، ئەزموونی جاری پێشوویان هەبوو و بۆیان دەرکەوتبوو کە دەست بەسەرداگرتنی دەنگەکانی خەڵکو ناساندنو سەپاندنی کاندیدایەکی دەست نیشان کراوی خۆیان وەک براوەی هەڵبژاردن، هەزینەی زۆر تووشی نیزام دەکاو ئابڕوو ئێعتیباری نیزامو شەخسی خامنەیی ئەوەندەی دیکە بە با دەدا. دەروونزانیو رەفتاری خەڵکی ئێرانیشیان هاتبووە دەستو دەیانزانی هەر کاندیدایەک لە خامنەیی دوورتر بێو کەمتر بە دڵی ناوبراو بێ، شانسی دەنگ پێدرانی لە لایەن خەڵکەوە، زیاترە. هەربۆیە ئەم جارە بناغەی کاری خۆیان نەک لەسەر دەست بەسەرداگرتنی دەنگی خەڵک، بەڵکوو لەسەر هێشتنەوەی ئەو جۆرە کاندیدایانە دانا، کە ئەگەر خەڵکیش دەنگی پێدان، بۆ بڕیاربەدەستانی ئەو نیزامە بە تایبەتی شەخسی خامنەیی تەحەممول بکرێ. بۆیە لەگەڵ ئەوەی بە دڵنیاییەوە، رووحانی ئەو کاندیدایە نەبوو کە خامنەییو سوپای پاسداران پشتیوانییان لێکرد، بەلام لەسەر یەک ئاکامی هەڵبژاردنەکە، ئەگەر لە سەرێکەوە سەرکەوتن بوو بۆ خەڵک، بەلام لە لایەکی دیکەوە بۆ نیزامیش قازانجی خۆی هەبوو.

**پرسیار: ئاکامی هەڵبژاردنەن بۆ هەموو لایەنە دەرەکیو ناوخۆییەکان وەک سووڕپڕایزێک وابوو، ئایا**

> **به بڕوای من، کۆماری ئیسلامی له سەردەمی سەرکۆماریی رووحانیدا، ناچار دەبێ چاو به هێندێک له سیاسەتەکانیدا بخشێنێتەوە. دیاره بەهەر رادەیەک خەڵک چێرەگرتووتر بێو پتر له مەیدانی خەباتدا بۆو لەسەر مافەکانی پێدابگرێ، دەسکەوتی زیاتری دەبێ.**

**هەڵبژاردنی حەسەنی رووحانی وەک سەرکۆمار کاریگەری لەسەر وەزعیەتی ئێراندا دەبێ؟**

وەلام: هەڵبژاردنی حەسەن رووحانی، بۆیە وەک سووڕپڕایز چاوی لێکرا، چونکە واتاو پەیامی تێدا بوو. لەنێو ئەو کاندیدایانە کە لە ململانێی هەڵبژاردندا مابوونەوە، ئەو تەنیا کاندیدایەک بوو کە باسی "اعتدال" و "میانەروی" دەکردو رەخنەی لە هێندێک لە سیاسەتە نێوخۆییو دەرەکییەکان دەگرت کە جێگای سەرنجو بایەخ پێدانی خەڵک بوون. لە لایەکی دیکەوە، کۆمەڵێک لەو کاندیدا بەهێزانەی بە ئاماژەو رەزامەندیی خامنەیی رەتی سەلاحیەت کرابوون، بۆ وێنە خاتەمیو رەفسەنجانی، پشتیوانییان لە رووحانی دەکرد. بە کردەوە ئەو کاندیدایەک بوو کە پشتیوانی لێکردنی بە مانای شکستدانی خامنەییو سوپای پاسداران بوو. ئەمە رەنگە یەکێک لە تەنزە تاڵەکانی واقیعی ژیانی سیاسی لە ئێران بێ کە هەڵبژاردنی کەسێک کە ساڵانیکی زۆر هەر لەو نیزامەدا کاربەدەستی گەورە بووەو پۆستی بەرزی هەبووە، لە قۆناغو سەردەمێکی دیکەدا دەتوانێ جۆرێک خەبات لەگەڵ ناوکەی سەرەکیی دەسەڵاتو بڕیار لەو رێژیمە دابێ! دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هەڵبژاردنی ئازادو ئازادیی هەڵبژاردن لە ئێراندا.

بەلام ئەوە کە هەڵبژێرانی ئاغای رووحانی دەتوانێ کاریگەریی لەسەر وەزعی ئێران هەبێ یان نا، بە چەند فاکتەر بەستراوەتەوە. یەکەم فاکتەر شەخسی خامنەییو دامەزراوە داسەپاوەکانی نیزامن کە ئایا پەیامی خەڵکی ئێرانیان وەرگرتوە کە دەستهەڵگرتن لەو سیاسەتانەیان دەوێ کە خەڵکو کۆمەڵگەی ئێرانیان بەرەوڕووی قەیرانی نیوخۆیو گوشاری دەرەکی کردۆتەوە یان نا؟ دووهەم فاکتەر، ئیرادەو بڕیاری سەرکۆماری هەڵبژێردراوە لە ڕووبەڕووبوونەوە لە چاوەڕوانییەکانی خەڵکو لە جێبەجێ کردنی وادەو بەڵێنەکانی خۆی لە کاتی هەڵبژاردندا. ئەگەرچی سیاسەتە سەرەکییەکانی ئەو نیزامە لە لایەن شەخسی رێبەری نیزامەوە دیاری دەکرێ، بەلام ئەگەر سەرکۆمار باوەڕو هیممەتو شەهامەتی هەبێو شایستەی ئەو دەنگانە بێ کە نزیکەی 20 میلیۆن خەڵکی ئێران پێیان داوە، دەتوانێ بە پشتیوانیی خەڵک، گۆڕان هەر چەند سنووردار لە وەزعی سیاسیی ئێراندا پێک بێنێ. سێهەم فاکتەر خودی خەڵکو ئەو بزووتنەوە سیاسیو کۆمەلایەتیانەن کە لە هەناوی کۆمەڵگەدا هەن. ئەگەر خەڵک لە مەیدان دابنو شایەدی گەشەو بەرەوپێشچوونی خەباتو بزووتنەوەکانی خەڵک بین، لە هەڵبژاردنی مەجلیسیشدا، خەڵک سەرکەوتنو دەسکەوتیان دەبێو دەتوانن ڕێگەی خۆدزینەوە لە سەرکۆمار ببەستنو ناچار بە گرتنەبەری سیاسەتی نوێی بکەن.

**پرسیار: ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەری خست کە کۆمەلانی خەڵک لە شێوەی جۆراوجۆردا "نا" بە کۆماری ئیسلامی دەڵێن، کەوابوو چ پێویست دەکا ئێوە لە شێوەی تەحریم یان بایکۆت خەڵک لە چوونە سەر سندووقەکانی هەڵبژاردن دوور بخەنەوە؟**

وەلام: "نا" گوتنی خەڵک بە دەسەلاتێکی زۆردارو دیکتاتۆڕ وەک هەڵوێستێکی سیاسی، کارێکی باشەو دەبێ بەرز بنرخێندرێ، بەلام هەر لەو کاتەشدا دەبێ لە بیرمان بێت، ئەوە هەڵوێستێکی ناچاریو نەخوازراوە. خەڵک ڕێگای دیکەیان لە بەردەمدا نامێنێ بۆیە بە "نا" گوتن، یا بە هەڵبژاردنی کەسێکی سەر بەو نیزامە کە تۆسقاڵێک جیاوازیی لەگەڵ ئەوانی دیکە هەیە، پەیامی خۆیان دەگەیەنن. بۆ وێنە، ئەگەر ئازادیی هەڵبژاردنو هەڵبژاردنی ئازاد لە ئێراندا هەبا، خەڵک زۆر کاندیدای لە حەسەن رووحانی، باشتریان دەبوو و پشتیوانییان لێدەکرد. یا ئەو خەڵکەی سندووقەکانی دەنگدان تەحریم دەکەن، بۆیە ئەو کارە دەکەن، چونکە پێیان وایە ئەو جۆرە هەڵبژاردنانە ناتوانن ببنە سەرچاوەی گۆڕانی جیددیی سیاسی لە وەزعی وڵاتدا. دەمەوێ بڵێم حیزبێکی سیاسی کە مافی ئەوەی نییە لە چوارچێوەی یاساکانی ئەو ڕێژیمەدا چالاکیی هەبێ، یا باوەڕی بە کایەکردن لە چوارچێوەی ئەو جۆرە هەڵبژاردنە نادێمۆکڕاتیکانەدا نییە، ناچار نییە بەم هەڵبژاردنانە رازی بێو خەڵک بۆ بەشداریو دەنگدان لەواندا هان بدا. خەڵک لەوانەیە هیچ ڕێگایەکی دیکە بۆ پێک هێنانی لانیکەمی گۆڕان لە وەزعی مەوجوودا شک نەبەن ئەوەندە هەڵبژاردنە نەبێ، بەلام حیزبە سیاسییەکان، هەم هەڵگری بەرنامەو ئامانجی گەورەترن، هەم دەتوانن بە شێوەی دیکە خەبات بۆ ئامانجەکانیان بکەن.

**پرسیار: ئاغای حەسەن رووحانی بەر لە هەڵبژاردنی بە سەرکۆماری قەولو بەڵێنی زۆری دا بە خەڵک، پێتان وایە تا چەندە لە چوارچێوەی ئەم نیزامەدا دەتوانێ قەولو بەڵێنەکانی بەجێ بگەیەنێ؟**

وەلام: بە بڕوای من، کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی سەرکۆماریی رووحانیدا، ناچار دەبێ چاو بە هێندێک لە سیاسەتەکانیدا بخشێنێتەوە. دیارە بەهەر رادەیەک خەڵک چێرەگرتووتر بێو پتر لە مەیدانی خەباتدا بێو لەسەر مافەکانی پێدابگرێ، دەسکەوتی زیاتری دەبێ. پێویستە هەموو حیزبو ریکخراوە سیاسییەکان خەڵک، بە تایبەتی چالاکانی مەدەنی هان بدەن بۆ ئەم وەزعە نوێیە کە بەسەر کۆماری ئیسلامیدا دەسەپێ، خۆیان رێک بخەن، بەرنامەیان هەبێو هەر لەو کاتەشدا پشتیوانییان لێ بکەنو هاندەریان بن. ئەرکی ئەوانیشە وێڕای هێنانە گۆڕی ویستو داخوازەکان بە پێی هەلومەرجو زەرفییەتی سەردەمەکە، ئامانجە نەتەوەییە سەرەکییەکان کە دەیان ساڵە حیزبەکان خەباتیان بۆ دەکەن، ون نەکەنو نەکەونە دژایەتی ئەو حیزبانەو هەر دوو لا بە تەواوکەری یەکترو ئەم دیوو ئەو دیوی خەباتی نەتەوەیەک بزانن.

# هەڵبژاردنی سەرکۆماریو کورتە سەرنجێک



برایم جەهانگیری

لە دە دەورەی سەرکۆماری لە ئێران‌دا یا باشترە بڵێین بەدرێژایی تەمەنی رێژیمی ئیسلامی ئێران هەڵس‌وکەوتی ئەو رێژیمەو رەفتاری ئەو دەسەڵاتە بەرامبەر بە کورد لە هەموو بوارەکان‌دا ئەوەمان پێ‌نیشان دەدا کە ئەو رێژیمە قەت هیچ حیسابێکی بۆ کورد نەکردوەو قەتی بە هێند نەگرتووە. ئەو بە هێندە نەگرتنەش جیا لەوەی کە باری ئایدۆلۆژی پێوە دیارە بۆتە یاساو وەک ئەسڵ لە یاسای بنەڕەتی‌دا گونجێنراوە. بەپێی ئەو ئەسڵە کورد لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا بەتایبەت نە مافی هەڵبژێرانی هەیە و نە مافی



هەڵبژاردن، بەڵام دەبێ‌و دەتوانێ دەنگ بدا بۆ ئەوی رەوایی بدا بەو سیستەمە تۆتالیتارە ئایینی‌یە. یاسای بنەڕەتی سەبارەت بە سەرکۆماری‌و هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە ئەسڵی ١١٥دا دەڵێ: ”سەرکۆمار دەبێ لەنێو ئەو کەسایەتی‌یە ئایینی‌و سیاسیانە هەڵبژێرێ کە بە ئەسڵ ئێرانی بێ، بەڕێوەبەر بێ‌و خاوەنی پێشینەیەکی باشی ئەخلاقی ئەمانەتداری‌و ”تقوی“ و باوەڕمەند بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی ئێران‌و مەزهەبیی رەسمی وڵات بێ“. بە کورتی دەبێ ئێرانی عەیار ٢٤ بێ‌و سەربە ئایینی رەسمی وڵاتیش واتە شیعە بێ. کەواتە کورد لێرەداو لەم نیوەدا هیچ بایەخێکی پێ‌نەدراوەو لەڕاستی‌دا لە چەند ساڵی رابردوودا هەر خۆی تێ‌هەڵقوتاندوە دەنا ئەو هەڵبژاردنە هەر هیچ پێوەندی بە کوردەوە نییە.

هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگانی رێبەریش هەر وەتر. ئەویش بە هەمان شێوە، ئەو هەڵبژاردنەش لەنێو کەسایەتی‌یە ئاینی‌یە پلە بەرزەکان کەسێک کە حەتمەن دەبێ شیعە بێ بۆ ڕێبەری وڵات هەڵدەبژێرێ. دەی دیسان ئەو هەڵبژاردنەش هیچ پێوەندی بە کوردەوە نییە. چۆنکە ئەوان تەئکید لەسەر ئایین دەکەنەوەو هەر لە بنەڕەتڕا باوەڕیان بە میللەت‌و شتی وا نییە و گاڵتەیان پێی دێ.

بە ئاماژە کردن بەو باسەی سەرەوە بە بڕوای من کورد بەگشتی، بە حیزب‌و رێکخراوە سیاسی‌یەکانیەوەو بە نووسەرو روناکبیران‌و بە گشتی هەموو خەڵکی کوردستان دەبێ خۆیان لەو باسانە بەدوور بگرن، چونکە بەڕاستی ئەو هەڵبژاردنە بە هیچ لەونێ پێوەندی بە کوردەوە نییە. تەنانەت ئەگەر بە تەمای ئاڵوگۆڕیش بین لە حاڵەتی هاتنە سەرکاری یەکێکی کەم خەراپ، ئەوە دیسان دەبێ بگەڕێنەوە بۆ یاسای بنەڕەتی ئەو رێژیمە کە ئایا رێگا دەدا هیچ ئاڵوگۆڕێک بکرێ؟ خۆ ئەگەر لە خۆمانی نەگۆڕین هەموو باش دەزانین کە هیچ ئاڵوگۆڕێکیش لەو سیستەمە بەدی ناکرێ. کەوایە دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ ئەزموون کردنی ئەو رێژیمە دەبێ بەو قەناعەتە بگەین کە نە دەسەڵات‌و نە کۆی سیستەمی دەسەڵاتداری‌و ئیداری ئەو وڵاتە، کولتوورو روانینی گشتیان بە نیسبەت جیهان‌و دەوروبەر، تەنانەت هی خەڵکەکەش دەگەڵ هی کوردان جیاوازی‌یەکی لە ڕادەبەدەری هەیە. با ئەو جیاوازیانە کە هەن‌و حاشایان لێ‌ناکرێ قەبووڵ بکەین‌و بۆ یەک جار لە سیاسەت‌دا ئازایی ئەوەمان هەبێ کە رابگەیەنین ئەو هەڵبژاردنە هیچ پێوەندی بە کوردەوە نییەو خۆی لێ بەدوور بگرین. بێ‌تەفاوەتی بێ‌تەفاوەت بین‌و تەنانەت تەحریمیشی نەکەین. تەحریم کردن جۆرێک رەوایی دانە بە هەڵبژاردن. لە جیاتی ئەوە هەوڵی وشیارکردنەوەی خەڵک بدەین کە هەڵبژاردن‌و مافی دەنگدان هێندە سووک‌و بێ‌نرخ نییە کاربەدەستانی رێژیم وا بە هاسانی خەڵکی پێ‌بکەن بە ئامرازێک تەنیا بۆ پڕکردنی سندووقەکانی دەنگدان‌و رەوایی بەخشینی ئەو رێژیمە.





# ئۆباما رووبەڕووی ئێرانیۆم

## ئێران خۆی بۆ رێکەوتنێکی ناوکی ئامادە کردوە، بەڵام پێویستە ئەمریکا هەنگاوی یەکەم هەڵێنێتەوە.

ن: وەلی نەسر

و، لە ئینگلیزی‌یەوە: مەنسوور پیرۆتی

رێک ئەو کاتەی کە جیهان هیوای بە گۆڕانێکی مانادار لە ئێران بوو، هەڵبژاردنی سەرکۆماری وڵات هەمووانی سەرسام کرد. بە دوای دووپات کردنەوەی سێناریۆی سەرکەوتنی بناژۆخوازان لە ٢٠٠٩ی زایینی‌دا، پاڵێوراوی ریفۆڕمخوازان، حەسەن رووحانی، کە کەمپەینەکەی لەژێر دروشمی میانەڕەوی لە نێوخۆو پێوەندی بنیاتنەر لەگەڵ دەرەوە وەگەڕ خرابوو، رکەبەرانی شکست دا تا لە دەوری یەکەم بە زۆرینەی دەنگ براوەی هەڵبژاردنەکان بێ. ئەمە سەرەتای رەت کردنەوەی سیاسەتوەرزی ئەحمەدی‌نژادو بە گەنگەشە کێشانی داخراوی‌و زەبروزەنگی بناژۆخۆزان لە گۆڕەپانی سیاسی ئێرانە. کۆمەڵگای جیهانی دەتوانێ بە روانگەیەکی خۆش‌بینانە سەیری ئەو راستی‌یە بکا کە زۆربەی ئێرانیەکان دەنگیان دا تا لەنێوان خۆیان‌و میراتی ئەحمەدی‌نژادو ئایوتوڵڵا عەلی خامەنەیی‌و، سپای پاسداران بۆشایی دروست بکەن‌و وشیاریان بکەنەوە تا جارێکی‌تر ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە رێگای تراژێدی ساڵی ٢٠٠٩دا تێ‌نەپەڕێنن.

ئەمانە هەموو هەواڵی دڵخۆشکەرن بۆ سیاسەتوانانی ئێرانی، بەڵام کام بابەت بۆ رۆژئاوا لەمەڕ چارەنووسی پڕۆگرامی ناوکی ئێران لە رۆژەڤ دایە. خۆش‌بینی‌یەکی رێژەیی هەیە کە پشتیوانی هەمەلایەنە لە میانەڕەوی، رەنگدانەوەی لەسەر میزی دانوستان‌و رەوتی وتووێژەکان دەبێ. رووحانی لە دەورانی بانگەشەکانی هەڵبژاردن‌دا سیگناڵێکی ئاشکرای رەوانەی دەرەوە کرد کە لە ئەگەری هەڵبژاردنی بە سەرکۆمار، ئێران لەو دوورەپەرێزی‌و گۆشەگیری‌یە دێنێتەدەر. هەوڵ بۆ سازان دەداو رێککەوتنی لە رووبەڕووبوونەوەو بەرگری بەلاوە پەسندترەو گوتی: «هیچ بەربژێری‌یەکی دیکەمان جگە لە میانەڕەوی نی‌یە«. ئەم تێ‌ڕوانینە وەرچەرخانێکی دیارو بەرچاوە، بەڵام هێشتا رێککەوتنێکی ناوکی لە هەوێڵ‌دا نییەو حەقیقەتی سورپڕایزی جۆزەردان، وڵاتە یەکگرتووەکان وادار بە گونجاندنی ستراتێژی‌یەکەی لەگەڵ بارودۆخی نوێی ئێران دەکا.

ئەگەرچی لە سەرەتادا شایەد رووحانی بتوانێ دەست پێشخەری بکا، بەڵام بڕیاری کۆتایی لەسەر پڕۆگرامی ناوکی لەلای خامنەیی‌یە. وڵاتانی دانوستانکار لەگەڵ ئێران لە گرووپی ٥+١ـ بەرەی دیپلۆماتیکی پێکهاتوو لە وڵاتانی رووسیە، چین، فەڕانسە، ئینگلیز، وڵاتە یەکگرتووەکان‌و ئاڵمان ـ دەتوانن ئەو وشکەبڕوایەی کە سەعید جەلیلی

پشتی پێبەستووە، ببینن. رووحانی هاندەری رێبەری بوو تا دەست لە پاڵێوراوی دڵخوازو هۆگری خۆی لەم هەڵبژاردنانەدا هەڵگرێ، بەڵام ئاشکرایە کە دەسەڵاتدارانی ئێران بە گشتی لەمەڕ مافی ناوکی خۆیان، زۆریان باوەڕ بە گۆڕانکاری نییە.

لەڕاستیدا سەرکۆمار رووحانی بە باشی ئاگاداری کێشە بنەڕەتییەکانی وتوویژ لەگەڵ گرووپی پێنج زێدە یەکە. رووحانی لە کەشی سیاسی ئێران بە توندی رەخنەی لێگیرا بۆ ئاشکراکردنی گرۆیی نەتەوەیی بۆ سازان لە ساڵی ٢٠٠٣، کاتێک وەکوو دانوستانکاری ناوکی ئێران، رەزامەندی لەسەر هەڵپەساردنی خۆبەخشانەی پیتاندنی ئۆرانیۆم دەربڕی بوو. ئەم پوانە بۆ لابردنی تەمومژ لە پێناو دامەزراندنی باوەڕی دوولایەنە بۆ رێککەوتنێکی ناوکی بەربڵاوتر بوو، بەڵام ریفۆرمخوازانی هیوابڕاو کردو کاتێک لە میانەی وتووێژەکاندا ئێران پرۆتۆکۆلەکانی رێکخراوی نێودەوڵەتی وزەی ناوکی پێشێل کرد، دانوستانەکان بێئاکام مانەوە. رێبەرو بازنەی راوێژکارانی بناژۆخوازیی ئەم هەڵپەساردنەیان وەکوو دەرخستنی لاوازی ئێران و دەرفەت بۆ گوشاری زیاتری نێونەتەوەیی لێک دایەوە. ئەوان رووحانییان بۆ بە لاڕیدا بردنی رەوتی وتووێژەکان سەرکۆنە کرد. هەڵپەساردنی خۆبەخشانەی پیتاندنی ئۆرانیۆم بە لاوازترین خاڵ لە کارنامەی ریفۆرمخوازەکان ئەژمار کراو لە ئاکامدا هێزێکی دیوەزمەی بناژۆخوازی ورووژاند کە لە کۆتاییدا بە هاتنە سەرکاری مەحموود ئەحمەدینژاد لە ساڵی ٢٠٠٥ خۆیان ناساند.

ئەحمەدینژاد بیرۆکەی هەڵپەساردنی پیتاندنی ئۆرانیۆمی پرۆتستۆ کردو بەری پێگرت. لەو رۆژانەدا رۆژئاوا بەستەیەکی نوێی دیپلۆماتیکی بە ئێران پێشنیار کرد کە بەپێی راپۆرتەکان لەخۆگری هاندەری تیجاری، بەڵێنی دەست وێراگەیشتنی درێژماوە بە کەرەستەی ناوکی و دڵنیاکردنی ئێران لەمەڕ ئەنجام نەدانی هەر شێوە هێرشێکی نیزامی بووە. سەرۆکی رووحانی، سەرکۆماری ریفۆرمخواز محەممەد خاتەمی، شکایەتی کرد کە رۆژئاوا شەڕخوازی قەیران خولقێنی ئەحمەدینژادی بە جێگەی هەوڵەکانی پێکەوەسازانی ریفۆرمخوازان خەڵات کردوە.

جارێکیتر تاقی کردنەوەیەکی تاڵ لە ئارا دایە، بەڵام ئەمجارە رووحانی پێی خۆش نییە مارکی سازشکار لەگەڵ رۆژئاوای پێوە بچەسپێنرێ. ئەو ئیتر دەست بۆ کردەوەیەکی مەترسیدار نابا مەگەر ئەوەی کە لە کاردانەوە ئێحتماڵییەکانی دڵنیا بێ. ئەم جارە ئەوە رووحانییە کە زیاتر لە ئەحمەدینژادو جەلیلی، پوان لە وڵاتە یەکگرتووەکان وەردەگرێ. بۆی هەیە پێشنیاری دانی پارچەی یەدەکی فڕۆکە، لە دەوری کۆتایی وتووێژەکان و ئیزنی فەرمی بۆ تیجارەتی زێڕو کانزا پڕبایەخەکانی پێبکرێ. رووحانی بەدوای پشتیوانی کردەکی بۆ بەڵێنەکان و بە فەرمی ناسرانی مافی پیتاندن بۆ ئێرانە.

مەسەلەی ئاڵۆز بۆ واشنگتۆن ئەوەیە کە لە قامەتی ریفۆرمخوازێکدا رووحانی بێگانە بۆ بەشێک لە کاربەدەستان و لاوازتر لە ئەحمەدینژاد دەبێ کاتێک هەوڵ بۆ سازان لەگەڵ رۆژئاوا لەسەر دامەزراوە گوماناوییەکانی ئێران دەدا. بەڵێنەکانی رووحانی لە دەورانی هەڵبژاردن و وەدەست هێنانی پشتگیری جەماوەری، ئەگەرچی دەرفەتی مانۆڕی پێ دەدا، بەڵام بەڕادەیەک نابێ تا ناوبراو لە دژکردەوەی بناژۆخوازان کە دژایەتی لەگەڵ هەر شێوە پاشەکشەیەک دەکەن، بپارێزی. بەم پێیە چاوەڕێی سیگناڵی تاسەمەندی ئەمریکاییەکان دەکا تا بەر لەوەی ریسکی پێکهاتن قەبووڵ بکا، پوانی جیددی بەدەست بێنێ.

بەدرێژایی هەشت ساڵی رابردوو سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان پشت ئەستوور بە گوشار بووە ــ هەڕەشەی شەڕو گوشاری ئابووری نێونەتەوەیی ــ بەجێگەی دانی پوان بە مەبەستی گۆڕینی محاسباتی ئێران. درێژەدان بەم ئاراستە کاردانەوەی پێچەوانەی لێدەکەویتەوە. ئەم رەوتە یارمەتی رووحانی نادا تا رێگایەکی نوێ بۆ وتووێژە ناوکییەکان تاقی بکاتەوەو بە نیشاندانی ئەوە کە ئەوان ناتوانن باشتر لە بناژۆخوازان لەسەر بابەتی ناوکی کار بکەن، دەتوانێ بە گشتی رێفۆرمخوازەکان تووشی گەنگەشە بکا.

واشنگتۆن دەبێ ئەوە لێک داتەوە کە سەرکەوتنی لە وەدەست هێنانی پشتگیری نێونەتەوەیی بۆ گۆشەگیرکردنی ئێران، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ کاراکتێری زێدەڕۆو بافیشکاری ئەحمەدینژاد. لە رەت کردنەوەی هۆلۆکاست، بانگەشە بۆ سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهانی و بە ئەنقەست ئاڵۆزکردنی گرژییەکان لەگەڵ رۆژئاوا، ناوبراو ئاسانکاری کرد تا ئێران وەکوو هەڕەشەیەکی ئارایی بۆ ئیسرائیل و مەترسییەکی راستەقینە بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی زەق بکرێتەوە. واشنگتۆن لەوە تێدەگا کە زۆر ئاستەمە بتوانێ وەها سێناریۆیەک بۆ سەرکۆماری ریفۆرمخوازی هەڵبژێردراو کە راشکاوانە سیاسەتەکانی پێشووی رەت کردۆتەوە، دووپات بکاتەوە.

درێژە بە قۆرخ کردنی هەموو لایەنەکانی دەسەڵات دەدەن. بە هەر شێوەیەک ئاکامەکانی هەڵبژاردن سیمای ئێرانیان گۆڕیوە، لانیکەم بەڕادەیەک کە هێمای پرسیار لەسەر رەوایی درێژەکێشانی سیاسەتەکانی واشنگتۆن دروست بکا. هەنووکە هەم شانس و هەمیش چاوەڕوانی هەیە تا واشنگتۆن بە گونجاندنی سیاسەتەکەی لەگەڵ دۆخی نوێی ئێران، لە ریفۆرمخوازان نێزیک

ئاراستەی پرۆگرامی ناوکی ئێران زۆر بەرتەسک بوونەو چاوەڕێی ئەوەش بووە تا تاران تەسلیمی بڕیارەکانی واشنگتۆن بێ. هیچ کام لە سەرکۆمارەکانی ئێران، بناژۆخواز یان ریفۆرمخواز، ئەم ئاکامە قبووڵ ناکاو شەڕە ئاگری سیاسی ئەم جۆرە کایە کردنە، لە نێوخۆی وڵات بۆ خۆی ناکڕێ.

بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتی




ئیتر وڵاتە یەکگرتووەکان ناتوانێ بە ئاسانی باس لە هەڵگیرسانی شەڕ ــ یا زەبر لێدان لە رێگەی داسەپاندنی مەینەتی ئابووری ــ لە بەرامبەر وڵاتێکدا بکا کە نیوەی حەشیمەتەکەی دەنگیان بۆ گۆڕانێکی ئەرێنی داوە.

سەرکەوتنی رووحانی بە مانای گۆڕانی رێژیمی ئێران نییە، بەڵام بە مانای گۆڕانی گۆڕەپانی یارییە. خامنەیی و سپای پاسداران

بێتەوەو دەرفەتی پێویست بۆ رووحانی بخولقێنێ تا بە وتووێژ لەمەڕ ئەم مەسەلە رێککەوتنێک لەگەڵ گرووپی ٥+١ پێک بێ.

لە ساڵی ٢٠٠٩ بەدواوە ئیدارەی ئۆباما تەرکیزی لەسەر گەمارۆی ئابووری ــ لەژێر هەڕەشەی دایمی شەڕ ــ کردوە تا ئێران ناچار بە مامەڵەیەکی ناوکی بکا. لە بەرامبەردا هاندەرو پوانەکانی ئەمریکا بۆ راگرتن یان گۆڕینی

سەرکەوتنی رووحانی و هەڵگرتنی لەمپەرەکانی بەردەم دانوستانە ناوکییەکان، پێویستە واشنگتۆن هاندەرو پوانی بەهێز لەسەر میزی وتووێژەکان بخاتەڕوو تا وتووێژ تەنیا لە پێناو وتووێژ نەبێ. پێویستە پێشنیار بە ئێران بکرێ تا لە بەرامبەر هەموار کردنەوەی گەمارۆکان، رەزامەندی لەسەر داواکارییەکانی رۆژئاوا دەربڕێ. لانیکەم وڵاتە یەکگرتووەکان خوازیارە تا ئێران داواکاری ئاژانسی نێودەوڵەتی

وزەی ناوکی(IAEA) لەمەڕ پشکنینی ناوەندە ناوکییەکانی قەبوول بکا؛ پیتاندنی ئۆرانیۆم بە ئاستی لە سەدا پێنج بەرتەسک بکاتەوەو پاشەکەوتی ئۆرانیۆمی پیتێندراو تا ٢٠ دەرسەد، لە ڕێگەی دەریاوە ڕەوانەی دەرەوە بکا. لە بەرامبەردا ئێران داوای بە فەرمی ناسیندرانی مافی پیتاندنی ئۆرانیۆمو دەستبەجێ هەڵگیرانی گەمارۆ سەقەتکەرەکان لەسەر ناوەندە ماڵییەکانو کەرتی هەناردەکردنی نەوت دەکا. ئەحمەدینژاد لە نێوخۆی ئێران بۆ ڕماندنو ڕووخاندنی ئابووری ئێران بە تاوانبار ناسراوە. پۆپۆلیزم، بەڕێوەبەری خراپو تەریک خستنی نێونەتەوەیی تێکڕا لێکئاڵاون تا ئابووری ئێران بە شێوەیەکی مارپێچی بەرەو نزمایی بەرن. لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩ تا ٢٠١٣، پێنوێنی ڕاستی گەشە(GDP) ٤٪ بۆ ٤./٪ دابەزیوە، ڕێژەی بێکاری تا ١٧٪ چوتەسەرێو هەڵاوسانی ئابووری گەیشتوتە ٣٢٪ ــ هەموو ئەم ژمارانە ئاماری فەرمی دەوڵەتین کە زۆر جار بۆ پەردەپۆش کردنی قورسایی ڕاستەقینەی گەمارۆ ئابوورییەکان، دەشێوێندرێن– وا مەزەندە دەکرێ کە نزیکەی ٤٠٪ی ئێرانیەکان لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. لەم بەستێنەدا ڕیفۆرمخوازان دەتوانن خێرا گەشە بکەن، ئەگەر بتوانن نیشان بدەن کە خاوەن هێزی جووڵە بە پێچەوانەی ڕەوتی باون تا لانیکەم بۆ یەکەم جار بە دوور لە گەمارۆی تایبەت، دەرفەتی دانوستان لەگەڵ ڕۆژئاوا بقۆزنەوە.

حکوومەتی ئۆباما ئەگەری هەڵگرتنی گەمارۆ ئابوورییەکانی ڕەت کردۆتەوە. بەم هۆیە بەرزبوونەوەی گوشاری ئابووری بۆ سەر ئێران، خاوەن پشتگیری جەماوەرییە لە ئەمریکاو زۆرینەی خەڵک لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئێران جێی متمانە نییە. کۆشکی سپی کە بە توندی چاودێری سیاسەتی ئێران دەکا، دووردیمەنی دیپلۆماسییەکی جیدیی لەگەڵ ئێران وەک مەترسییەکی سیاسی تاوتوێ دەکا– یارییەکی شەترەنجی پرمەترسی بە شانسی بردنەوەی زۆر کەمو ئەگەری دۆڕانێکی زۆر. سەرۆک ئۆباما خوازیاری ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران نییە، بەڵام حەزیش بە ریسک کردن ناکا– و کاتێکی زۆری بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە لەگەڵ کۆنگرەو ڕای گشتی ئەمریکا بردەسەر لەپێناو بەدواداچوون بۆ ڕێکارەکی دیپلۆماتیک. درێژەدانی ئەو شێوازە ــ بە پشت بەستن بە گەمارۆی ئابووری لەژێر دەمامکی دیپلۆماسی تەقینەوە ئاسا– ستراتێژی خۆگێل کردن لە پرسەکەیە. ئەمە بووەتە خاڵێکی بەسوود کە هاوپێچی ستراتێژی دەوڵەتی بووش کراوەو پێدەچێ لەلایەن کۆماریخوازانەوە بە توندی پرۆتستۆ بکرێ.

بەڵام سەرکەوتنی ڕیفۆرمخوازان لە ئێراندا دەبێ مەیدانی مانۆڕی زیاتر بۆ حکوومەت پێک بێنێ. ڕای گشتی ئەمریکا ئێستا بۆ کردنەوەی ئاراستەیەکی نوێ لەگەڵ ئێران ئامادەترەو هەڵبژێرانی ڕووحانی دەبێ هەوڵەکانی کۆنگرە بۆ سەپاندنی گەمارۆی زیاتر بەسەر ئێراندا، تووشی وەستانێکی کاتی بکا. واشنگتۆن ئێستا بە پێویستی نازانێ هیچ گەمارۆیەک لەسەر ئێران هەڵگرێ، بەڵام بەڕاستی پێی خۆشە ئەگەرەکانی پێدانی پوان بە ئێران تاوتوێ بکاو لە ئاکامدا بە گۆڕانێکی گەورە لە دانوستانەکانی ناوکی مەبەستی خۆی بپێکێ. شکست خواردنی ئەو بیرۆکە، هیچ شتێک لە بنبەستی ناوکی ئێران ناگۆڕێو گرینگی ڕیفۆرمخوازان دەشێ لەم ڕەوتەدا دەرکەوێ. تۆپەکە ئێستا لە زەوی واشنگتۆن دایە.

**سەرچاوەکان:**

Nasr, Vali. Foreign Policy. June 16, 2013. (http://www.foreignpolicy.com/articles/2013/06/16/regime_change_iran_nuclear_weapons_deal?page=0,1&wp_login_redirect=0) (accessed june .(26, 2013

تێبینی:

وەلیڕەزا نەسر(لەدایک بووی ١٣٣٩لە تاران)، خاوەن پلەی دوکتۆرا لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی «تافتس»، ئیسلامناس، مامۆستای زانکۆو ڕاوێژکاری پرسە نێونەتەوەییەکانە. سەرۆکی ئەکادیمی لێکۆڵینەوە پیشکەوتووەکانی زانکۆی «جانز هاپکینز» و ئەندامی پلە بەرزی ڕێکخراوی «بروکینگز»ە. ناوبراو وەکوو ڕاوێژکار بۆ پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کابینەی «باراک ئۆباما» کاری کردووەو چەندین وتارو کتێبی لە بارەی ئیسلامو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاو کردۆتەوە.





# تیرۆریستو سەرکۆماربوون





ئەحمەد مەکلاوەیی

ئەگەر بە کورتی ئاوڕێک لە مێژووی پڕ لە کارەساتی ئەو سیو چەند ساڵەی دەسەڵاتی ئاخوندەکانی دەسەڵات بەدەستی ئێران بدەینەوە، دەبینین هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێرەش پڕ لە کاری ترساندن، توقاندن، وەحشەت، زیندانی، مۆعتادکردنی لاوانو بڵاوکردنەوەی هەرجۆرە ماددەیەکی هۆشبەرو تیرۆرە. ئێستا کۆماری ئیسلامی ئێران بە تەواوی خۆی نەگرتبوو کە لە نێوخۆی ئێراندا دەستی لە کوشتنی زۆرێک لە خەڵکی باش کە لە لیباسی جیاوازدا دەژیان داو قەتڵو عامێکی بەرچاوی دەست پێکرد. بە دوای ئەوەشدا زۆر زوو دژی خەڵکی کورد دەستی دایە پیلانگێڕیو دەستووری جیهادی بۆ سەر خەڵکی کوردستان دەرکردو پاسدارەکانی ڕەوانە کوردستان کردن کە هەر چەند زەبری زۆر باشیشیان لێدان، بەڵام زیاتر لە پەنجا هەزار کەس لە خەڵکی کورد بوونە قوربانی سیاسەتە چەوتی کۆماری ئیسلامی.

جگە لەوەش پاش شکستی ئێران کە لەو شەڕەدا زیاتر لە ١٥٠ هەزار کەس لە منداڵانو مێرمنداڵانی ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ کردو بە کوشتی دان، لە ساڵی ١٣٦٧دا زۆر ناجوامێرانە دەستی کرد بە ئێعدامی خەڵکی شۆڕشگێڕو پۆل پۆل ڕەوانەی بن پەتی سێدارە کرانو کارەساتێکی گەورەی مرۆیی ئەنجامدا کە فەرامۆش کردنی ئەو تاوانە گەورە لە لایەن نەتەوەکانی ئێرانو بەتایبەتی نەتەوەی کوردەوە مەحاڵە. هەروەها هەنگاوانی کاری تیرۆریستیو تێکدەرانەو تەقاندنەوەی شوێنە سەربازیو ... وڵاتانی جیهان کاری ئەسڵی ئەو ڕێژیمە لە چوارچێوەی ئەو نیزامەدا بووەو بە دەیان شوێنیان لە وڵاتانی بێگانەدا تەقاندۆتەوەو زیانی گیانیو ماڵی زۆریان بە خەڵکی جیهان گەیاندوە. جیا لەوانەش بە دەیان ڕێبەرو سەدان کەسیان لە تێکۆشەرانی خەڵکی نەتەوەکانی ئێران لە نێوخۆو دەرەوە تیرۆر کردوە. هەروەها ئەگەر ئاوڕێکی جیدیو کورت لە نێوخۆ بدەینەوە کۆماری ئیسلامی بە هەزارن کەسیان لە سیا چاڵەکانی خوێناودا گوللەباران کردوە بە هەزارن جۆر لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە کراونو لە ژێر ناوی ئیسلامدا چ ناحەزو ناشیاوەو دوور لە ئەخلاقی مرۆڤایەتی دەرهەق بە کۆمەڵگای ئێرانو جیهان کردوویانەو دەستیان لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیچ جینایەتێک نەپاراستووە.

دەورە بەدوای دەورەدا کە سەرکۆماریان هەڵبژاردۆتەوە، بە پێی تەئیدی چوارچێوەی نیزامی کۆماری ئیسلامی قەبووڵ کراون‌و یەک بەدوای یەکدا کارەکانیان لەسەر سیاسەتی تیرۆریست بوون‌و بیری تەقاندنەوەو وێران کردن‌و ئاژاوەنانەوە لە جیهان‌دا بووە. هەر کاتێک سەرکۆمار هەڵبژێردراوە بێ‌شک نکوڵی لە کەسانی باش‌و خەڵک ویست کراوەو جەوی هەڵبژاردن‌و چۆنیەتی هەڵبژاردنیان بە قازانجی خۆیان گۆڕیوەو مانەوەی کۆماری ئیسلامی‌یان لە چوارچێوەی خۆی‌دا کردۆتە میلاک بۆ سەرکەوتنی کەسەکانیان. جا ئێستا کە چەند کەس لە سەرکردەی تیرۆریستەکان خۆیان بۆ سەرکۆماری کاندید کردوەو قەبووڵ کراون، بێ‌شک هەرچی نەتەوەکانی ئێران جیا لە مەیلی ئەوان بیکەن، دەی گۆڕن‌و بەلای نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا دەی‌شکێنەوەو کەس ناتوانێ بەو پێیە لە چوارچێوەی نیزامی کۆماری ئیسلامی بچێتەدەر.

بە بڕوای من دڵخۆش بوون بەوە کە لەنێو ریزەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا تەزاد هەیەو لە کاتی هەڵبژاردن‌دا بە قازانجی گەلانی ئێران شتێکی لێ شین دەبێ، شتێک لە ساویلکەبوون زیاتر نیەو کارو کردەوە ناڕازی‌یە دەستکردەکانی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ هەڵفریواندن‌و راکێشان‌و سەرقاڵ کردنی بیروڕای خەڵکی جیهان بووەو کات بۆ مانەوەی خۆیان دەکوژن تا هەڵبژاردن بە سەرکەوتنی خۆیان تەواو دەکەن‌و هیچی‌تر واتە هەموو دوعاکان هەر بۆ ئامینن. واتە ئەگەر هەرکام لەو تیرۆریستانە لە هەڵبژاردان‌دا سەرکەون ئەوە لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نیزام دەرناچن‌و بەرژەوەندی نیزامی کۆماری ئیسلامی‌یان لە هەموو شتێک زیاتر بەلاوە گرینگەو چۆنیشیان پێ خۆش بێ وەک هەڵبژاردنەکانی رابردوو ئاکامی دەنگدانی خەڵکانی ئێران دەگۆڕن‌و هیچ گرینگی بە دەنگی خەڵک نادرێ‌و لە روانگەی یاسا شاراوەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەنگدان مانایەکی نیە.









# ڕێزو نرخی لاوی کورد لە نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا



عەباس حەقبین

لە هەموو نیزامێکدا لاوان بەشی هێزو پاڵنەری وێناکردن‌و بەڕێوەبەری چەرخی سەنعەت‌و دابین کردنی وڵاتن. ئەوەی کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی لاوان‌و، بە تایبەتی لاوی کورد لە هزرو بە پڕاکتیک کردوویە، لە لایەک لە ئارەزوو و ویستی لاوان بە دوور بووەو هیچ پاساوێکی ئابووری، سیاسی‌و کۆمەڵایەتی هەڵناگرێ، لەلایەکی‌ترش رووخانی باری دەروونی، جەستەیی‌و بژیوی لاوی کوردی کردۆتە ئامانج‌و بە کردەوە کەلێنێکی گەورەی لە نێوان ئارەزوو و واقعێکی بە ئازاردا دروست کردوە. لەڕاستی‌دا دەنگدان دەربڕی لوتکەی بڕیاردانی ناخی مرۆڤە کە لە ئاکامی قووڵترین بیرکردنەوەدا هەڵدەقوڵێ‌و تێبینی‌و لێکدانەوەی تێدا بەشدارە، بۆیە خاوەنی نرخو بەها دەروونی‌یەکانی ئەو مرۆڤەیەو پێویستە رێزو بەهای خۆی لێ‌بگیرێ‌و پێی بدرێ.

لە نیزامی ئەم رێژیمە ماف سووتێنەدا نە تەنیا رێز لەم دەربڕینە ناگیرێ، بەڵکوو لە رێگای چەواشکاری‌یەوە گاڵتەو سووکایەتی بە تاک تاکی لاوی ئەم گەلە دەکاو هیچ نرخو رێزێکی بۆ دانانێ، بۆیە بە گۆپاڵ کردنی سیستمی ئیداری‌و خوێندن هەر شێوە هەڵوێستەیەک کەم دەکاتەوە. ئەم رووخانە دەروونی‌یە کە پڕە لە نائومێدی‌و بێزاری، تەوژمێکی وەها دەخاتە سەر لاوی کورد کە پەنا بۆ زۆر رێگای رەواو نارەوا دەبا بەو هیوایەی لەو بێزاری‌یە رزگاری بێ‌و تروسکایی‌یەکی هێمنی لە ناخی‌دا بپشکوێ. قەیرانەکانی بژیوی، فیکری‌و....، وا دەکا کە مەیدان فراوانی‌یەکی‌تر بۆ ئەم نیزامە دیکتاتۆڕە لە ئاست پیلانەکانی بکرێتەوەو بە ماددەی هۆش‌بەرو بەکرێ گرتن‌و... زۆر هۆکاری دیکە، پەرتەوازەیی‌و لێکترازانی زیاتر لەم پێکهاتەیەش‌دا پێک بێنێ‌و کۆسپێکی‌تر بخاتە سەر کۆسپەکان.

**لە رابردوودا لاوان چ کاریگەری‌یەکیان لەسەر هەڵبژاردن بووە لە نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا؟**

مێژووی رابردووی هەڵبژاردن لە ئێران‌دا شاهێدی ئەدات لەسەر بە قوربانی بوونی لاوان لەم بوارەدا بەو هیوایەی کە دوارۆژێکی گەش‌و سەردەمیانەو باشتر لە پێشوو وەدیی بێنن چەن‌و چەن جارەش روویان لە سەنگەرەکانی هەڵبژاردن کردوەو سەرنەکەوتنەکانی رابردوویان کردۆتە سەکۆیەک بۆ سەرکەوتنی داهاتوویان هەر جارەو لە قاڵبێک‌داو بە ویست‌و دروشمی نوێوە هەوڵیان داوە بەردەوام بن لە تێکۆشان. ئەم بەردەوامی‌یە وای کردوە لە پێکهاتەی نێوخۆی ئیداری ئەو رێژیمە کە هەست بە ترسێکی رووخێنەر بکەن‌و کێشەو رای جیاواز لە نێوانیان‌دا دروست بێ لەسەر بەردەوامی ئەو نیزامە لەو قەبارەو سەبکەی پێشوو یان ئەوی دیکە.

پێکهاتەی جەماوەری ئێران پێکهاتەیەکی گەنجانەیەو لە ریزی وڵاتە گەنجەکانە. بۆیە زۆربوونی ئەم رێژەیە لە راپەڕینی 1357ی‌هەتاوی بەدواوە خاڵی سەرەکی ترس‌و دڵەڕاوکێی کاربەدەستانی ئەو رێژیمە بووە. ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کە گەنجی کورد بەردەوام بڕوای بە گەشەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گۆڕانەو مەنگ بوونو پەنگ خواردنەوەی ئەم ویستانە هێزێکی رووخێنەر بەرهەم دێنێ.

یەکەم هەڵبژاردن لە ئێراندا بە مەبەستی وێنای ئەو وێرانکاریانەی بوو کە بە خوێنی سەدانو هەزاران شەهیدی ئەو گەلانە بە دەست هاتن. ئەو کاتانەی کە دروشمەکانی "ئێمە خەڵکی دیهاتین– بۆ تێهەڵدانی شا هاتین"، ئەو نیزامەی لە ریشە هەڵکەند. هەر برووسکەی ئیرادەی لەبران نەهاتووی لاوی کورد بوو کە دواتر خرایە نێو چوارچێوەی "جمهوری ئیسلامی ئەرێ یان نا"؟ ئەوان بەرچاوروونی ئەوەیان هەیە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لەو بەشەیدا کە پەیوەندی بە ئەرکەکانی دەوڵەت بۆ جەماوەرو نوێنەری جەماوەرەوە هەیە ساختەکاریو چەواشەکاری کردوە یان بەواتایەکی‌تر ئەنجامەکە لە پێشوودا دیاری کراو بووو چوونی ئەوان هیچ کاردانەوەیەکی ئیداریو رامیاری لەسەر دەستی چارەنووسی ئەم وڵاتە نەبووە.

**هۆکارو پاڵنەرەکانی لاوان:**

ئەو گوشارو تەوژمانەی کە ئەو نیزامە بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگای ئێران ئەی سەپێنێ، رێگای جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێ وەک، بێبەنزین کردنی شۆفێرەکان، لە پەراوێز خستنی کارمەندەکانی بەهۆی نەبوونی مۆری دەورەی هەڵبژارنەکان لەسەر سجیلەکانیانو بەرەو چارەنووسی نادیار چوونی قوتابیەکانو زۆری دیکە..... .

ماندووکردنی سیستمی شانۆی هەڵبژاردن بە بەردەوامی ئەوە دەسەلمێنێ کە ئێمە داخوازیو ویستو ئارەزوومان هەیەو هیچ زەبروزەنگو فرتو فێڵێک رێگەی پێناگرێ. شانۆگێڕەکان لە ژێر تیشکی ئەم راستیەدا وێڕای رووخانی دەروونیو زاتی، ترسو وەهمێکی زۆریان لەم بەردەوامیە هەیەو ئاکامەکانیشی لە کەلێنەکانی ئەو رێژیمە لە قەبارەدا خۆ دەنوێنێو ئاشکرایەو رابردووش سەلماندوویەتی.

پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی لەم بەرەوپێشوازی چوونەدا هێندە لەرزۆکو بێ بنەمایە کە لە زەمیری هەموو رووناکبیرێکدا بەروونی هەستی پێ دەکرێ، کێشەو پێکدادانی باڵەکانی راستیەکی حاشا هەڵنەگرە بووێنە، بۆ ئەم هەڵبژاردنە کچی خومەینی بە شێوەیەکی تەبلیغی پشتگیری ئەحمەدینەژاد دەکاو رێبەری ئەم نیزامە ئێستا رەدی دەکاتەوە. ئەم پاپۆرە بێ پشتیوانە بەبێ سووتەمەنیو سوکانداوو... بەرگەی ئەم شەپۆلە واقعانە ناگرێ. هەروەها پێگەی جەماوەریو ئابووریو سەربازیو رامیاری ئە حکومەتە ئاوێنەی نەفی نوێنی ئەو راستیەین کە: قەلای باوەڕ قەت نارمێ ...... شیرو تیری کەی نای برێ

ئەوە لە لایەکو تەوژمی گۆڕانە ناوچەیو جیهانیەکانیش لە لایەکیتر پاڵەپەستۆیەکی بەهێزی خستوتە سەر ئەو رەوتەو چاوەڕانیەکی بەرفراوان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بزاڤی رزگاریخوازی جیهانی لەم رێژیمە دەکرێ.

لاوی کورد لە ژێر سێبەری پاوانخوازی دەسەلاتدارانی ئەم رێژیمەوە بەرەو چارەنووسە نادیارەکان راپێچ دەکرێ. تەوژمی ئابووری ـــ بێکاری، خراپ گوزەرانی خەڵک، نەبوونی ئەمنییەتە جۆراوجۆرەکان، گۆڕان لە وڵاتانی ناوچە، رەوتی گڵۆبالیزمو زۆری دیکەش لەو چوارچێوانەن کە دەسەلاتدارانی تاران بەستۆتەوە.

لە بواری فکریشەوە هەرەس هێنانی ئایدۆلۆژیک لە فکرو هێزدا واقعێکی حاشا هەڵنەگرە. بیرکردنەوە لە ئازادیە گشتیو تاکەکەسیەکان بۆتە رەوتێکی جیهانیو ئاسایشێکی گشتیو دیمۆکراتیک، تیشکی خستوتە سەر هەموو فەلسەفەیەکی سیاسیی لە جیهانی ئەمڕۆداو، جۆراوجۆری لەنێو بافتەکانی ئایینی شیعەش بەشێکی دیکەی کێشەکانی ئەم دەسەلاتەیەو نەگونجانێکی بنەڕەتیو فکری لە فەلسەفەی ئەم ئایینەدا دروست بووە بەشێوەیەک کە لە لقەکانی دیکەی جیا لە شیعەی دوازدە ئیمامی لە هاوکێشەکانی دەسەلاتداری ئەو نیزامە(قانون اساسی)دا هیچ پێگەیەکیان نیە.

بەشێوەیەکی دیکە لە کاتی دەنگداندا دەنگی متمانەیان لێ وەردەگیرێ، بەلام بەشداری دەسەلاتی سیاسیان ناکاو، ئەمەش ساردی یەکی بنەڕەتی خستوتە سەر پەیوەندیەکانیان. بە گشتی لاوی کورد لە خۆپالاوتنو دەربڕی بوونو پاراستنی ئارەزوو و بەهاکانی لە سێبەری ئەم هەڵبژاردنەدا خۆ نابینێتەوەو بەبێ ویستی خۆی دەبێتە قوربانی دەسەلاتو میکانیزمێکی بێبەزەییو دیکتاتۆرانە.



# پەیامەکەی پژاکو، وەڵامە دژی گەلیەکەی کۆماری ئیسلامی



ئایەت مرادیفەر

بەرلە هەڵبژاردنەکانی یازدەیەمین خولی سەرکۆماری رێژیم، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان(پەژاک) لە پەیامێکدا بۆ رێژیمی کۆماری ئیسلامی داوای لە خامنەیی رێبەری رێژیم کرد کە بۆ چارەسەی کێشەی نەتەوەکانو یەک لەوان نەتەوەی کورد بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵوگۆڕەکانی ئەمڕۆی رۆژهەلاتی نێوەراست کە تێدا تێپەڕ دەبێ هەنگاوی جیددی هەڵ بگرێو رێز لە ویستو داخوازی نەتەوەکانو یەک لەوان نەتەوەی کورد بگرێ. ئەگەرچی ئەم پەیامەی پەژاک لە بنەڕەتدا داخوازیەکی ئەرێنیو پێداگرییەکیتر بوو بۆ چارەسەری ئاشتیانەی نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، بەلام پاش ماوەیەک کۆماری ئیسلامی لە وەلام دانەوەیەکدا نەک داخوازیەکانی نەتەوەی کوردی لە بەرچاو نەگرت، بەڵکوو هێرشی توندی کردە سەر پەژاکو لە چەند لاپەرەیەکدا پەژاکی وەک دژبەرێکی نەتەوەی کوردی زانیو دیسان لە وەلامە چەواشەکارەکانیدا بە زمانێکی دوور لە ئەخلاقی پەیامێکیتری بە پەژاکو بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان گەیاند.

شایانی ئاماژە پێدانە هەر لەو پێوەندیەیدا بزووتنەوە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامیش کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، لە چەند وتووێژو پەیامی جیا جیادا پێداگریان لەسەر رێگا چارەسەری ئاشتیانە نەتەوەی کورد کردووەو تەنانەت سکرتێری گشتیی «حدک»، بەڕێز خالید عەزیزی لە چەند وتووێژێکدا بە فەرمی رایانگەیاند، ئامادەین لەسەر داخوازیەکانی گەلی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتووێژو هەنگای جیددی بنێینو ئەگەر دەرفەتی خەباتی مەدەنیش لە ئارادا بێ لە وڵاتی خۆماندا درێژە بە خەباتی مەدەنی بدەین. ئەگەر بە وردی خوێندنەوە لەسەر وەلام دانەوەکانی کۆماری ئیسلامی بەکەین بۆمان دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی بەم زمانە دوور لە ئەخلاقیەدا نەک بە شوێن چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورددا نیە، بەڵکوو داخوازیەکانی گەلی کورد بە هاندانێک بۆ سەر نەتەوەکانیتر دەزانێو لە جیاتی گرتنەبەری رێگای ئاشتیانە درێژە بە سەرەڕۆییو سەرکوتکاریەکان دەدا.

لێرەدا ماهییەتی ئەم نیزامە دژە نامرۆڤانەیە لەوەدا دەردەکەوێ کە چالاکانی سیاسیو رۆژنامەنووسانی رۆژهەلاتی کوردستان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بە تۆمەتی ئەمنییەتی دەستبەسەر کراونو لە سەرەتاییترین مافەکانیش بێبەشن کە ئەمە نموونەی ئەو مافەیە کە کۆماری ئیسلامی پێشکەشی بزووتنەوەی کوردو داخوازیەکانی کردوە.

نێوەرۆکی ئەم نامەیەی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەک نووسراوە کە وەک ئەوەی هەلوێستی بەرامبەر وڵاتێکی دژبەری خۆی گرتبێو هەر جۆرە داخوازیەکیش بە تێکدانی وڵات دەزانێو ئەو پەیامەی ئەوە دەگەیەنێ کە شتێک بە ناوی کێشەی کورد بوونی نیە و باس کردنی چارەسەری کێشەیەک بە ناوی کردووە بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر نیزامو دەسەلاتەکەی دەزانێ.

هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەو بەشداری خەڵک پەیامێکیتر بوو بۆ حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان کە نەبوونی یەکیەتیو، نەبوونی خەباتێکی بەهێز مەیدانێکی دیکەی بۆ کۆماری ئیسلامیی خوڵقاندوە کە داخوازیەکانی نەتەوەی کورد وەک بێ رێزیەک چاو لێ بکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# کۆمەڵگای مەدەنی



رەحمان پیرۆتی

**پێشەکی:**

ڕەوتــــی بـــەرفـــراوانـــی گـــۆڕانخـــوازی لـە بـوارەکـانـی سیاسی، ئابووریی‌و کولتووریی، لە دیاردە بەرچاوەکانی سیمای سـیـاسـیـی سـەردەمــە. ئـەم گۆڕانکاریانە جیهانی تووشی ئاڵوگۆڕێکی پێکهاتەیی کردوەو ڕەوتـێـکـی نـوێ‌و هـەمـەلایـەنـی بەخۆوە گرتووە. لایەنێکی ئەم گـۆڕانـکـاریـانـە گـوشـار هێنان بو وڵاتانێکە کە لە پێکهاتەی خـۆیـان ڕەچــاوی پڕەنسیپ‌و یاساکانی زاڵ بـەسـەر نیزامی جیهانی ناکەن، بۆیە دەکەونە ژێر ڕەهێڵەی ریفۆرم‌و گۆڕانکاری. زۆر جار بواری ئەم گۆڕانکاریانە بـنـەڕەتـی‌و گشتگیر نـەبـووە، بەڵام بە گشتی مەترسی‌و ڕۆڵی خراپکارانەی ئەم ڕێژیمانەی کەم کـردۆتـەوە. ئاکامی ئـەم ڕەوتـە دەتوانێ لە دیمۆکڕاتیزە کردنی وڵاتـانـی ڕۆژهـەڵاتـی ناوین خۆ بنوێنێ.

پرۆسەی دیموکڕاتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوین مەترسی‌یەکی زۆری خستۆتە سەر ڕێژیمگەلێک کە بەربەرەکانی سەقامگیربوونی دیمۆکڕاسی دەکـەن، بە تایبەتی ئەم دەوڵەتانەی بە پێکهاتەیەکی نـادیـمـۆکـڕاتـیـک لـەگـەڵ هـەر چـەشـنـە ئـازادی‌یـەک نـامـۆن‌و دژایـەتـی دەکـــەن. هـەرچـەنـد کـە دەســەڵاتـە ســەرەڕۆکـان هـەوڵ دەدەن‌و واش پێ‌دەچێ کـە لـە ڕێـگـای وەگـەڕخـسـتـنـی ڕێکخراوە هەواڵگری‌یەکان، هێزە ئەمنییەتی‌یەکان، بەندیخانە، سێدارەو تیرۆر، بەدەستەوەگرتنی سـامـانـە نـەتـەوەیـی‌یـەکـان، سـەرچـاوە سروشـتـی‌یـەکـان‌و تواناکانی بەرهەمهێنانی وڵات وا پـێـشـان بـدەن کـە خـاڵـی لاوازی‌یان نییە، بەڵام بێ‌گومان دیکتاتۆرەکان لە زۆر بـواردا لاوازن‌و گرینگ دەست نیشان کـردن، دۆزیـنـەوەو چڕبوونەوە لەسەری خاڵە لاوازەکانیانە. لە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان‌دا هەردەم ڕوانگە، بۆچوون‌و سیاسەتەکانی پێشوو پێش بە توانای وەرگرتن‌و ڕەچاوکردنی سیاسەتی نوێ‌و ڕوانگەی سەردەمیانە دەگرێ‌و نوێ نەبوونەوە بەپێی پێویست، خاڵێکی بنەڕەتی لاوازی دەسەڵات یـا سـیـسـتـمـێـکـی دیـکـتـاتـۆڕو سـەرەڕۆیـە. سـەرچـاوەی بـڕیـاردان‌و بـەڕێـوەبـەری لە سیستمێکی دیـکـتـاتـۆڕدا زۆر بەرتەسکە، هـەر بۆیە ئەگەری ئـەوە هـەیـە بـەردەوام تووشی هەڵە بن‌و سەرچاوەی مرۆییان بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان کەم بـێـتـەوە. متمانە لـە دەسـەڵاتـی دیـکـتـاتـۆڕی‌دا زۆر لاوازەو کـەمـتـریـن ئـاسـتـی مـتـمـانـە لـەم شـێـوە دەسـەڵاتـە دایـە، تـاک یا لایەنی سیستم بۆ خۆش‌کردنی جێگەیان بـەردەوام لەگەڵ یەکتر تووشی کێشە دەبن. هـەروەهـا ئـەگـەری هەڵوەرینی ئەندامان‌و بـەدەنـەی سیستم لـە حـاڵـەتـی نارەزایەتی‌دا زۆرە. ئەگەر بنەمای دەسەڵاتیان ئایدۆلۆژیک بێ، ئەوە ڕەخنەگرتن لە ئایدۆلۆژیی‌و بنەما فکری‌یەکانیان دەتوانێ ببێتە هۆی دروست بوونی گومان‌و پرسیار. بەشێک لەم گومان‌و پرسیارانە بـەدوای ڕاسـتـی‌دا دەچـن‌و لە ئاکام‌دا دیکتاتۆڕی ناتوانێ بەر بە ڕوون بوونەوەی خەڵک بگرێ. لە سیستمی بەڕێوەبەری دەسەڵاتی دیـکـتـاتـۆڕی‌دا نـاوەنـدگـەرێـتـی بـەرچاوەو لە سەردەمی نوێ‌دا ئەم شێوە سیستمە بەڕێوەبەری‌یە نـاکـارامـەیـە. ئـەگـەریـش لـەم شـێـوە دەسـەڵاتـەدا هـەوڵ بدرێ تـا ڕادەیــەک بـەڕێـوەبـەری چڕ نەبێتەوەو دابەش بێ، ئەوە چونکە بنەمای پێکهاتەیی لەگەڵی ناتەبایە دەبـێـتـە هـۆی کـەمبـوونـەوەی ئاستی دەسەڵاتی بەسەر هەندێک لە ناوەندی دەسەڵات.

بە پێی ئەو تایبەتمەندی‌یانە، کۆماری ئیسلامی ئێران ڕەگەڵ خێلی ڕێـژیـمـە سـەرەڕۆیـەکـان دەکەوێ کە لەگەڵ دابەش کردنی دەسـەڵات نـاتـەبـایـەو پـێـڕەوی لـە سـیـاسـەتـی سـانـتـڕالـیـزمـی نادیموکڕاتیک دەکا. گەلانی ئێران خوازیاری گـۆڕان‌و لەنێوبردنی دەســەڵات‌و ســەروەری هـەر چەشنە بیروباوەر، دامـەزراوەو ڕێـکـخـراوێـکـی پـێـشـێـلـکـەری دیـمـۆکـڕاسـی‌و ئــازادی‌و مافی مرۆڤایەتین.

چالاکی‌و کاریگەری کۆمەڵگای مــەدەنــی خــاڵــی بــەرابــەری سەرەڕۆیی‌یەو بە جووڵانەوەی گـرووپـە کـۆمـەڵایـەتـی‌یـەکـان دەژمێردرێ، سەقامگیربوونیشی گرەنتی پاراستن‌و وەدیهاتنی مەرجەکانی ژیانی گونجاوترو مەقبووڵترە. دامەزراوەی مەدەنی سـەلـمـێـنـەری کـومـەڵـی ئـازادو دیمۆکڕاتیکە. ئـەم دامـەزراوانـە هـەول بۆ پێکـهێنانی بـواری گونجاو دەدەن تا هـاووڵاتـیـان لـە بـەهـێـزکـردنـی حـکـوومـەتـی دیمۆکڕاتیک بـەشـداری چالاک بـنـوێـنـن. دامــەزراوەکـــانـــی کۆمەڵگای مەدەنی بە پشتیوانی گـەلانـی وشـیـارو پێشکەوتوو بـە مسۆگـەریـەکـی تـەواو دژی سەرەڕۆیی‌و لاساری حکوومەتە نابەرپرسەکان دەوەستـنـەوە. بوونی دامـەزراوەکـانـی مەدەنی بەهێز پێوەندی ڕاستەوخوی بـە پێک هێنانی کومەڵگایەکی دیمۆکڕاتیک‌و فرە لایـەن هـەیە. زۆربـەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان پشت بەستوو بە یاسا، مـافـەکـانـی کـۆمـەڵـگـای مـەدەنـی مـسـۆگـەر دەکـــەن‌و هـاوکـات پـاریـزەرو هـانـدەر دەبـن بۆ پێکەوەنانی کۆمەڵێکی زیندوو و کراوە.

پێناسەو مەرجە بنەڕەتی‌یەکانی کۆمەڵگای مەدەنی:

ئـاشـکـرایـە کـۆمـەڵـنـاسـان بـایـەخ‌و گرنگی‌یـەکـی تایبەت بـە مـەسـەلـەی پێناسە کردن‌و ڕوون کـردنـەوەی واتـای ئەو چـەمـک‌و دەسـتـەواژانـە دەدەن، کە پەیکەرێکی بیرو بۆچوون‌و تیۆری فیکری‌و فەلسەفی لەخۆ ەەگرن. چەمکی «Society civ-il" باسێکی فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئـاوایـی‌یـە کـە بـە واتـای کـۆمـەڵـگـای مـەدەنـی یا کـەرتـی تـایـبـەت(حـوزەی خـصـوصـی)و نادەوڵەتی پتر دانی پێ داندراوە. کـۆمـەڵـگـای مـەدەنـی بەستەری چالاکی سەربەخۆو فرەلایەنی تایبەتی‌و گشتی لـە دەرەوەی هـەژمـوونـی‌و ڕکـێـفـی دەوڵـەت دەزاندرێ کە بە سەربەستی تاک، خودموختاری ناوچە، ئەقڵانییەت، سـەروەری یـاسـا، پلۆرالیزم، ئـازادی ڕا دەربڕین، بەشداری هـاووڵاتـیـان لـە بـزووتـنـەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان، کەرتی گشتی، هەبوونی یەکیەتی‌و سەربەستی پیشەیی ئاشکرا، دامـەزراندنی ڕێـکـخـراوەکـانـی شـوێـن‌دانـەر

بۆ چاوەدێریو بەربەست کردنی دەسەڵاتی دەوڵەتو دامەزراوەکانی سەربەخۆ بۆ دابین کردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان پێناسە دەکرێ. هەڵوێستی نافەرمی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕێوشوێنی چالاکی تاکو کۆمەڵی هاوولاتیانە، بۆ وەدیهێنانی خواستەکانی گشتی بێ ئەوەی کە دەسەڵاتی هەژموونێکی سیاسیی بە سەریدا زاڵ بێ. کۆمەڵگای مەدەنی بە دوو بەشی سیاسیو غەیرە سیاسی دابەش دەکرێ:

ئەلف: بەشی سیاسی پێکهاتووە لە تەواوی ئەو ڕێکخراوو پارتە سیاسیانە کە ڕۆلێکی پووچەڵکەرەوەیان(خنثی کننده) لەمەڕ سیاسەتەکانی دەوڵەت هەیە یان بەواتایەکیتر ئەو هێزە سیاسییانەی وەک ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەتی سەرەڕۆ پێناسە دەکرێن.

ب: بەشی ناسیاسی یا مەدەنی، سەرجەم دامەزراوە پیشەییو نادەوڵەتییە کولتووریو کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێ. شایانی باسە چاکسازی دیمۆکڕاتیکی سیاسی- ئابووری دەرفەتی گونجاو بۆ پێکهاتنی، ئەخلاقی مەدەنی دەڕەخسێنێ. کۆمەڵگای مەدەنی بە درێژایی پێکهاتنی، فۆڕمو شێوازی تایبەت بە سەردەمی بەخۆوە گرتووەو خاوەن بیرۆکەکانی فەلسەفەی سیاسی وەک تۆماس هابز، جان لاک، هێگل، مارکس، جان ستوارت میل، ئالکسی

**ئازادی پێکهێنانی ئەنجومەنە خۆ بە خشە کان بەشێکیترە لە بنەماکانی پێکهاتنی کۆمەڵگای مەدەنی. دامەزراوە مەدەنییەکان پێویستییان بە پاڵپشتی یاسا هەیە تا بتوانن ڕۆڵی ئەرێنیو ڕاستەقینەی خۆیان بگێڕن.**

دۆتۆکویلو هەروەها لایەنگرانی بیرۆکەی پۆست مۆدێرنیزم لە سەری دواون. کۆنترین باسەکان لەو بوارەدا دەگەڕێنەوە بۆ کاتی بەر لە پێکهاتنی دەوڵەت. ئەم باسە کە لە لایەن کۆمەڵێک کۆمەڵناسو فیلسووفی سیاسیی لایەنگری بیرۆکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی(قرارداد اجتماعی) هاتۆتە نێو بازنەی باسەکانی رابردووی کۆمەڵایەتی. بەو پێیە بەر لە پێکهاتنی دەوڵەت خەڵک خۆی بە دامەزراندنی ڕێکخراوو گرووپ داکۆکییان لە بەرژەوەندی گشتی دەکرد. لە لایەکیتر کەسانێک، سەرەتای دامەزراندنی دامەزراوە مەدەنییەکان دەگەڕێننەوە بۆ یوونانی کۆنو باس لەوە دەکەن "ئەرەستوو" فیلسووفی یوونانی بۆ جاری یەکەم کەڵکی لە دەستەواژەی کۆمەڵگای مەدەنی لە ژێر ناوی "دەوڵەت شار" لە بەرابەر سیستمە پاشکەوتووو کۆنەکان وەرگرتووە. لەڕاستیدا داڕێژەرانی بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ کۆتاییهێنان بە تۆتالیتاریسمو سەرەڕۆیی دەوڵەتەکانو دەسەڵاتی سیاسیی نادیمۆکڕاتیک لەهەر کاتێک کەڵکیان لێ وەرگرتووە، گەرچی شێوازی جیا بۆ گەیشتن بەم دیاردە دیمۆکڕاتیکە تاقی کراوەتەوە. چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی بەو بنەما ئەمڕۆیانەی بە واتایەکی نوێو مۆدێرن سەیر دەکرێ. کۆمەڵگای مەدەنی لە دنیای نوێی پاش شەڕو شۆڕشە مەزنەکانو پێکهاتنی





گەورە شارەکان، هاوکات لەگەڵ گەشەسەندنی تیجاری- سەنعەتی کە وێرای بە دەسەڵات گەیشتنی بە سەروەری فیئۆدالیزم، دەوڵەتی ئاریستۆکڕات(ئەشرافی) و سەرەڕۆو کلیسای کاتۆلیک کۆتایی هێناو دەرەتانی دامەزراندنی ئەنجومەنو ڕێکخراوگەلێک کە پارێزەری سەرەکی بەرژەوەندیو مافی گشتی کۆمەڵانی خەڵک لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی دەوڵەت بوون، پێکهێنا. دونیای کۆن بە تایبەتمەندییەکانی وەک زاڵ بوونی کۆسپە سروشتییەکانو تێکەڵاوی خەڵک لەگەڵ پێش داوەریو دەمارگرژیو باوەڕی ئایینیو کۆمەڵێک ئەخلاقیاتی سوننەتی، کاتێک رووی لە تێپەربوون بەرەو دنیای نوێ کرد، تایبەتمەندییەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتو لە دونیای نوێدا جێگایەک بۆ قەشەو پێشڕەوانی ئایینی لە بەستێنی کۆمەڵگاو دەسەڵاتی سیاسی پێناسە نەکرا. دۆزینەوەی ڕاستییەکانی سروشت، خۆی بنەمای راهێنانێکی ئەقڵانی بوو کە بیروباوەڕی کۆمەڵانی خەڵک، واقیعی دنیای نوێ شروڤە بکا. رەوایی دەوڵەتەکان لە دونیای مۆدێرندا لە چوارچێوەی رازی بوونو تەئیدی کۆمەڵانی خەڵک پێناسە کرا. خوڕافەپەرستی لە گۆڕەپانی دونیای نوێدا دۆڕاوی ڕاستەقینەی کێبڕکێ لەگەڵ ڕێئالیزمو ئەقڵانییەت بوو. ئایین لە دونیای دەسەڵاتی بێسنوور دابەزێندراو وەک باوەڕی تایبەت بۆ تاک سەیری کرا. چەمکی چالاکی مەدەنی لە دەیەی هەفتای سەدەی بیستەم لە لایەن هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنو بەرهەڵستکاری وڵاتانی کۆمۆنیست وەک ستراتیژی خەباتی سیاسیی بۆ یەکەم جار کەڵکی لێ وەرگیرا. بزاقی یەکیەتیو هاوکاری سۆلیداریتی(Solidarity) لە لەهێستان بۆ یەکەم جار کەڵکی لەم چەمکە وەرگرتو بە پێکهێنانی ڕێکخراوە لە دەرەوەی بازنەی دەوڵەت بە مەبەستی دامەزراندنو سەقامگیری کۆمەڵگایەکی دیمۆکڕاتیک لە دژی دەوڵەتی پاوانخوازو سەرەڕۆ، روانینێکی سەردەم بوو و وەک ئەڵتڕناتیڤی سوسیالیزمی تۆتالیتێر پێک هاتبوو. شێوازێکی سیاسی تیۆریکو پڕاکتیکی نوێ بۆ گۆڕان لە کۆمەڵگایەکی تۆتالیترو چەقبەستوو بە کۆمەڵگای دیمۆکڕاتیکو مەدەنی کە توانای گەشەسەندنی، بە کەڵک وەرگرتن لە پێشکەوتنە مەدەنییەکانی دونیای نوێو دەستکەوتە زانستییەکان، لەهەر بوارێکدا، بۆ دەرەخسێ. کۆمەڵگای مەدەنی بە واتا ئەمڕۆییەکەی پێوەندی لە پسانەهاتووی بە سەرهەڵدانی دەوڵەتە دیمۆکڕاتیکە هاوچەرخەکانەوە هەیەو وەک بنەمایەکی سەقامگیربوونی دیمۆکڕاسی، دانی پێ دانراوە. پێکهاتنو گەشەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی چەندین شێوازو مەرجی بنەمایی لەخۆ دەگرێ. کورتە ئاماژەیەک بەو بنچینانە دەری دەخا کە سەقامگیربوونی کۆمەڵگای مەدەنی بێ ئەوەی بنەماکانی بوونیان هەبێ، کارێکی ئەستەمو هەست بە مەترسی بە لاڕێدا ڕۆیشتنی دەکرێ. شوێنەوارو بڕشتی بنەماکانی مافی مرۆڤو مەدەنییەتو دەسەڵاتی بهڕێوەبەری یاسا، لە مەرجە بنەڕەتییەکانی پێکهاتنی کۆمەڵگای مەدەنی دەژمێردرێ. یاسای وڵات ئەگەر ڕێز لە مافی تاکەکانی کۆمەڵ نەگرێ، ناتوانێ دەرەتانی پێکهێنانی دامەزراوەیەک بدا کە هەوڵ بۆ سەقامگیری بنەما مرۆڤایەتیەکان دەدا. یاسا دەبێ لە سەر بناغەیەکی مرۆڤایەتی داڕێژرابێ، نەک لە ژێر کاریگەری هێز یا لایەنێکی سەروو یاساوە بێ کە سەروەری یاسا پێشێل بکا. یاسا بنچینەییەکان بۆ پشتیوانی کردن لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەوانەن کە پشتیوانی لە ئازادی ڕادەربڕینو پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵی ئاشتیخواز دەکەن.

ئازادی پێکهێنانی ئەنجومەنە خۆبەخشەکان بەشێکیترە لە بنەماکانی پێکهاتنی کۆمەڵگای مەدەنی. دامەزراوە مەدەنییەکان پێویستییان بە پاڵپشتی یاسا هەیە تا بتوانن ڕۆڵی ئەرێنیو ڕاستەقینەی خۆیان بگێڕن. حکوومەت دەبێ توانای تەحەممول کردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەبێ. بایەخە بنەڕەتییەکان لە ئەخلاقی سیاسیی کۆمەڵگای مەدەنیدا بریتین لە:

وتوویژ، هێمنی، ڕێککەوتن، کۆک بوون لەسەر بنەمای کێبەرکێی سالمو ئاشتیانە، ئەقڵانییەتو مرۆڤ دۆستی، دەگەڕێنەوە بۆ بوونی هاووڵاتیانێک کە باوەڕمەند بە چالاکیو هاوکاری لە نێوان خۆیاندا بنو هەردەم وەک تاک ئامادەی بەشداری سیاسیو خولقاندنی بارودۆخو داهاتوویەکی باشتر بکەنو ڕێز لە بەرژەوەندی گشتی بگرن. بنەمایەکیتری کۆمەڵگای مەدەنی دەست تێوەرنەدانی ڕێکخراوە نەریتییەکان لە ئانالیزەکردنی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیو دەست نیشان کردنی یاسای زاڵ بەسەر ئەو هەڵسوکەوتانەدا. ئایین یا ئایدۆلۆژی کاتێک تێکەڵاوی دەسەڵاتی سیاسی بێ، دەتوانن وەک یەک لەم ڕێکخراوە نەریتییانە، یاسا و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی دابڕێژێ کە خۆی پێشێل کردنی مەرجێکی بنەماییە بۆ سەقامگیری کۆمەڵگای مەدەنی.

دامەزراوە مەدەنییەکان:

دامەزراوەو ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی لە لایەن خەڵکەوە پێک دێنو چەشنی بەرفراوان لەخۆ دەگرن. دامەزراوە مەدەنییەکان دەبێ لە شوێنەوارو کاریگەری گشت لایەنەی دەوڵەت، بازاڕ، بنەماڵەو ئایین خۆ بپارێزنو سەربەخۆ بن. ڕێکخراوی چالاکو کاریگەر لە کۆمەڵگادا سەلمێنەری بوونی کۆمەڵگایەکی دیمۆکڕاتیکە. ئەم ڕێکخراوانە بوار بۆ هاووڵاتیان دەرەخسێنن کە بۆ بەهێز کردنی حکوومەتی دیمۆکڕاتیک، بەشداری چالاکانە بکەن. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆڵێکی بەهێز لە دەستەبەرکردنی خزمەت گوزارییەکانو پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان دەگێڕن. ئەم ڕێکخراوانە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان، بەشداری دەوڵەتو کەرتی بازرگانیو دامەزراوەکانیتری کۆمەڵگای مەدەنی دەکەن بە مەبەستی بووژاندنەوەی ئابووریو دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی خەڵک. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە پشتیوانی گەلانی زیندوو و پێشکەوتوو بە مسۆگەرییەکی تەواو لە دژی حکوومەتە سەرەڕۆو سەرکوتکەرو نابەرپرسەکان دەوەستنەوە. بۆ ئەوەی دامەزراوە مەدەنییەکان بتوانن بەردەوامیو سەربەخۆیی خۆیان بپارێزێن، دەبێ تا ڕادەیەک لە ڕووی داراییەوە پشتبەستوو بەخۆ بن. ئۆرگانە مەدەنییەکان دەبێ خاوەنی چەند فاکتەری سەرەکی وەک پێڕەوو پڕۆگرامو داڕشتنی پلانی نێوخۆیی، هێزی تیۆریک بۆ دابین کردنی ستراتێژی شیاو، جووڵانەوەی لۆژیکی، ڕەچاوکردنی شێوازێکی دیمۆکڕاتیک بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەندامان، ئامرازو مێتۆدی دیمۆکڕاتیک بۆ هەڵسوکەوتی لۆژیکی- ئەقلانیو تێکەڵاوی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک بن. دامەزراوە مەدەنییەکان لە بواری ئامانج، ستراتێژیو قەوارە، پێکەوە جیاوازن. کرۆکی سەرەکی سوننەتی ڕێکخراوەکانی مەدەنی بریتین لە:

یەکیەتییە کرێکارییەکان، ئەنجومەنە پیشەیی یا بازرگانییەکان، یەکیەتییە پیشەیییەکان، ڕێکخراوە ئایینیو زۆربەی ئەنجومەنە نەتەوەیییەکان.

دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بریتین لە:

١: ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان(NGO).

٢: ڕێکخراوە خۆبەخشە تایبەتییەکان(PVO).

٣: دامەزراوە سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان.

٤: ڕێکخراوە نەتەوەیییەکان.

٥: میدیاو ڕاگەیاندن.

٦: لایەنو گرووپە ڕەگەزی، ئایینیو کولتووری.

٧: ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزی.

٨: یەکیەتییە پیشەییو تیجارەتییەکان.

٩: بنکەکانی فێرکاریو ڕاهێنان.

١٠: بنکە خێرخوازییەکان.

١١: یاریگا و... هتد.

شێوازی چالاکی مەدەنی:

فۆڕمی مامەڵە لە خەباتی مەدەنی لە شێوازی ڕادیکالو توندوتیژ دەگوازرێتەوە سەر شێوەی هێمنانە، لۆژیکیو ئەوڕۆیی. ئەم شێوە چالاکییە خاوەن هەڵسەنگاندنی ڕێئالو دروستە کە دەرفەت دەڕەخسێنێ تاکوو تاکتیکو ئامانجەکان بەپێی عەقڵانییەت دابڕێژرێن. لە شێوە خەباتی ناتوندوتیژیشدا دەبێ لەسەر بنەمای بەرنامەی داڕشتراو کار بکرێ. بەشێک لەو نارەزایەتییە مەدەنییانەی کە پێشتر بۆ وێنە لە بەرامبەر هەڵوێستێکی نەشیاوی دامودەزگاکانی سەر بە ڕێژیم، کوشتنی خەڵک، هەندێک کێشەی سینفیو بژێوی خەڵک، بێڕێزی کردن بە نیسبەت باوەڕە نەتەوەییو ...، ڕێزگرتن لە ساڵڕۆژی ڕووداوێکی تاڵ یا شیرین، بێ بەرنامە بەڕێوەچوونە. دەبێ هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینە لە هێز، توانا، بارودۆخی ئاراییو داهاتووی دڵخواز بکرێ. گەڵاڵەیەک کە بتوانێ ئەم ئامانجە بە لەخۆگرتنی کۆمەڵەیەکی پۆلێنبەندی کراو لە زنجیرە کارو پڕۆژەکانو ڕوانگەو مۆدێلی بەدیل بخاتەڕوو. ستراتێژییەک کە ئامانجی تەنیا بە لەنێوبردنی دیکتاتۆڕی ئارایی بەرتەسک دەکاتەوە، ریسکێکی گەورە بۆ پێکهاتنی دەسەڵاتدارەتییەکی سەرەڕۆتری دیکە قەبووڵ دەکا. لە ستراتێژیدا شێوەی سەرەکی خەباتی داهاتوو دیاری دەکرێ. تواناکانو لەمپەرەکان دیاری دەکرێنو هەوڵ دەدرێ میکانیزمی گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانج دیاری بکرێ. ستراتێژیست لە هەندێک باری وەک تواناو هێز، شێوەی خەباتو ئەگەری وەڵامدەربوونی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی، پاڵپشتییەکان، تێچوو و دەرەنجامەکان خۆی بەرەوڕووی پرسیار دەکاتەوە.

کێشەی دیکتاتۆڕی قووڵ، ڕیشەدارو ڕەگ داکوتاوە. خەڵکانێک کە بۆ ساڵیانێکی دوورودرێژ لە ژێر زاڵێتیو سەرکوتی دەسەڵاتە سەرەڕۆکاندا بوونە، تووشی لاوازی باوەڕ بەخۆبوونو دابەزینی چاوەڕوانی لە هێزو تواناکانیان دەبن. خەڵک بە جێگای ئەوە کە بیر لە خۆڕاگرییەکی پڕاکتیکی بکەنەوە، دەپۆشەکێنو سەرەنجامو ئاکامی خۆڕاگریو بەرخۆدان بەرەوڕووی گومان دەکەنەوە. خەڵک جاروبار هەندێک جووڵانەوەی نارەزایەتی دەربڕین دەبینن کە بەدژی دەسەڵاتی سەرەڕۆ بەڕێوەدەچن، ئەم هەڵسوکەوتانە ئەگەرچی گەلێک ئازایانەو بەجێن، بەڵام لە خوێندنەوەیەکی سەرپێیدا خاوەنداریێتی لە دەرەنجامی بەرچاو ناکا. ئەم هەوڵانە تا کاتێک کە بەرنامەو بەم پێیە درێژەکێشانو دەسکەوتی عەینی پێوە دیار نەبێ تەنانەت ناتوانێ ببێتە هۆی خولقانی هیوا لە ڕێبازی سیاسیی خەڵکدا. پرسیاری سەرەکی ئەمەیە کە لەم بارودۆخەدا دەبێ چی بکرێو شێوەی گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم حاڵەتە چییە؟ یاسا، سیستمی دادوەریو ڕای گشتی بە شێوەیەکی گشتی زۆرجار لە

“

**فۆڕمی مامەڵە لە خەباتی مەدەنی لە شێوازی ڕادیکالو توندوتیژ دەگوازرێتەوە سەر شێوەی هێمنانە، لۆژیکیو ئەوڕۆیی. ئەم شێوە چالاکییە خاوەن هەڵسەنگاندنی ڕێئالو دروستە کە دەرفەت دەڕەخسێنێ تاکوو تاکتیکو ئامانجەکان بەپێی عەقڵانییەت داڕشتراو کار بکرێ.**

”



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**دامەزراوەکانی مەدەنی لە ئێران بە کەڵک وەرگرتن لە مێتۆدگەلێکی وەک سیمای ڕێفۆڕمخوازی دەبێ بنەماکانی ڕەوایی ڕێژیم ببەنە ژێر پرسیارو بە لەرزۆک کردنی ئەم بنەمایانە هەوڵی لاواز کردنی بدەن.**

لایەن دەسەڵاتی دیکتاتۆڕەوە پێشێل دەکرێن. زەوت کردنی مافەکانی شارومەندانی خەڵک، زۆرکات لەرێگەی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە بووە. گەلێ جار وەڵامو بەرپەرچی گەنجاو بۆ توندوتیژی هەر بە توندتوتیژی دەبینرێ. قوربانییەکانی توورەیی توندوتیژییەکانو لایەنگرانیان هەندێک جار سەرەڕای بینینی ناهاوسەنگی هێزو تواناکان، هەوڵ دەدەن بە کۆکردنەوەو ڕێکخستنی هێزەکانی دژبەری دەسەڵاتی دیکتاتۆڕیو بەکەڵک وەرگرتن لە توانای هاوبەشی هێزە دژبەرەکان، خەبات بکەن. ئەم خەڵکانە بە ورەو ئازایەتییەکی زۆرەوە خەبات دەکەنو تێچووی ماددیو گیانی زۆر لەم ڕێبازەدا دەدەن. ئەم شێوە خەباتە زۆر دەگمەن هەڵدەکەوێ کە بە ئازادی ڕاستەقینەو بەردەوام بگا. بەهەر شێوەیەک بڕوانینە خەباتی توندوتیژ خاڵێکی هەردەم روون دەبینین، ئەویش ئەمەیە کە لە حاڵەتی هەڵبژاردنی توندوتیژی وەک رێگەیەکی خەبات ئەوە شێوە خەباتێکمان هەڵبژاردوە کە دیکتاتۆڕەکان لەودا دەسەڵاتی سەرترنو هێزو دەسەڵاتو ڕەواییان لەودا چڕ کردۆتەوە. تەنانەت لە حاڵەتێکدا کە شێوە خەباتی توندوتیژ بە تێچووی زۆرو پێڕەوانی سەربازی بە دەسەڵات بگەن، دەسەڵاتی نوێ بەهۆی چڕبوونەوەی زۆری هێزە سەربازییەکانو لاوازیو یا لەنێوچوونی گرووپەکانی سەربەخۆی کۆمەڵایەتیو دامەزراوەکانیان هیچ گرەنتییەکی نییە کە بەشێوەیەکی دیمۆکڕاتیک هەڵسوکەوت بکەن.

لە تایبەتمەندییەکانی چالاکی مەدەنی پێوەندیو بەکارهێنانی دیالۆگە بە مەبەستی چارەسەری گرفتەکان. وەدیهاتنو سەقامگیربوونی ئەم شێوە دیالۆگە پێویستی بەجێ کەوتن، باوەڕ پێبوون، توانایی، سازانو دان بەیەکتر دانانی لایەنە پێوەندیدارەکان هەیە. دیالۆگی زانستی تێدەکۆشێ بە لەبەرچاوگرتنی خاڵە بنەڕەتیو هاوبەشەکان، لە جێگای ململانێی بێئاکام، لایەنەکان لێک تێبگەیەنیو بە دانی پلاتفۆڕمێکی شیاو ڕێککەوتن لەسەر بنەمای ئاشتیو پێوەندی دوو یا چەند لایەنە پێک بێنێ. چالاکیو خەباتی مەدەنی دەبێ خاوەن ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەو ریفۆڕمخواز بێ ئەو ڕوانگەیە هەوڵ دەدا کۆسپەکانی بەردەم پێشکەوتن بێنێتە بەر باسو لە خەسارەکانو چۆنیەتی تووش بوون بەو کێشانە بکۆڵێتەوەو بە لەبەرچاوگرتنی رابردوو، باس لە شێوەی لاواز کردنی خەسارو کۆسپەکان بکاو بۆ بەهێزکردنی خاڵە ئەرێنییەکان لەبارەی چاکسازیو سەرکەوتن پلان دابڕێژێ. شێوازی گونجاو بۆ بەشداربوون لە چالاکی مەدەنی، پێکهێنانو ڕێکخستنی دامەزراوەو ئۆرگانە مەدەنییەکانەو ئەو ڕێکخراوانەی زیاتر پێکهاتەی جیاوازی رەگەزی، تەمەنی، پیشەیی، زانستی، ئاکادمیو هتد، لەخۆ دەگرن، هەریەک هەڵگری دروشمی بەرگریو داکۆکی لە گرووپو لایەنی جیاوازن کە ڕەنگبێ ئەو لایەنانە وەک ئامێر بەکار بێن بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیمۆکڕاتیکو پێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی. چونکە ئەم





دامەزراوانە هەوڵیان دیمۆکڕاتیک کردنی کۆمەڵگایە، پێویستیان بە پێگەو کارتێکردنی کۆمەڵایەتی هەیە. بەو پێیەش زۆربەی خەڵک بەشداری پڕۆسەی دیمۆکڕاتیزەبوون دەکەن. گاندی وتەنی: ”توندوتیژی پەرێزی بە ئامۆژگاریو پەند ناکرێ، دەبێ لە کردەوەدا بەکار بهێنرێ“. جگە لەمەش ئەم بەرپەرچدانەوەیە هەڵبژاردنێکی رەوشتی تاکەکەسی نییە کە تاک بە تەنیایی ئەنجامی بدا، بەڵکوو دەبێ لە پانتاییەکی بەرفراوان بەکار بهێنرێ. چالاکی مەدەنی بە کەڵک وەرگرتن لە هێزو شوێنەواری جەماوەر، راهاتنو ئاگاداربوونی خەڵک لە مافەکانیانو پەرەسەندنی شوێنەواری چالاکی تیۆریک لە کردەوەی کۆمەڵانی خەلک، بۆ بەهێز کردنی خەباتی مەدەنیو مێتۆدی ئەقڵانی، ئەگەر هاوئاهەنگ لەگەڵ کەشی واقیع لە لایەکو قۆناغو شێوازەکانی خەبات لە لایەکیتر پێک بێ، ئاکامی دڵخوازی لێدەکەوێتەوە. بیروباوەڕی خەباتکارانی مەدەنی کە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دیمۆکڕاتیکو ئازاد هەوڵ دەدەن، دەبێ هەڵگری تایبەتمەندییەکانی ئەو چەمکە بەپێی بەرنامەو کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەییەکان بێ، کە بریتین لە: ئازادیو یەکسانی، مافی مرۆڤ بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا، دەسەڵاتی یاساو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەر سوننەتە دواکەوتووەکان، سیستمی دەسەڵاتی هەڵبژاردە، دابین کردنی ئەمنییەت، دەسەڵاتی فرەلایەنی، راگەیاندنو ڕۆژنامەوانی ئازادو سەربەخۆ. پێویستی پێکهێنانی دامەزراوە مەدەنییەکان، گەلانی ئێرانی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم هان دا بە بەربەست کردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی قاجار هەنگاو بەرەو بەیاسایی کردنی دەوڵەتو دامەزراندنی خانەی داد هەڵبگرن کە بە شۆڕشی مەشرووتە ناسراوە. دەوڵەتەکانی پێشو پاش شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسیی بە دەوڵەتی لانی زۆر پێناسە دەکرێن. دەوڵەتی پاشایەتی پەهلەوی دووهەم نەتەوەسازی سیاسیی لە سەردەمی ”رەزا شا“ بە میرات وەرگرت. ئەم دەوڵەتە لە قەوارەی سیاسیی خۆی دانی بە جیاوازی نەتەوەیی لە ئێران دانەناو لەسەر بنەمای گەورەییخوازی ئێرانی کۆن، هەوڵی تواندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی، کولتوور، زمانو رابردووی نەتەوەکانیتری لە بەستێنی نەتەوەی فارسی دەداو هەر چەشنە چالاکییەکی مەدەنیو مافخوازانەی وەک دژی گەیشتن بە ئامانجو گەورەیی ئێران دەنرخاندو سەرکوتی دەکرد. کاتێک دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی توانای تەحەمولی ئۆپۆزیسیۆن لە نێوخۆی وڵات ناکاو دەرفەت بە دەربڕینی ئازادانەی بیروڕای خەڵک نداو سیستمێکی هەڵبژاردنی واقیعی بوونی نیە، پرسیارێک دێتە گۆڕێ کە؛ چۆن چالاکانی مەدەنی دەتوانن مامەڵە لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بکەن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی؟ پێویستە سەیری زەرووڕەتی پێکهاتنی کۆمەڵگای مەدەنی لە وڵاتانو بە تایبەت ئێران بکەین. سەردەمی گۆڕان لە دایک بووە کە رەگو ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ قووڵایی گۆڕانکارییەکانی دونیای مۆدێڕن. گۆڕانو پێک هێنانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ لەسەر بناغەی دەسەڵاتی یاسا دامەزرێو دروست کردنو بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پێویستیی بە کەشو هەوایەکی کراوەی سیاسیو پشتیوانی یاسایی هەیە. هەر وەک بوونی دامەزراوەکانی چاڵاکو کاریگەر لە کۆمەڵگای مەدەنیدا پێناسەیەکن بۆ کۆمەڵی ئازادو دیمۆکڕاتیک، بە پێچەوانە نەبوونیشیان سەلمێنەری کۆمەڵگایەکی داخراوو نادیمۆکڕاتیکە. ئەم ڕێکخراوانە هەوڵ دەدەن بواری گونجاو بۆ هاووڵاتیان برەخسێنن تا لە بەهێزکردنی حکوومەتی دیمۆکڕاتیکدا بەشداری چالاکیان بێ. بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە نێوان دەسەڵاتی سیاسیو خەڵکدا پێوەندیو متمانەی هاوکاری پێک بێ. خەڵک ئەوەی بە باش بزانن کە دەتوانن بەشێک لە دامەزراوەیەکی دیمۆکڕاتیک بن کە هاوکاری یەکتری دەکەنو بەر بە لادان لە یاساو سەرەڕۆیی دەوڵەت دەگرن. بوونی دامەزراوەکانی مەدەنی بە مانای پاراستنو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێزگرتن لە بەرژەوەندی گشتی‌یە. حاشا هەڵنەگرە ئەگەر دامەزراوەکان ڕۆڵی کاریگەر لە دەستەبەرکردنی خزمەت گوزاری‌یەکان‌و بووژاندنەوەی ئابووری بگێڕن‌و هاوکات حکوومەت بوار بڕەخسێنێ ئەم ڕێکخراوانە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکە مرۆڤایەتی‌یەکانیان هاندەر بن بۆ کەرتی تایبەت، کۆمەڵگا پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆوە دەبینێ.

چۆنیەتی بەڕێوەبردنی چالاکی مەدەنی لە ئێران‌دا:

یاسای زۆربەی وڵاتان، مافی پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە فەرمی دەناسن. ئەو وڵاتانە ڕەسمیەت بە ڕێکخراوە ناحکومی‌یەکان دەدەن تا کۆمەڵگای مەدەنی بەهێزتر بکەن‌و لە بەرەوپێش بردن‌و پێوەندی کۆمەڵانی خەڵک‌و دەستەبەرکردنی بواری ئازادی، کاریگەری بەرچاویان هەبێ. ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بە پێی تایبەتمەندی‌یەکانی لەو دەسەڵاتانە دەژمێردرێ کە لە یاساو ڕێساکەی‌دا وێنایەکی ڕوون لەمەڕ پێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی وەک هێزێکی کاریگەرو کارخوڵقێنەر بەدی ناکرێ کە ئاسانکاری بکا بۆ پێک هێنانی ڕێکخراوەکانی مەدەنی‌و نەبێتە ڕێگر لەبەردەم چالاکی‌یەکانیان‌دا. هەرچەند یاسای بنەڕەتی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران دەی هەوێ ڕەنگو بۆی شێوە دیمۆکڕاتیک بەخۆوە بگرێ‌و ئاماژە بە سازدانی دامەزراوە مەدەنی‌یەکان دەکا، بەڵام هەروەک بەرچاوە لەنێو ئەو یاسایە لە بنەڕەت‌دا چالاکی ئەم دامەزراوانە ڕەت کراوەتەوە بۆ وێنە، ئەو دامەزراوانە کاتێک لە بنەڕەت‌دا نابێ لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت‌دا بن، بە پێی یاسای بنەڕەتی ئێران دەبێ ئەو ڕێکخراوانە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی چالاکی‌یەکانی بە ئاگاداری لایەنە بەرپرسیارە دەوڵەتی‌یەکان بگەیەنن‌و لێ‌هاتوویی دەستەی بەڕێوەبەرو شووڕای ناوەندی بە تەئیدی بەرپرسانی دەوڵەتی بگا. پێکهاتەی سیاسیی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە ڕوانگەیەکی ئایدۆلۆژیک‌و تۆتالیتێر هەوڵ دەدا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران‌و پێکهاتە نەتەوەیی‌یەکان لە چوارچێوەی فه نده مێنتا لیز می ( بنیا د گر ا یی ) ئیسلامی بگونجێنێ. بەو مەبەستەش دەرەتانی هەر چەشنە چالاکی‌یەکی مەدەنی بە دەسکیسی ڕۆژئاوایی‌و دژە ئایینی دەنرخێنێ. وەک ئاماژەی پێدرا کۆماری ئیسلامی بە پێی تایبەتمەندی‌یەکانی لەگەڵ دابەش کردنی دەسەڵات ناتەبایەو ڕەچاوی سیاسەتی سانترالیزمی نادیمۆکڕاتیک دەکا. کێشەکانی سەروەری چەند نیهادی وەک بنەماڵەو ئایین‌و بەستێنە کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌یەکان لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەم‌دا، لە کێشەکانی هەرە سەرەکی سەقامگیرنەبوونی کۆمەڵگای مەدەنیین. لەم وڵاتانەدا کێشە ئەوەیە کە لە وەها کۆمەڵگایەک‌دا یەک نەگرتنی بیرۆکەکانی مۆدێڕن لەگەڵ واقیعیەتی هەست پێکراوی کۆمەڵگا دایە. کاتێک نیهادی بنەماڵە هەژموونی‌و هەبوونی هەبێ‌و دەرفەتێک بۆ خۆنواندنی تاکەکان لە کەرتێکی جیاواز ناداو ئایین وەک باس کرا کاتێک لە دەرەوەی کەرتی تایبەتی بێ‌و بە تایبەت تێکەڵاوی دەسەڵاتی سیاسی بێ وەک نیهادێکی سەرووی یاسا ڕۆڵ دەبینێ‌و بە پێی هەندێک یاسای دوور لە بنەماکانی مرۆڤایەتی یا تەنیا یاسایەکی دوگم دادەڕێژێ. چالاکانی مەدەنی لەم وڵاتانەدا دەبێ ڕۆڵێکی جیاواز بگێڕن‌و بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە هەوڵ بدەن بە زەق کردنی لایەنە نەرێنی‌یەکانی سەقامگیر نەبوونی دیمۆکڕاسی، لەسەر ڕۆڵی ئیجابی بوونی کۆمەڵگای مەدەنی بدوێن. وشیار کردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک‌و رووکردنی سیمای ڕاستەقینەی بنەماو ویستەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، ئەرکی سەرەکی چالاکانی مەدەنی‌یە. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵایەتی‌و مەدەنی لە وڵاتانێکی وەک ئێران لە ژێر سێبەری دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ، بە تەواوی هەڵگری ئینتمایەکی ڕەخنەگرانەو هێمای شۆڕشگێڕانەن. ئەم ڕێکخراوانە دەبێ سیمایەکی سەردەمی‌و مۆدێڕن بخەنەڕوو وەک ئاڵتڕناتیوی دەسەڵاتی ئێستا کە تەوەرەکانی ئەو سیمایەی تێدا گونجا بێ. لە کردەوەدا شێوەکانی خەباتی ناتوندوتیژ بە سەر سێ بەشی سەرەکی‌دا دابەش دەبێ: نارەزایەتی‌و هاندان(زیاتر حاڵەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



هێمایی‌و سەمبولیکیان هەیە وەک ڕێ‌پێوان، مۆم پێ‌کردن)، هاوکاری نەکردن(گەمارۆدان، هاوکاری نەکردنی ئابوریی- سیاسی، مانگرتنەکان) و هێرش‌کردن( دەست‌بەسەرداگرتنی شوێنێک بێ‌ئەوەی توندوتیژی بەکار بهێنرێ‌و دامەزرانی دەوڵەتی هاوتەریب). دامەزراوەکانی مەدەنی لە ئێران بە کەڵک وەرگرتن لە مێتۆدگەلێکی وەک سیمای ڕیفۆرمخوازی دەبێ بنەماکانی ڕەوایی ڕێژیم ببەنە ژێر پرسیارو بە لەرزۆک کردنی ئەم بنەمایانە هەوڵی لاواز کردنی بدەن. دامەزراوەکانی مەدەنی لەو کۆمەڵگا داخراوانەدا دەبێ ستڕاتیژی لەنێوبردنی تایبەتمەندی‌یەکانی دەسەڵاتی سەرەڕۆ دابڕێژن، یا هەوڵی گۆڕانی سیستمی سیاسی‌و بنەماکانی ئەو شێوە دەسەڵاتانە بدەن. خەباتکاران‌و چالاکانی مەدەنی دەتوانن بە بەکارهێنانی شێوازی خۆڕاگری نەرێنی لە بارەی کردارو سەروەری دەسەڵاتی نادیمۆکڕاتیک، بێ ئەوەی تووشی دانی تێچوویەکی زۆر بن، دەسکەوتی مەدەنی بەرچاو مسۆگەر بکەن. دەبێ هانی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە خەباتی ناتوندوتیژ بدرێ‌و دەرەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخ‌و هەڵکەوتوویی بە شێوەی جۆراوجۆر بخرێتە بەردەم کۆمەڵانی خەڵک. پرس‌و ڕاو ڕاوێژ لەگەڵ بنکەکانی لێکۆڵینەوە لە دەرەوەی وڵات بکرێ‌و کەڵک لە ئەزموون‌و پێشنیارەکانیان وەربگیرێ. چالاکانی مەدەنی لە ئێران دەبێ خاوەن ئەو بایەخە ئەخلاقیانە بن کە لە بەشی بنەماکانی پێکهاتنی کۆمەڵگای مەدەنی ئاماژەیان پێ‌دراو ڕەچاویان بکەن. بیۆگڕافی ڕێژیمە سەرەڕۆو دواکەوتووەکان ئەوەی خستۆتەڕوو، ئەگەر لە نێوخۆی وڵات تووشی قەیران بوون، نەک بۆ چارەسەریی گیروگرفتەکان، بەڵکوو بۆ خۆ ڕزگارکردن لە تەنگانە، هەوڵ دەدەن کێشەو ئاژاوە لە دەرەوەی وڵات ساز بکەن تا بەم شێوەیە هەم سەرنجی گەلانی‌تر لەخۆ دوور بکەنەوەو هەم کێشە نێوخۆییەکان لەبیر خەڵک بەرنەوە. ئەرکی بزاڤە مەدەنی‌یەکان لە ئێران‌دا جیاکردنی ڕووخسارو کردەوەی دەوڵەت لە بەرژەوەندی‌و ویستی کۆمەڵانی خەڵک بۆ ڕای گشتی‌و ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکانە.

سەرچاوەکان:

١. کۆمەڵگەی مەدەنی هێزێکی نوێ/ نووسینی دامەزراوەی مەیهەن، وەرگێڕانی: کۆسار فەتاحی- چاپی یەکەم دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی ساڵی ٢٠٠٦ هەولێر.

٢. فەلسەفە، ئازادی، کۆمەڵگای مەدەنی/ نووسین‌و وەرگێڕانی: یاسین عومەر- چاپی یەکەم خانەی چاپ‌و پەخشی ڕێنما ساڵی ٢٠٠٦ سلێمانی.

٣. کۆمەڵی مەدەنی چی‌یە؟ (کورتەمێژوو، واتا، چۆنیەتی بەکارهێنانی لە وڵاتانی جیهاندا)/ کۆکردنەوەو ڕێکخستنی: مریەم پیرنەزەر، وەرگێڕانی: یاسین عومەر- چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٣ سلێمانی.

٤. از دیکتاتوری به دمکراسی/ نویسنده: جین شارپ- موسسه البرت انیشتین، سال ١٩٩٣م.

٥. جامعه مدنی (نظریه، تاریخ، و مقایسه)/ جمعی از نویسندگان، ناظر مجموعه و ویراستار: جان ا. هال، مترجم: افشین خاکباز- چاپ نخست شرکت انتشارات علمی‌و فرهنگی سال ١٣٨٢هـ تهران.

٦. درسهای دمکراسی برای همه(مبانی علم سیاست تاسیسی)/ نویسنده: حسین بشیریه- چاپ اول، موسسه‌ی نشر نگاه معاصر سال ١٣٨٠هـ تهران.

٧. دموکراسی‌و جامعه مدنی در خاورمیانه/ پژوهش‌و ترجمه: محمد تقی دلفروز- چاپ اول، انتشارات روزنامه سلام سال ١٣٨٠هـ تهران.

# کاتی ئەوە هاتووە ناسیۆنالیست بین!



ناسر قادرپوور

پێشێل کردنی کەرامەتو نەپاراستنی مافەکانی مرۆڤ، گەورەترین تاوانەو مەزنترین هێزی دواکەوتوویی کۆمەڵگایە.

لەبەر ئەوەی کێشەی کوردستان کێشەی خاکێکی داگیرکراوەو باوەڕمان بەوەیە کە بۆ ئازاد کردنی کوردستان پێش هەموو شتێک پێویستیمان بە میللەتێکی ناسیۆنالیستو کوردستانێکی هۆشمەند، ژێر، زاناو، تەندروستو دەوڵەمەندە. چونکە بزووتنەوەی ئێمە پێش هەموو شتێک بزووتنەوەو گۆڕانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو، شۆڕشی بیری نوێی کوردستانی بەسەر دواکەوتنی کۆمەڵایەتیو، تاک پەرستیو، دەسەڵات پەرستیدا، لاواز کردوە. بۆیە پێویستی بە شۆڕشێکە بۆ ئازادکردنی بیرو دەروونی گەلی کوردە لە گشت بوارەکاندا. هەروەها شۆڕشێکی ئابووری‌یە بۆ داسەپاندنی باژێڕی کوردستان لە ئابووریی داگیرکەرانو کردنی بە شارێکی جیهانیزمانەی ئازاد. چونکە دەبێ بیری ناسیۆنالیستی بکەین بەرواڵەتو قەوارەی کۆمەڵایەتیمان بە سەرخانو ژێرخانیەوە بیکەین بە ڕەوشتێک کە مرۆڤی کورد ڕۆژانە وشەی ناسیۆنالیزم بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی لەو پەیوەندی‌یەدا بەکاری بێنێ. لەبەر ئەوەی خەبات دەکەین بۆ قەوارەیەکی دروستو ئوسوولی کۆمەڵایەتی کە تێی‌دا، نەتەوەی کورد، خاوەن دەسەڵاتی باڵا بیو بتوانێ هەم کار لە ڕەوشی گشتی پێشکەوتنو هەم لە ژیانی ڕۆژانەی‌دا بکاو هەم دوارۆژی خۆی بۆ خۆی دیاری بکا، هەروەها لە ئاستی نێونەتەوەییش‌دا وەکوو گەلانی‌تری جیهان حیسابی بۆ بکرێ. چونکە ئێمەی کورد خەبات دەکەین بۆ سیستمێکی ئابووریو سیاسی کە تێی‌دا مرۆڤی کورد وەک نەتەوەیەک، وەک مرۆڤێکی ئازاد بتوانێ کار لە ڕووگەی بەرهەم هێنانو شێوەی ژیانی سیاسیو فەرهەنگی خۆی بکا. چونکە خەباتی ئێمە بۆ ئازادیو سەربەخۆیی، بۆ ڕێزگرتنە لە تاک، بۆ ماف، بۆ هۆشمەندی‌یە، بۆ دادپەروەریو بۆ دڵفراوانی‌یە، پێویستیمان بە مێتودێکە کە ئەوشتانە هەمووی بگرێتەوە، بۆیە باشتر وایە وشەی ناسیۆنالیست هەڵبژێرین.

کەڵک وەرگرتن لە گۆڕانی مێژوویی پێویستی بە بڕیاری مێژوویی‌یە. پێویستی بە هەنگاوی مێژوویی‌یە. باری ژێئۆپۆلیتیکیو سیاسی ئەمڕۆی کوردستان ماف بە گەلی کوردستانو ڕووناکبیرانی کوردستانی دەدا کە بەخۆی ڕابگاو ڕیزەکانی پتەوتر بکاو لە پێناو سەربەخۆیی کوردستانو مۆدێرنیزەکردنی بزووتنەوەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریی کوردستان ئەڵتەرناتیڤی نوێی ناسیۆنالیستی پێشکەش بکاو بیکاتە ئامانجی دوارۆژی بۆ ئەوی نەوەی نوێ بە مێشکێکی ناسیۆنالیستی کوردستانی‌یەوە بار بێ.

**دیپلۆماسی:**

وشەی دیپلۆماسی بە مانای نوێنەری سیاسی وڵاتیکە کە لەگەڵ وڵاتێکی دیکەدا چاوپێکەوتن دەکا بۆ کاروباری سیاسیو، ئابووری. وشەی دیپلۆماتیش کە لە یوونانیو لاتینی‌دا بە مانای کاغەزی نووشتاوەو بەڵگەنامەو بەڵگەی بڕوا پێکراوی‌یە.

**دیپلۆماسی کە لە زاراوەی گشتیو لە زانستی سیاسەتدا بۆ سێ مانای بنچینەیی بەکار دێ:**

١: باوترینو باشترین مانای دیپلۆماسی، پێوەندی نێوان دەوڵەتەکانە، ژمارەیەک لە تیۆری‌زانەکان سیاسەتی نێودەوڵەتانو دیپلۆماسی بە بەشێک لە هێزی میللی دادەنێنو ژمارەیەکی‌تر تەنیا بە ئامرازی جێبەجێ کردنی سیاسەتی میللی دەزانن. لەم لێک تێگەیشتنەی دوایی‌دا سیاسەتی دەرەوە وەک ئامانجو مەبەستەو، دیپلۆماسی هۆکارو ڕێبازی گەیشتن بەو ئامانجو مەبەستەیە.

٢: مانایەکی‌تری دیپلۆماسی دیالۆگە، چونکە ئامانجی وتووێژ ڕێکەوتنەو ڕێکەوتنیش پێکەوە سازانە، دیپلۆماسی هونەری پێکەوە سازانە لە سیاسەتی نێودەوڵەتاندا. دیپلۆماسی بەرژەوەندی‌یە میللی‌یەکان لە مەترسی ڕزگار دەکاو، ئاسایشو هێمنایەتی نەتەوایەتی زیاترو پتەوتر دەکا.

٣: دیپلۆماسی بە کاری دامو دەزگاکانی بەڕێوەبەری پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان بە سیفەتی ئەو کەسانە دەوترێ کە ئەم کارانە جێبەجێ دەکەن.

یەکێک لە بابەتە گرینگەکانی پێناسەی دیپلۆماسی، بابەتی پێوەندی نێوان دیپلۆماسی شەڕە، بەڵام کە وتمان یەکێک لە پێناسەکانی دیپلۆماسی کەڵک وەرگرتنە لە وتووێژ بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکی نێودەوڵەتان لە جیاتی پەنا بردنە بەر شەڕ. لەسەر ئەم بنچینەیە، شەڕ سەرەتای تێک شکانی دیپلۆماسی‌یەو هەرچەندە لە کاتی شەڕیش‌دا دیپلۆماسی هەر دەتوانێ بەردەوام بێ، سەرەڕای ئەمانەش، بوونی هێزێکی سوپایی کار دەکاتە سەر دیپلۆماسی. لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی‌یەوە مرۆڤایەتی پێشکەوتن‌خواز لەو بڕوایە دایە کە ئیتر هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ لە ڕێگای شەڕەوە بە ئامانجەکانی خۆی بگا، چونکە شەڕ دەبێتە هۆی تەفروتوونا بوونی گشتی لە کاری دیپلۆماسی‌دا. بەپێی دابونەریتی باو دیپلۆماسی لە لایەن ئەو دیپلۆماتانەوە جێبەجێ دەکرا کە بە وڵاتانی‌تر دەناسران. بەڵام سەرکردەی وڵاتانو وەزیرانی دەرەوەش هەنگاو بە هەنگاو و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر بەشداری ئەم کارانە دەکەن. لە ڕابردوودا دیپلۆماسی دوو لایەنە بەڕێوەدەچوو، جگە لەو کاتە دەگمەنانەی کە پاش شەڕەکان کۆنفڕانسێک لە دیپلۆماتەکانی چەند وڵات دەبەسترا، بەڵام پاش پەیدابوونی کۆمەڵەی نەتەوەکان، دیپلۆماسی لە ڕێگای بەستنی کۆنفڕانسەوە، لە شێوەی دەگمەنی خۆی‌دا نەمایەوەو بوو بە باو، هەروەها دیپلۆماسی کە جاران بە نهێنی بەڕێوەدەچوو، ئێستا لانی‌کەم بەشێکی ئاشکرایەو لەبەرچاوی هەموو خەڵکدا جێبەجێ دەکرێو بیروڕای گشتی دەگرێتە بەرچاو.

# پارێزگای سپی یان ئەنفالی سپی؟



فەردین کەریمی

ڕەنگە یەکەم پرسیار کە بە مێشکی خوێنەردا بە بینینی ئەم دەقەو باسی مادده سڕکەرەکان بگات ئەوە بێ کە ئەم باسە چ پێوەندی‌یەکی بە منەوە هەیە؟ یان بۆ دەبێ هەمووان زانیاریان لەسەر ئەم کێشە کۆمەڵایەتی‌یە هەبێ؟

مەگەر هەیە کەسێک خوێندکار بێ، بازاڕی یان دوکتۆر، سیاسەتمەدار یان هەر پیشەو کارێکی دیکەی هەبێ بەم دەردەوە تووش دەبێ؟ مەگەر هەر کەسێ کە تووشی مادده سڕکەرەکان دەبێ لە بنەماڵەیەکی پڕ لە کێشەوە نەهاتووە؟ شایەد سەدان پرسیاری‌تریش بۆ خوێندنەوەی ئەم باسە بکرێ، بەڵام دانەوە بەم پرسیارگەلە ئەمە کە لە دونیای ئەمڕۆداو بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ئێران‌و لە سەرتاسەری دونیا کراوە هیچ کەس‌و تاقم‌و گرووپ‌و لایەنێک لە تووش بەدوور نیەو ئەگەری ئەم نەخۆشی‌یە کۆمەڵایەتی‌یە بۆ هەر کەس لەهەر جێگاو کاتێکدا هەیە.

هەڵبەت نام هەوێ بە گەورەکردنەوەی ئەم کێشە کۆمەڵایەتی‌یە ترس‌و خۆف بخەمە نێو دڵی خوێنەرەوە. بە پێچەوانەوە دەم هەوێ تەنیا ڕاستی‌یەکی تاڵی کۆمەڵگاکەمان بخەمەڕوو. لە زۆر جێگا باس لەسەر مێژووی مادده سڕکەرەکان کراوەو لێرەدا تەنیا تیشک دەخەمە سەر ئەم باسە.

لە پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە کەڵکیان لە مادده سڕکەرەکان بۆ چارەسەری نەخۆشی‌و کەم کردنەوەی ئازارو ژان وەرگرتووە. مێژووی مەشرووباتیش هەر لە هەزاران ساڵ لەمەوپێشەوە بووە، بۆ وێنە یەکەم کەس کە لە مێژوودا ناوی بە ناو ئەلکۆلیک(کەسێک کە تووشی خواردنەوەی لە ڕادەبەدەری مەی بووە) تۆمار کراوە ئەلێکساندر شای مەقدوونیەیە. نموونەی زۆری دیکە هەیە بۆ ئەوەی بزانین کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی مادده سڕکەرەکانیش هاتوونەتە پێش‌و هەر زەمەنەو بە جۆرێک خۆیانیان نواندوەو هەمیشەش باندە مافیایی‌یەکان بە خاتری قازانجی زۆری ماڵی لە هەوڵی نوێ کردنەوەی ئەم جۆرە ماددەیە دابوون. یەک لەو باندە مافیایانە بەپێی بەڵگە واقعیەکان کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێرانە کە بۆ قازانجی ماڵی لە لایەک‌و سەرکوت‌و کۆنترۆڵی خەڵکیش لە لایەکی‌ترەوە بە هەموو شێوازێک لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەم ماددەگەلە دایە. ئەم ڕێژیمە لە یەکەم ڕۆژی هاتنە سەرکاری خۆی‌و سەپاندنی شەڕی نامرۆڤانە بەسەر گەلی کورداو کوشتن‌و ئێعدام‌و تیرۆری خەڵکی کوردو ڕێبەرانی گەلەکەمان‌و دانانی هەزاران پیلان‌و هەڵاواردن بۆ لەنێوبردنی ئیرادەی بەرزو پۆڵایینی ڕۆڵەکانی گەلی کورد، نەی توانی بە چۆکیان دابێنێ. لەم سەردەمەداو لە درێژەی ئاژاوەگێڕیەکانی ڕێژیم بە باشترین شێواز کەڵکی لە مادده سڕکەرەکان وەرگرتوەو بە هەموو شێوازێک لە هەوڵی بڵاوکردنەوەو تووش کردنی لاوان‌و ڕووناکبیرانی کورد دایە. بۆ وێنە ئاماری تووش بووان بە مادده سڕکەرەکان لە شاری سنە لە ساڵی 1389ی هەتاوی‌دا بە پێی ئاماری ڕێژیم 17000 کەسە. بەپێی ڕاپۆرتی کاربەدەستانی زانکۆی زانستە پزیشکی‌یەکانی سنە، هەر ئامارێ کە ئێران بڵاوی دەکاتەوە بە تایبەت لەسەر مادده سڕکەرەکان‌و نەخۆشی ئایدز دەبێ سێ بەرابەر بکرێتەوە یانی تووش بووانێ کە بۆ خەڵک‌و ناوەندە دەرمانی‌یەکان ئاشکرا بوون زیاتر لە پەنجا هەزار کەس لە پارێزگای سنە(واتە مەریوان، سەقز، قوروە، بانەو سرێش‌ئاوا و ...)، هەڵبەت ئەمە ئەو کەسانە لەبەر ناگرێ کە بەهەر هۆیەک بۆ خەڵک ئاشکرا نەبوون. لە لایەکی‌ترەوە ڕێژیمی ئێران بە حاشا لێ‌کردنی ئەم ئامارانەو بە شێوەیەکی زۆر زیرەکانە پارێزگای سنەی خستۆتە نێو لیستی سپی‌یەکان. ئەم لیستە ساڵانە لە لایەن شووڕای بەربەرەکانی دژ بە مادده سڕکەرەکانەوە بڵاو دەکرێتەوە. تایبەتمەندی ئەو پارێزگایانە ئەوەیە کە ئاماری تووش بووان زۆر لە خوارەوەیە، ئاماری تەڵاق‌و گشت کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە ئاستی خوارەوەن. قازانجی ئەم بۆنەش بۆ ڕێژیم ئەمەیە کە بوودجەی تەرخان کراو بۆ بەرگری لە مادده سڕکەرەکان لەو پارێزگایان‌دا کەمتر لە پارێزگاکانی دیکەیە بۆوێنە، بوودجەی تەرخان کراو بۆ ناوەندی بێهزیستی پارێزگای زەنجان لە ساڵی 1389ی هەتاوی‌دا لە بەشی پێشگیری دا شەش بەرابەر زیاتر لە پارێزگای سنە بووە. ئەمە لە حاڵێک دایە کە پارێزگای سنە هەم لە باری ڕادەی دانیشتووان و هەمیش پانتای پارێزگاکە لە زەنجان گەورەترەو ڕادەی تووش بووانیش بەبێ پارێزگای سنە زۆر کەمترە. (دیارە نووسەری ئەم دەقە خۆی شایەتحاڵێکە بۆ ئەم ئامارە). لە لایەکی دیکەوە هەر چەند زۆرن ئەو دەوڵەتانەی کە لە بیری پاراستنی خەڵکەکەیان لە بەرابەر هەرەسی مادده سڕکەرەکان دان‌و ئێرانیش بە ڕواڵەت ئەو کارەی کردوەو هەمیشە لە ڕاگەیەندراوە فەڕمی‌یەکانی خۆی‌دا ڕای گەیاندوە کە باشترین دەوڵەت بووە لە بەرگری کردن لە قاچاغچی مادده سڕکەرەکان.

هەرچەن باشترین دەوڵەت کە بەری بە قاچاغچی مادده سڕکەرەکان گرتووە دەوڵەتی ئیسکاتلەندە. شایەد ڕێژیمی ئێران ڕاست دەکا کە بە باشترین شێواز بەری بە قاچاغچی گرتووە، بەڵام ڕاستی‌یەکەی ئەمەیە کە کۆمپانیای دروست کردنی ئەم مادده بە تایبەت ماددەی هۆش‌بەرە نوێ‌یەکان(شیشەو...) لە نێو خۆی ئێران دایەو پێویست ناکا کە لە دەرەوە بی‌هێنێ‌و کشت‌وکاڵی مادده ئەفیۆنەکانش(تریاک‌و ...) لە نێو شارە گەورەکانی ئێران(کرمان‌و خۆڕاسان‌و...) جێ‌بەجێ دەکرێ. زیاتربوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی منداڵە بێ باوک‌و دایکەکان‌و تووش بوون بە مادده سڕکەرەکان‌و کردنەوەی ناوەندە دەرمانی‌و پشتیوانی‌یەکان(شێلتێرو DIS) و تووش بووانی نەخۆشینی ئایدز بە تایبەت لە شارە گەورە کوردنشینەکان واتە کرماشان‌و سنەو ورمێ لە پیلانێکی دوورودرێژی ڕێژیمی ئێرانەوە باس دەکا کە ئەرکی سەرشانی ئێمەو حیزبە سیاسی‌یە جیاجیاکانی کوردستانیشە کە بە هەمووان لە هەوڵی دۆزینەوەی چارەیەک بۆ ئەم قەیرانە دابین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





# ئێرانو هاوسەرگیری لە تەمەنێکی نەگونجاودا

شەونم هەمزەیی

هەر کۆمەڵگایەک خاوەنی کۆمەڵێک نەریتی جوانو بەجێیە کە وەک میراتێک بۆ ئەو نەتەوەو کۆمەڵگایە دەمێنێتەوە، لە پاڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک نەریتو سوننەتی نابەجێو کۆن لەنێو بیرکردنەوەو مێشکی کەسانی نێو کۆمەڵگادا دەبن بە پێوەری ژیانی کۆمەڵایەتی. کەم نین ئەو سوننەتە خراپانەی کە تا ئێستاش کۆمەڵگای ئێمە نەیتوانیوە لە یەخەی خۆی بکاتەوەو هەروا ئاکامی خراپو ناخۆشی چ بۆ ئێستا و چ بۆ داهاتوو لێ دەکەوێتەوە.

بۆ هەموو لایەکیش ئاشکرایە کە خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتییەو کۆمەڵگای لەسەر بنیات نراوە، مرۆڤو ژیان پێویستیان بە هاوسەریەتی هەیە، مرۆڤ دەبێ ئازاد بێ لە هاوسەر گرتن، بەشێوەیەک کە ئیرادەی خۆی تێدا بەرجەستە بکات، چونکە لە بنەڕەتدا هاوسەرگیری بریتییە لە یەکگرتنی ئیرادەی ژنو پیاوو ڕەزامەندییان لەسەر پێک هێنانی خێزان.

یەکێک لەو سوننەتانە بەشوودانی کچان بەبێ ویستی خۆیانو لە تەمەنێکی نەگونجاو دایە، کە هاوسەرگیری کچانو کوڕانی خوار تەمەنی قانوونی لە زۆربوون دایەو بۆتە قەیرانو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیو بە پێی ئامارەکان بەردەوام لە تەشەنەکردن دایە.

یەکێک لەو شتانەی کە پێویستە باسی بکەین باوەڕێکی ناشیرینە کە بەشێک لە خەڵکی ئێمە خوویان پێوە گرتوەو بە پێی ئەم باوەڕە ڕێگە نادەن کچەکانیان وەک کوڕان درێژە بە خوێندن بدەنو پێیان وایە دەبێ لە تەمەنێکی زوودا ژیانی هاوسەری پێک بێننو کاروباری ماڵان بکەنو بەواتایەک ژنیان نەگوتوە خوێندنو کارکردن لە دەرەوە، کە دەتوانین ئەوە زیاتر بگەڕێنینەوە بۆ هەژاری بنەماڵەکان کە لە جیاتی ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە ڕەوانەی ماڵی شوویان دەکەن یان کچەکانیان دەفرۆشن کە زۆر جار لەم نێوەدا ژمارەیەکی زۆر کچ هەن کە بە پلەیەکی باش لە خوێندن دەرچووەو ڕێگەیان نەداوە درێژە بە خوێندن بدا، پێیان گوتووە کە زوتر شوو بکا چونکە خوێندن بۆ ژنان بێکەڵکە. بە پێی زۆرێک لە لێکۆڵینەوەو ئامارەکان دەرکەوتووە کە لەم دواییانەدا جگە لە کچان ژمارەی ئەو کوڕانەش زیادی کردوە کە لە تەمەنی خوار دە ساڵی هاوسەرگیری دەکەن.

هەرچەندە حاشا لەوە ناکرێ کە ئەوە لە کۆنەوە لە کۆمەڵگادا هەبووەو ئێستاش ماوەتەوە، بەڵام بەشێکی ئەو باوەڕە دەسەڵاتی زاڵ بەسەر وڵاتەکەمان وای کردوە بچێتە نێو بیرو زەینی خەڵکەوە.

بەپێی زۆرێک لە ئامارەکانی ئیدارەی سەبتی ئەحواڵ(دەزگای تۆمارکردنی لەدایک بوونو هاوسەرگیریو تەڵاق) ژمارەیەکی زۆر لە کچانو کوڕانی ژێر تەمەنی یاسایی هاوسەرگیریان کردوە. هەر لەم بارەوە یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پاراستنی مافی منداڵانی ئێران دەڵێ، ژمارەی هاوسەرگیری لە تەمەنێکی کەم داو بەزۆر بەشوودانی کچان بێ خواستی خۆیانو لە تەمەنێکی نەگونجاودا بەردەوام لەگەشە کردن دایەو مەترسییەکی گەورە لەسەر داهاتووی کۆمەڵگای ئێران دروست دەکا.

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە لە یاسای کۆماری ئیسلامیدا ڕێگە دراوە کە منداڵانی خوار تەمەن دە ساڵ هاوسەرگیری بکەن، بە سەردانی کردنیان بۆ دادگا، بە شێوەیەکی فەرمی ئەم هاوسەرگیریانە ئەنجام دەدرێ.

هەروەها لە یاسای کۆماری ئیسلامیدا هیچ ماددە یاسایەک نیە کە ڕێگر بێ لەبەردەم بەزۆر بەشوودانی کچانو هاوسەرگیری کچانو کوڕانی خوار تەمەنی یاسایی کە بەردەوامیش دەزگاکانی پاراستنی مافی منداڵان داوا دەکەن کە ڕێو شوێنی گونجاو لەم بارەوە بگیردرێتە بەر. ئەگەر بێو ئاماژەیەک بە یاسا جیهانیەکان بکەین چەندین خاڵ ڕەچاو کراوە لە هاوسەرگیریدا کە بە هیچ شێوەیەک لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا کاری لەسەر نەکراوە ئەوانیش:

- بە پێی یاسا کاتێک هاوسەریەتی دروست دەبێ کە بە ڕەزامەندی هەردوو لا(کچو کوڕ) بێو زۆرە ملێی تێدا نەبێ.
- تەمەنی هاوسەریەتی لە پازدە ساڵ کەمتر نەبێ، لەڕووی یاساییەوە هاوسەرگیری دروست نابێ ئەگەر لەو تەمەنە کەمتر بێ.

بە پێی ئامارەکان بەزۆری ئاماژە بەوە کراوە کە زیاتر بڵاوبوونی ئەم دیاردانە لە باشووری ئێران بەربڵاوە واتە ناوچە گەرمێنەکان ئەویش بەهۆی زوو باڵغ بوونیانەوە کە بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، زۆر جاریش هۆکاری ئەمە دەگەڕێندرێتەوە بۆ پەیوەندی سێکسی ناشەرعی کە لە زۆرێک لەم ناوچانەدا لە تەشەنەسەندن دایە یان لە هەندێ گوندو شارەکانی ئێراندا هاوسەرگیری هەیە کە لە لایەن مەلاکانەوە لەسەر کاغەزێک دەنوسرێو لە پاشان لە شوێنی فەرمی تۆمار دەکرێ.

لە هەندێ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەدا کە لەسەر چەندین شاری پارێزگاکانی بووشەهر، بەلووجستان، سیستان، خووزستانو لۆڕستان کراوە، دەرکەوتوە کە ژمارەی هاوسەرگیری کچانو کوڕان لەم تەمەنەدا لە زیادبوون دایەو بەداخەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەم بارەوە پشکێکی زۆری بەرکەوتووە بە تایبەت لە پارێزگاکانی ئیلامو لۆڕستانو گەلێک ناوچەیتر.

جگە لە هەموو ئەوانەی کە باس کرا قەیرانی ئابووریو بێکاری، نەتوانینی دابین کردنی بژێوی ژیان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەزۆر بەشوودانی کچانە کە لە بەرامبەر بڕێکی پارە کچەکانیان دەفرۆشنو بێویستو ئارەزووی خۆیان لە تەمەنی زۆر نەگونجاودا هاوسەرگیریان پێ دەکەن.

هەمووی ئەم جۆرە کردەوانە دەرحەق بە کچانو کوران لە کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان نەتوانن لە ژیانی هاوسەریدا سەرکەوتوو بنو ژیانێکی زۆر ناخۆشیان لەگەڵ مێردو منداڵەکانیان لە داهاتوودا هەبێ. ڕێژەی کەسانێک کە بەهۆی ئەو شتانەوە ژیانیان لێک دادەبڕدرێو ناتوانن درێژە بە ژیانی هاوسەری بدەن، بە باشی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە ئەو کارانە نە تەنیا ناتوانێ خزمەت بە منداڵەکان بکا بەڵکوو غەدرێکی گەورەیە کە بنەماڵەکان لە کچە منداڵەکانیان دەکەنو لە پاڵ ئەوەش زەبرێکی گەورە لە کۆمەڵگاکەیان دەدەن. کاتێک کچو کوڕێک بێ ئەوەی هیچ هەستێکیان بۆ یەک هەبێ یان ئەوەی کە لەڕووی هێندێک پێوەری دیکەوە کە بنەماڵەکان بە سەریاندا دەیسەپێنن بچنە نێو ژیانی هاوبەشیەوە دەبینین کە ئەو ژیانە ژیانێکی پڕ لە بێهیواییو ڕقو قینو ناخۆشی دەبێ.

دەرئەنجامی ئەوانە هەمووی کێشەی کۆمەڵایەتی زۆری لێ دەکەوێتەوە کە زۆر لە دەروون ناسان پێیان وایە زۆرینەی ئەوانەی تووشی نەخۆشییە دەروونییەکان دەبنەوە هاوسەرگیری کچانی منداڵ لەگەڵ پیاوانی بەساڵاچووە کە زۆر کێشەی وەک لێک ترازانی خێزانەکانو هەروەها زیادبوونی دیاردەی لەش فرۆشیو خۆکوشتنی لێ دەکەوێتەوە کە بەداخەوە دەبینین ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان لە زیادبوون دایە، واتە لەگەڵ بەرز بوونەوەی ئاماری هاوسەرگیری لە ئێراندا ئاماری تەڵاقیش بەرزبوونەوەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، هەروەها خاڵێکیتر کە جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە لەم نێوەدا کچانی منداڵ زیاتر کاریگەری خراپیان لەسەر دەبێ ئەویش بەهۆی منداڵ بوونەوە، چونکە لەوانەیە توانای جەستەیی لەو تەمەنەدا بۆ منداڵ زەحمەت بێ کە زۆر جار گیان لەدەست دانی دایکەکەی لێ دەکەوێتەوە.



# کەمپەینی بەرگری لە جلو بەرگی ژنان لە وتووێژ لەگەڵ بەڕێز مەسعوود فەتحیدا

ماوەیەک لەمەوپێش دادگای رژێمی ئێران لە شاری مەریوان، سێ تۆمەتباری پیاوی بە لەبەرکردنی جلی ژنانەو گەڕاندنیان بە نێو شارەکەدا سزا دا، حوکمی یەکێک لەو پیاوانە لە لایەن هێزەکانی ئینتیزامیەوە جێبەجێ کرا، رۆژێک دواتر کۆمەڵێک لە چالاکانی ژنی مەریوانی بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین دژ بەو حوکمە ناشیرینەی دادگـــای رێـــژیـــم، رژانـــە سـەر شەقامەکانی مەریوانو دروشمی نارەزایەتیان بەرز کردەوە، رۆژێک دوای نارەزایەتی ژنانی مەریوان ‹مەسعوود فەتحی›‘‘ جلی ژنانەی لەبەر کردو بە شێوازێکی مەدەنیانە نارەزایەتی خۆی دژ بەو حوکمەی دادگای رێژیم دەربڕی، هەر پاش بڵاو بوونەوەی وێنەکانی ناوبراو کەمپەینێک پێکهاتوو لەپیاوانی کوردو غەیرە کورد وەڕێ خراو ئەمەش دەنگ دانەوەیەکی بەربڵاوی لە میدیاو راگەیاندنە کوردیو فارسیو زۆرێک لە وڵاتانی جیهانی بەدواوە بوو، بۆ تاوتوێ کردنێکی کورت سەبارەت بە کۆی چالاکیو دەستکەوتەکانی ئەو نارەزایەتیانە وتووێژێکمان لەگەڵ مەسعوود فەتحی سازداوە کە سەرنجی خوێنەرانی گۆڤاری لاوانی بۆ رادەکێشین.

١: رای ئێوە سەبارەت بەو حوکمەی دادگای رێژیم چیە؟

ئەو حوکمە حوکمێکی دژە ژنو دژە مرۆڤەو بەشێوەیەکی راستەوخۆ شکاندنی کەسایەتی مرۆڤە لە کەسایەتی ژندا، دیارە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا حوکمگەلێکی جۆراوجۆری بە مەبەستی شکاندنی کەسایەتی مرۆڤ دەرکردوە، بۆ وێنە ئافتاوەیان کردوەتە ملی تاوانبارو بەنێو ساردا گەراندوویانە، بەڵام ئەوەی لە مەریوان دیترا جیاواز بوو، پێویستە بڵێین کە یاساکانی دادوەری لە ئێران لەسەر ئەساسی ئایینی ئیسلامو مەزهەبی شێعە دارێژراون، هەر بۆیە بە ئاسانی مافو ئازادییەکانی چینە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگای ئێرانی بن پێ خستووە، بەڵام بە نیسبەت ژنان هەروەک بە پێی بنەماکانی ئایینیو مەزهەبی چاوەڕوان دەکرێ زەختەکان توندترن، بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە دەرکردنو جێبەجێ کردنی حوکمێکی وەها لە گەڵ ئەوەی کە روانگەی دژە ژنی کۆماری ئیسلامی زەقتر دەکاتەوە هاوکات ئەو راستییەش دەسەلمێنێ کە کۆمەڵگای ئێمەش ژن بوون بە عەیبو شوورەیی دەزانی، بەواتایەکیتر بەستێنی ئەو حوکمە لە کۆمەڵگای پیاوسالاری کوردستان بوونی هەیە.

٢: ئێوە بە لەبەرکردنی جلی ژنانە دەتانەویست چ پەیامێک بدەن؟ پەیامی ئێوە رووبە چ لایەنێک بوو؟

پێش هەر شتێک مەبەستی من دژکردەوەیەکی مەدەنی بوو بەرانبەر بەو حوکمەی دادگای مەریوان، هاوکات ویستم بڵێم کە ژن بوون نە عەیبەو نە شوورەیی. ژن بوون مرۆڤ بوونە، هەر وەک پیاو بوون. ئەوەی سەبارەت بە پرسی ژنان بۆ هەر تاکێکی کورد دەبێ گرنگ بێ ئەوە کە خۆی بە خاوەنی ئەو پرسە بزانی، پێویستە پیاوان بە کردەوە داکۆکی لە مافی ژنان بکەن، زۆر جار دەی بیستینو دەی بینین کە کەسانێک دەڵێن، ژن دەبێ خۆی مافی خۆی بستێنی، ئەو جۆرە بۆچوونانە سەرچاوەی لە کولتووری کۆمەڵگای پیاوسالاری دایە، ئەوە بێ خەم بوونە، بێ خەم بوونێک کە بێ هەڵوێستی لێ دەکەوێتەوە.

٣: دەستکەوتەکانی کەمپەینی ‹›ژن بوون ئامرازی سەرکۆنەو سووکایەتی کردن بە هیچ کەس نیە« لە چیو چیدا دەبینن؟

ئەو کەمپەینە بە بڕوای من لە زۆر بوارەوە سەرکەوتوو بوو کە بە کورتی دەکری ئاوا باسی بکەین.

ئەلف: ئەوحەرەکەتە حەرەکەتێکی مەدەنی بوو کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا گەشەی کردو کسانێکی جیاوازی لە خۆیدا جێ کردەوە، لەوانە کوردو فارسو تەنانەت خەڵکانی ولاتانی دیکە.

ب: ئەوکەمپەینە بۆ ماوەی چەند حەوتوو پرسی ژنانی خستە رۆژەڤی پرسەکانەوە، بە تایبەت دەنگ دانەوەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، میدیاو راگەیاندنە کوردی، فارسیو جیهانیەکان جێگای سەرنج بوو، بەم جۆرەش پێشێل کردنی سیستماتیکی مافەکانی ژنانی جارێکی دیکە خستە پێش جاوی ژنان.

ج: هێزەکانی ئینتیزامی رێژیم رۆژێک پاش نارەزایەتی ژنانی مەریوان نووسراوەیەکیان لە شاری مەریوان بڵاو کردەوەو تێیدا دەست خۆشیان لە خۆیان کردو ئەو کردەوەی خۆیان بە باش وەسف کرد، بەڵام درێژەی نارەزایەتیەکانو دەنگ دانەوەی ئەو کەمپەینە بوو بە هۆی ئەوەی کە فەرماندەی هیزە ئینتیزامیەکانی رێژیم داوای لێبووردنی لە هەموو ژنانی کورد کرد.

بەڵام گرینگترین پەیامی ئەو کەمپەینە بە بڕوای من ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردستان بەستێنی دەست پێکردنی وەرزێکی نوێی هەیە، وەرزێک کە لەودا مرۆڤی کورد داکۆکی لە مافو ئازادییەکانی خۆی بکا. بە واتایەکیتر ئێستا ئیدی ئەرکی لایەنە سیاسییەکان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو، میدیاو راگەیاندنەکانە کە بە شێوازێکی بەربڵاو و چڕوپڕ داکۆکی لە مافەکانی ژنان بکەن. ئەوەی ئێمە دیتمان ئەوە بوو کە هەر رۆژانی گەرمو گوڕی نارەزایەتیەکاندا(بە کەمپەینەکەشەوە) ژنگەلێکی دیکە بوونە قوربانیو هەر لە یەکەم رۆژی دەست پێکردنی کەمپەینەکەدا ژنێکی مەریوانی کە خاوەنی دوو منداڵ بوو دەستی دایە خۆکوژیو بەداخەوە گیانی لە دەست دا، کەوابوو ناکرێ بڵێین رێنسانسێکی فکری دروست بووەو هەموو شتێک گۆڕدراوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین کە هەنگاوێکی گرینگ هاوێژراوە.

**مەبەستی من دژکردەوەیەکی مەدەنی بوو بەرانبەر بەو حوکمەی دادگای مەریوان، هاوکات ویستم بڵێم کە ژن بوون نە عەیبەو نە شوورەیی. ژن بوون مرۆڤ بوونە، هەر وەک پیاو بوون. ئەوەی سەبارەت بە پرسی ژنان بۆ هەر تاکێکی کورد دەبێ گرنگ بێ ئەوە کە خۆی بە خاوەنی ئەو پرسە بزانی، پێویستە پیاوان بە کردەوە داکۆکی لە مافی ژنان بکەن، زۆر جار دەی بیستینو دەی بینین کە کەسانێک دەڵێن، ژن دەبێ خۆی مافی خۆی بستێنی، ئەو جۆرە بۆچوونانە سەرچاوەی لە کولتووری کۆمەڵگای پیاوسالاری دایە.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شارستانی ئیلام



هەژیر عەبدوڵڵاپوور




خوێنەرانی خۆشەویستو هێژا، لە ژمارەی پێشوودا کە تایبەت بوو بە شارستانی ئیلام، بە کورتی باسی مێژوو و سەربوردەی ئەو ناوچەیە، هەڵکەوتی جوغرافیایی، زمانو بن زاراوەکان، جلوبەرگو ژیانی هۆزایەتی، هەڵبەستو ئەدەبی زارەکی ئەو دەڤەرەمان کرد. لەم بەشەشدا هەوڵ دەدەین کە هەندێ لایەنو تایبەتمەندیی دیکەی ئەو شارستانە بۆ ئێوە ئەزیزان بخەینە بەرباس.

**سەنعەتو کانگاکان:**

لەم شارستانەشدا وەک زۆربەی شارو ناوچەکانی دیکەی کوردستان، سەنعەت لە چاو بەشی خەدەماتیو کشتوکاڵ بەشێکی زۆر کەم لە کارو پیشەی خەڵک پێک دێنێ. سەنعەتی ئیلام زیاتر لە سەنعەتی نێوماڵ یان سەنعەتی دەستیو کارگەدا کورت دەبێتەوە. گرینگی ئەم سەنعەتە لەم ساڵانەی دواییدا وەک سەنعەتێکی پڕداهاتو شوێندانەر لە گەشەو پەرەپێدانی ئابووری ئەو ناوچەیە هەستی پێکراوە. دەکرێ ئەم سەنعەتە بە سەنعەتە دەستییەکانی کۆمەڵی عەشایری، گوندنشینو کۆمەڵگەی شاری دابەش بکەین. سەنعەتە دەستییەکانی ئیلام بە بوونی رابردووی مێژوویی دەوڵەمەندو پڕ هەورازو نشێوی خۆی، بەشی زۆری پێداویستییەکانی ئەو ناوچەیە دابین دەکاو زیادییەکەشی بۆ دەرەوەی پارێزگاکە بەڕێ دەکرێ، بەڵام سەرەڕای پەرەسەندنی ئەم سەنعەتە لە ئاستی وڵاتدا، هێشتا وەک سەنعەتەکانی دیکە پەرەی نەسەندوەو تەنانەت لاوازتریش بووە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پشتیوانی نەکردنی ماڵی دەوڵەتو نەبوونی دەرەتانو ئیمکاناتی پێویستی ئەو کەسانەی کە بەم کارەوە سەرقاڵن. گرینگترین سەنعەتە دەستییەکانی ئەو ناوچەیە بریتین لە: فەڕش، هەوریشم، قاڵی، بەڕە، جاجم، لباد، رەشماڵ، کەپەنک، کڵاشو سەنعەتی دارینە. ئەگەر لە داهاتوودا گرینگی زیاتر بەم بەشە لە سەنعەت بدرێ، شاهیدی گەشەو پەرەسەندنی بەرچاوی سەنعەتە دەستییەکانی ئیلام بە گشتی دەبین.

**کشتوکاڵ و ئاژەڵداری:**

ئابووری شارستانی ئیلام لەسەر بنەمای وەرزێری، باغداری، ئاژەڵداریو سەنعەتە دەستییەکان دەگەڕێ. دۆخی کشتوکاڵ بەهۆی ئاوو هەوای لەبارو بارینی زۆر، زۆر بەڕمینە. ئاو بۆ ئاودێرکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە رووبارو بیرە قووڵەکانەوە دابین دەبێو بەروبوومی کشتوکاڵی ئەو دەڤەرە زیاتر بریتییە لە: گەنم، جۆ، گەرمەشانیو سەوزەو بێستانە. باغداریش لەو دەڤەرەدا بریتییە لە: سێو، هەنار، ترێ، هەڵووچەو قەیسی.

ئاژەڵداریش لە سەردەمانی کۆنەوە لەو ناوچەیەدا برەوی هەبووەو وەک کاری سەرەکیی خەڵکی دێهاتو هۆزەکانی ئەو ناوچەیە دەژمێردرێ. بەروبوومی وەک سپیایی، پێستو خوری بە رادەیەکە کە جیا لە دابین کردنی پێداویستییەکانی خەڵکی ناوچەکە، بۆ شوێنەکانی دیکەی ئێرانیش بەڕێ دەکرێ.

**شوێنەوارە مێژووییو باستانییەکان:**

ئەم شارستانەش وەک ناوچەکانی دیکەی پارێزگای ئیلام، خاوەنی چەندین ئاسەواری مێژووییو باستانییە کە هەر کامیان هەڵگری بەشێک لە چیرۆکو بەسەرهاتی دەسەڵاتدارانو خەڵکی ئەو دەڤەرەن کە لێرەدا هەوڵ دەدەین ژمارەیەکیان بە ئێوەی بەڕێز بناسێنین:

**کۆشکی فەلاحەتی:** کۆشکی فەلاحەتی یان کۆشکی کەشاوەرزی لە گەڕەکێکی شاری ئیلام بە ناوی کەشاوەرزی یان فەلاحەتیدا ساز کراوە. ئەم بینایە هی کۆتایی سەردەمی پەهلەوییە کە بە مەبەستی بینای ئیدارەی کەشاوەرزی ساز کراوە. لە دروست کردنی ئەم بینایە لە بەردو خشتو گێچ کەڵک وەرگیراوە کە کۆڵەکە نەخشێنراوەکانی بە نەخشی رووەکو ئاژەڵو مرۆڤ، جوانییەکی تایبەتی بەو بینایە بەخشیوە. بینای کۆشکی فەلاحەتی لەنێو باخێکی گەورەو بە داری بەتەمەنی وەک چنارو توو دەورە دراوە.

ئەم کۆشکە ئێستا بە هیممەتی دڵسۆزانی ئاسەوارە هونەرە سوننەتییەکان کراوەتە مووزەی هونەرە سوننەتیو کشتوکاڵییەکان.

**بەردەنووسی قووچعەلی:** ئەم ئاسەوارە لەسەر نمای باشووری تاشەبەردی چیای هەنارو ناوچەیەک بە ناوی "تەنگەلانی قووچعەلی" لە باکووری ئیلام هەڵکەوتووە. نووسراوەی سەر ئەم لەوحە لە قەوارەی 50 لە 70 سانتیمیترو لە سەردەمی قاجارو حکوومەتی والیانی پشتکۆدا هەڵکۆڵراوە. بەرزییەکەی لە ئاستی زەوییەوە نزیکەی چوار میترو نیوەو دەستڕاگەیشتن پێی کارێکی دژوارە.

ئەو خەتەی کە دەقی سەر بەردەنووسەکەی پێنووسراوە لە جۆری نەستەعلیقەو وەک لەوحە بەردینەکانیتری غوڵامڕەزاخانی والی جگە لە جوانی پیتەکان، بەهۆی فەزاو مەودای کەمەوە، وشەکان لە فەزایەکی چووکەدا خڕکراونەتەوە.

**قەڵای "چوار" ناسراو بە قەڵا:** ئەم قەڵا مێژووییە لە 12 کیلۆمیتری خۆراوای شاری چوارو 20 کیلۆمیتری شاری ئیلام هەڵکەوتووە. کۆی بینای ئەم قەڵایە لەسەر هەورازو تیرەگەشانێکی نارێکوپێک ساز کراوە کە نزیکەی 300 میتر لە زەوییەکانی دەوروبەرەوە بەرزترە. ئەم قەڵایە لە چەند بەشی وەک بینای سەرەکی قەڵاکە، بیناو بورجەکانی نێوەوە، شوێنی نیشتەجێ بوون لە داوێنی تەپۆڵکەکە، ژووری نیگابانی، رێڕەوی ژێرزەمینیو ئەو دیوارانە پێکهاتووە کە لەسەر لوتکەی تەپۆڵکەکەوە تا داوێنەکانی خوارەوەی کێشراون. بە سەرنجدان بە بیناو شێوەی سازکردنی قەڵاکە، وێدەچێ بۆ کاری نیزامی کەڵکی لێوەگیرابێو وەک شوێنێکی ستراتیژیک لە لایەن دانیشتوانی قەڵاکەوە بەکار هاتبێ. کەرەستەی بەکارهاتوو لەم قەڵایەدا، بەردو قسڵ بووەو رواڵەتی نارێکوپێکو رووتی بەردەکان، سیمایەکی زبرو نالێکی بە دیوارە جۆراوجۆرەکان داوە. ئەم ئاسەوارە گرینگە تاکوو ئێستا لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوەو خەڵکی ئەو دەڤەرە پێیان وایە کە ئەم قەڵایە لە کۆتایی سەردەمی مێژووییو سەرەتای سەردەمی ئیسلامدا ساز کراوە.

**بەردەنووسی قەڵای والی شاری ئیلام:** پاش سازکردنی قەڵای حسێنئاوای ئیلام لە ساڵی 1326ی کۆچی هەتاوی، غوڵامڕەزاخانی والی فەرمانیدا بەردەنووسێک بە درێژی 180 سانتیمیترو پانی 34 سانتو بارستایی 14 سانتیمیتر بە باشترین شێوە سازبکەنو هەڵیکۆڵن. ئەم بەردەنووسە بە خەتی نەستەعلیقی زەقەو لە حەڤدە دێڕو بە مەودای وەک یەکو رێکوپێکو لە کادری لاکێشەییدا نووسراوەو لەو سەردەمانەدا لە سەرەوەی دەرگای چوونەژوورەوەی قەڵای والیشاری ئیلام داکوترا کە لە کاتی شەری ئێراقو ئێرانو بۆمبارانی فڕۆکەکانی ئێراقی دەکەوێتە خوارێو ئێستا لە شوێنێکی دیکەی قەڵاکە پارێزراوە.

**قەڵای والی ئیلام:** قەڵای والی یەکێک لە بینا کولتووری – مێژووییە گەورەکانە کە لە نێو شاری ئیلامدا هەڵکەوتووە. ئەم بینایە مێژووییە کە یادگاری میرانو سەردەمانی پێشووو لە جۆری خۆیدا بێوێنەیە، لە ساڵی 1326ی کۆچی مانگیدا بە بڕیاری "غوڵامڕەزاخانی والی" لە گەڕەکێک بە ناوی حسێن ئاوای فەیلی کە بە "دە بالا" بەناوبانگ بووو لەسەر تەپۆڵکەیەک بە ناوی چقامێرگ، ساز کراوە. ئەم قەڵایە بەشی جۆراوجۆری وەک حەرەمسەرا، ژووری شانشین، ژووری ئاوێنەو بەندیخانە هەڵکەوتوو لە ژێرزەمینی قەڵاکە، لەخۆ دەگرێ. غوڵامڕەزاخانی والی کە ئەو شوێنو بینایەی لەسەر تەپۆڵکەیەکی نە هێندە بەرز بنیات نا، زیاتر لە وەرزی هاویندا وەک هاوینەهەوار کەڵکی لێوەردەگرت.

سەبارەت بە کورتەمێژووی قەڵای والی هەروەک لە بەردەنووسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەختی خان هەڵکەوتوو لە 15 کیلۆمیتری باکووری رۆژهەڵاتی ساڵحاوای ئیلامدا هاتووە، دەردەکەوێ کە غولامڕەزا خان دوای چەند دێڕ سەبارەت بە کارەکانی خۆی، دەنووسێ: ”دەستوورم دا بە سازکردنی قەڵای حسێنئاوای فەیلی ناسراو بە ”دە بالا“، تەلارسازی قەڵا و باغەکە لە لایەن حاجی دەروێش عەلی کرماشانیو بەردتاشییەکەشی لە لایەن رەزا قولییەوە لە ساڵی 1325ی کۆچی مانگیدا کۆتایی هات“.

قەڵای والی لە زەوییەک بە رووپێوی 4687 میتری چوارگۆشە ساز کراوە کە لەو رووپێوەش، فەزایەکی سەوز بە رووپێوی 1792 میتری دووجا لە لای باشوورەوە ماوە. ژێربینای قەڵاکە 1466 میتری دووجایەو پێوەری حەوشەکەی دەرەوەشی 1363 میتری دووجایەو بەرزایی ئێستای کەفی حەوشەکەی لە دەوروبەرەکەی 3.5 تا 4 میترە.

بوونی نەردەگەلی تۆڕی لە خشت بە رەنگی ئاسمانی، هەیوانە سەرداپۆشراوەکانی لای باشووری قەڵاکە لەگەڵ پەنجێرە تۆڕییەکانی تێکەڵ بە شووشە رەنگییەکان، کۆڵەکە ستوونییەکان، سەرەکۆڵەکە نەخشێنراوەکانی هەیوانەکە، کەوانە رازێنراوەکان بە کاشی رەنگی، دارە بەرزو بە تەمەنەکانی وەک کاجو حەوزی نێو تالارەکە، دووردیمەنێکی زۆر جوانو دڵگیری بە قەڵاو جۆری تەلارسازییەکەی داوە.

قەڵای والی لە کاتی شەڕی ئێرانو عێراقدا تا نزیکەی سەدا پەنجا خراو و کاول ببوو کە لە ساڵی 1367ی هەتاوی بە هاوکاری رێکخراوی میراتی کولتووریو بۆ ماوەی دوو ساڵ بنیات نرایەوەو لە کاتی نۆژەن کردنەوەیدا سەرەڕای ئەوەی قەول درابوو کە تەلارسازیو شێوازی دێرینی قەڵاکە بپارێزرێ، بەڵام بە دانانی تیرئاسن لە بنەمیچی هەیوانەکانی قەڵاکەو لابردن یان زیادکردنی چەند دیوارێکی ژوورەکانو چەند شوێنێکی دیکەی قەڵاکە، گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە قەڵاکەدا کرا کە پێچەوانەی ئەو بەڵێنە بوو کە بەرپرسان دابوویانو بەم جۆرە تەلارسازیو شێوازی دێرینی قەڵاکە وەک خۆی نەما.

زۆربەی ئەو ماددانەی کە لە سازکردنی قەڵاکەدا بە کار براون، خشتو تا رادەیەکیش بەرد بووە. لە کاتی نۆژەن کردنەوەی قەڵاکە لە بنمیچو کەوانەکاندا لە قوڕو گەچو لە دیوارەو ژێر خشتفەڕشەکاندا لە گڵو قسڵو هەندێک جاریش لە زیخو چیمەنتۆ کەڵک وەرگیراوە.

قەڵای ناوبراو سێ درگای چوونەژوورەوەی لە لای باشوور، خۆرهەڵاتو خۆرئاوادا هەیە کە درگای سەرەکی چوونە نێوەوە لە لای باشوورەوە هەڵکەوتووە کە بە یازدە پلیکانی 20 سانتیمیتری دەچێتە بەردەم ژووری نیگابانیو دواتر بە هەشت پلیکانیتر دەچێتەوە نێو حەوشەی قەڵاکە. رێگەی چوونە ژوورەوە بە شێوازی یوونانی سازکراوە. درگاکانی دیکەی قەڵاکە بۆ کاری تایبەتی بووە یان بۆ هاتوچۆی میوانەکان دروست کراوە کە بەهۆی رێڕەوگەلێکی تایبەتەوە دەچنەوە نێو حەوشەی قەڵاکە.

بنەمیچی تەواوی ژوورەکان بە گەچو خشتو بە شێوەی کەوانەی بارەبەر یان تەنیا بۆ رازاندنەوەو بە شێوازی رۆمی سازکراوە. ئاوێنەکاری لە بنەمیچی ژوورەکانیشدا باو بووە کە ئاسەوارگەلێک لەو هونەرنواندنە لە یەکێک لە هۆدەکانی لای خۆراوای قەڵاکەوە هەروا وەک خۆی ماوە. گەچبڕی سەر دیوارەکانو میچی ژووری شانشین لە قاڵبی گوڵو گیادا نەخشێنراوە. هەروەها بەردی ئێزارەی نمای دەرەوەی دیوار بە شێوەی بەردی تاشراوی لاکێشەییە کە بە شێوەی زەقو دیار بە کار هێنراوە.

**مووزەی خەڵکناسی قەڵای والی ئیلام:**

پێویستە بگوترێ تا بەر لە ساڵی 1385ی هەتاوی شوێنی ئیدارەی کەلەپووری فەرهەنگی ئیلام لە قەڵای والی دابوو کە هەر لەو ساڵەدا بۆ پاراستنی قەڵاکەو پێشگیری لە خراپبوونی ئەو ئاسەوارە مێژووییە، ئەو ئیدارەیە راگواستراو قەڵاکە خاڵی کرا. بوونی ژووری جۆراوجۆر لەنێو قەڵاکە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەرکام لەو هۆدانە گۆشەیەک لە فەرهەنگی دەوڵەمەندی ئیلامییەکان بخاتەڕووو هەروەها شوێنی لەباری قەڵاکە، خەمخۆرانی کولتوورو مێژووی هێنایە سەر ئەو بڕوایە کە مووزەی خەڵکناسی ئەو دەڤەرە لەنێو ئەو قەڵایەدا وەڕێ بخەن.

بەڵێ! لە ساڵی 1385ی هەتاویدا دڵسۆزانو خەمخۆرانی کولتوور، مێژووو دابونەریتی ئیلام، وردەوردە کەوتنە بیری وەڕێخستنی مووزەی خەڵکناسی پارێزگای ئیلامو سەرەنجام لە ساڵی 1387 ئەو مووزەیەیان لە قەڵای والیدا کردەوە کە تێیدا بێجگە لە پێشانگای سەنعەتە دەستییەکان،



خستنەڕووی جلوبەرگی ئێڵو هۆزەکانی ئەو پارێزگایە، بەڕەو قاڵیچنین، لمەد سوونەوەو ئاشی ئاوی لە بەشە پێکهێنەرەکانی ئەو ئەنتیکەخانەیەیە، کە بە گشتی دەوڵەمەندیو سەرنجڕاکێشی مووزەکە بواری ئاشنایەتی گەشتیارو توریستەکانی لەگەڵ کولتوورو مێژووی ئەو پارێزگایە خۆش کردوە.

بە وتەی دانەرانی مووزەکە راگرتن، پاراستنو ناساندنی کەلەپووری مەعنەویو کولتووری بە لاوانو نەسڵەکانی داهاتووی ئەو بەشە لە نیشتمان لە مەبەستەکانی دیکەی وەڕێخستنی مووزەکەیە.

لە پۆلێنبەندی کەلوپەلەکانی مووزەی خەڵکناسی پارێزگای ئیلام سێ ئەسڵی ژینگە، ژیانو پرسە کۆمەڵایەتیو باوەڕەکان وەک بنەما دانراوەو هەر لەسەر ئەو سێ ئەسڵەش کەلوپەلەکانی مووزەکە بەسەر 6 گرووپی تێکنیکەکانی بژیوی؛ ئایینزاو بۆنەکان؛ خانوبەرە؛ هونەرەکانو سەنعەتە دەستییەکان؛ خواردەمەنیو، جلوبەرگو باوەڕەکاندا دابەش دەبێ.

بە گشتی بەشی کشتوکاڵ یەکێک لە بەشە سەرەکییەکانی مووزەکە پێکدێنێ کە خۆی قۆناغەکانی تووچاندنو کێڵان، رنینەوە یان دروونەوەو گێرەو شەنکردنو سەرەنجام هەڵگرتنەوە لە خۆدەگرێ. بەشێکی دیکەی مووزەکە بەشی باوەڕو دابونەریتەکانە کە لەو بەشەشدا کەلوپەلی جۆراوجۆر لەنێو جامخانە یان ویترینەکاندا خراونەتەڕوو. هەروەها لەو مووزەیەدا بەشێکی دیکە کراوەتەوە کە تێیدا ماکێتگەلێک لە ژنو پیاوانی کورد، لەک، لۆڕو عەڕەب بە جلوبەرگی تایبەتی خۆیانەوە خراونەتەڕوو. پیشاندانی ناوداران، ژیانی هۆزەکان، دیمەنی زەماوەند بە شێوازی ئەو ناوچەیە، سەنعەتە دەستییەکان، رێورەسمی چەمەر، راوە کەو و زۆر بابەتی دیکە بەشەکانیتری ئەو مووزەیە پێک دێنن.

پێویستە بگوترێ شارستانەتی ئیلام بە مێژینەی دە هەزار ساڵە یەکێک لە کۆنترینو دەوڵەمەندترین شارستانەتییەکانە کە ئاسەوارێکی زۆر لەو شارستانییەتە لە پارێزگای ئیلامو بە تایبەت لە مووزەی ناوبراودا بەرچاو دەکەوێ.

مووزەی خەڵکناسی شاری ئیلام لە کاتی کردنەوەی لە ساڵی 1387 ەوە تاکوو ئێستا لە لایەن گەشتیارانو هۆگرانی کولتووری ئیلامەوە گرینگیو بایەخی تایبەتی پێدەدرێو هەروا توریستو گەشتیاران لە پارێزگاکانی دیکەی ئێرانو تەنانەت جیهانەوە بە تایبەت لە رۆژانی پشووی نەورۆزدا رووی تێدەکەن.

**قەڵای سمایل خان:** قەڵای بەناوبانگی سمایل خان لەسەر بەرزاییەکانی ”هەمبار ئاو“ زاڵ بەسەر شاری ئیلامدا ساز کراوە. لە خۆرهەڵاتی ئەم قەڵایە لوتکەی 3075 میتری مانشتو لە باکوورەوە دۆڵی دالابو لە باشووریشەوە شاری ئیلام هەڵکەوتووە. ئەو بەرزاییەی کە ئەم قەڵایەی لەسەر دروست کراوە 3500 میتر لە ئاستی دەریاوە بەرزەو بە داری بەڕوو و وەنو ئەرژەن داپۆشراوە. ئەو شوێنەی کە ئەم ئاسەوارەی تێدا ساز کراوە، شوێنێکی بە تەواوی کوێستانییەو هەر بەم پێیەش قەڵاکە لە جۆری قەڵا ستراتیژیکە کوێستانییەکانە کە لە سێ لاوە بە تاشەبەرد دەورە دراوەو زۆر هەڵەموتەو تەنیا لە لای باشووری خۆرهەڵاتەوە رەوگە یان رێی هاتوچۆی هەبووە.

هێندێک لە شوێنەوارناسان مێژووی دروست کردنی ئەم قەڵایە دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ئیسماعیلییە، بەڵام خەڵکی ئەو دەڤەرە مێژووی سازکردنەکەی بۆ سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی والییەکانی لۆڕستانو پشتکۆ دەگەڕێننەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# چاوپێکەوتنی گۆڤاری لاوان لەگەڵ تێکۆشەری دێرین مام ڕەسووڵ جەعفەر

**دیمانە: سیامەند شێخەپوور**

مام ڕەسووڵ ناسراو بە ڕەسووڵ جەعفەر لە گەڕەکی ساتاوای شاری بانە لە دایک بووە، وەک بۆخۆی دەڵێ تەمەنی سەد ساڵە، بەڵام ئەوەندە نابێ، چونکە ئەوکات تەسکەرەیان زۆر بۆ وەردەگیرا دەنا هەر نزیک بە هەشتاوپێنج ساڵ دەبێ. وەک هەموو ڕۆڵە کوردێکی دڵسۆز کە هەستی بە چەوسانەوەی گەلەکەی کردوە پێوەندی بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە دەگرێ‌و لە ڕێگای تەشکیلاتی‌یەوە دەست بە خەبات دەکاو پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی، ئاشکرا دەبێ‌و ساڵی شەست بەم لاوە بە فەڕمی دەبێتە پێشمەرگەو تا ئێستاش هەر بەردەوامە. وەک گۆڤاری لاوان هاتووینە خزمەتی‌و لەو کورتە دانیشتنەدا وەڵامی ئەو چەند پرسیارەی داینەوە، با پێکەوە چاو لە ژیان‌و بەسەرهاتی ڕۆڵەیەکی ماندوونەناسی گەلەکەمان بکەین.

ئەو کاتەت باش، لە لایەن گۆڤاری لاوانەوە هاتووینە خزمەتت چەند پرسیارێکت لەسەر ژیان‌و بەسەرهاتی خۆت لێ‌بکەین.

زۆر بەخێر بێن سەرچاوانم.

**پرسیار: سەرەتا پێمان خۆشە خۆت بە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان بناسێنی، ناوت چیەو خەڵکی کوێی‌و لە کوێ لەدایک بوویی؟**

وەڵام: ناوم ڕەسووڵ ڕەشیددووست، خەڵکی شاری بانەی ڕۆژهەڵاتم‌و هەر لەو شارەش لە بنەماڵەیەکی نیشتیمان‌پەروەری کورد چاوم بۆ ژیان کردەوە. ماڵمان لە گەڕەکی ساتاوایە بوو.

**پرسیار: ساڵی چەند لەدایک بووی‌و تەمەنت چەندەو خوێندواریت هەیە؟**

وەڵام: زۆر بەداخەوە لەبەر ئەوەی کە بنەماڵەکەمان زۆر دەست کورت بوون لە باری ماڵیەوە نەم‌توانی بچمە قوتابخانەو بخوێنم، هەربۆیە خوێندەواریم نەبووەو نازانم ساڵی چەند لەدایک بووم، ساڵی لەدایک بوونم نازانم بەس بەپێی سجیلی ئەو کات کە بە زۆری تەمەنیان زۆر دەنووسی، نزیک سەد ساڵ دەبم، بەڵام تەمەنی ئەسڵی خۆم دەوروبەری ٨٥ ساڵە. من هەر لە منداڵیەوە لە خۆشی بێ‌بەش بووم، چونکە هەر منداڵ بووم کە دایکم کۆچی دوایی کردوە. کە دایکم مرد لەنێو منداڵان‌دا کایەم دەکردو، هاتن بەدووم‌داو گوتیان دایکت خەریکە دەمرێ‌و بانگی تۆی کردوە، چونکە دایک نەخۆش بوو، کە چوومە لای گوتی:

– ڕۆڵە ڕەسووڵ گیان کە تۆ بووت قوربانی‌یەکم بۆ بکە، بە باوکیشمی هەروا وت. پاش ئەو قسانە تەمەنی دا بە ئێوە. ئەوکاتەی کە دایکم فەوتی کرد تەنیا یەک خوشکی بەرمەمکانەم هەبوو، ئەویش بەرەحمەت چوو، پاشان باوکم ژنی هێنایەوە، زڕدایکم زۆر لەگەڵم خراپ بوو.

**پرسیار: ئایا ژنت هێناوە یان نا؟**

وەڵام: نا، ژنم نەهێناوە، بەداخەوە بۆم جێ‌بەجێ نەبووە، بەس کچێکم بە ناوی مەریەم مارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کرد نەگەیشتم بیگوازمەوە کۆچی دوایی کرد. ئەوکات پووڵم زۆربوو هەمووم دابوو بە مریەم، باوکی کە ناوی ئەحمەد هاجەر بوو پووڵەکەی بۆ هێنامەوە من قەبووڵم نەکردەوە، باوکم گوتی، ڕۆڵە لێی وەرگرەوە، لێم وەرنەگرتەوەو گەردنم ئازاد کرد. لە دوایی‌دا پووڵم نەبوو کە ژن بێنمەوە، بنەماڵەکەشمان زۆر دەست کورت بوون دەنا ئافرەت زۆر بوون.

**پرسیار: ساڵی چەند هاتووی بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبو بەرگی پیروزی پێشمەرگایەتیت لەبەر کردوە، چۆن بوو حیزبت ناسی، لە ڕێگای چ کەسانێکەوە پێوەندیت بە حیزبەوە گرت، کێ هاندەرت بوو کە بوویتە پێشمەرگە؟**

وەڵام: بنەماڵەی ئێمە هەر نیشتیمان‌پەروەرو کوردپەروەر بوون. من کە باوکم بە ناوی جەعفەر ڕەشید دووست لە کۆماری کوردستان‌دا پێشمەرگە بووە، هەر ئەوەش وای لە من کرد کە لە پێشمەرگەکان نزیک ببمەوە کە ئەو کات بوومە تەشکیلاتی نەهێنی‌و، باشتر ئاشنایەتیم پەیدا کرد. لەگەڵ شەهیدان فەقێ عەوڵای نواوێ‌و ڕەسووڵ خەبات حیزبم ناسی. من کە کاری تەشکیلاتیم دەکردو ناوی نەهێنیان بۆ دانابووم، یەکەم جار ناوی "هەڵۆ"و دووهەم جاریش ناوی "گێلە"یان بۆ دانابووم. من هەر لە زەمانی ڕێژیمی شاوە پێوەندیم بە حیزبەوە هەبوو.

من لە گوندی "کانی‌ڕەش" شوان بووم کاری تەشکیلاتیشم دەکرد، ئەو کات کەسێک بە ناوی سەعید ساڵەمەڕە کە پێشتر پێشمەرگە بوو لە دوایە خوی تەحویل دایەوە منی دەناسی خەڵکی شاری ڕەبەت بوو، چونکە هەر لە شاری ڕەبەت زیاتر پێشمەرگە بووم ناوی منی دابوو بە سپای، گوزارشتی لێ دابووم ئاشکرای کردم. جارێکش لە شەڕدا بریندار بووم لە هێزی زمزیران‌دا. لە دوایی‌دا لەگەڵ میرزا عەوڵای موعینی‌و مینە شەم‌دا پەیوەندیم بە ئەوانیشەوە هەبوو. من لە کانی‌ڕەش شوان بووم کە داوایان لێ‌کردم بچم بۆ مەهاباد کەوشیان بۆ بهێنم بۆ پێشمەرگەکان. منیش بەیانی چووم بۆ تاقەدار سواری ماشین بووم کە چووم فەرماندەی پاسگای کاوڵانیان کوشتبوو، کە گەڕامەوە نان‌و چام بۆ بردن بۆ شاخەی ماین‌خوارە بۆ پێشمەرگەکان.

**لاوان: لەو ماوەیەی کە پێشمەرگە بووی قەت پەشیمان نەبوویەوە کە بڵێی واز لە خەبات دێنم، چونکە بێ‌گومان لە ژیان پێشمەرگایەتی‌دا کەندوکۆسپی زۆری تێدایە، تەنیا پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکڕات بووی یان لە لایەنی دیکەش‌دا خەباتت کردوە.**

وەڵام: نا قەت لە پێشمەرگایەتی پەشیمان نەبوومەوە، چونکە بنەماڵەکەم هەر لەگەڵ حیزبی دێمۆکڕات بوون بە تایبەتی باوکم. منیش بەس تەنیا لەنێو حیزبی دێمۆکڕات‌دا خەباتم کردوە، چونکە بابم منی بە گۆڕی پێشەواو سوێند دا کە دەبێ ببم بە پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکڕات، منیش لەبەر سوێندی بابم بووم بە پێشمەرگەی دێمۆکڕات.

**لاوان: لە شاری بانەدا چەند کەسانێک هەن کە زۆر لەنێو خەڵکدا ناویان دێنن بۆ وێنە حەمەڕەشید خان‌و حەمەتاڵ، ئەوانە چکارە بوون زانیاریت لەسەریان هەیە؟**

وەڵام: ئەوکات حەمەڕەشید خان شەڕی دەکرد کە ناوی شەڕەکەی ناوی شەڕی شرە بوو شەڕی کوردی نەبوو، شەڕی بۆ تاڵان کردن دەکرد، یاخی بوو، شەڕی لەگەڵ عەجەمان دەکرد، شاری سەقزی تاڵان کردو شاری بانەشی سووتاند، چەتە بوو. لەسەر حەمە تاڵیش هەر چەتە بوو، لەگەڵ سەید عەتا. بەس ئەوان خراپەیان لەگەڵ کوردا نەدەکرد. شوێنی مانەوەیان لە جووتەداری ئاڕبابا بوو، ئەوان ٢٠ کەس بوون کە هەر کاری چەتەیی‌و دزیان دەکرد. لە کۆتایی‌دا زۆر سپاست دەکەین کە ئەو دەرفەتەت قەبووڵ کرد هیواداریین تەمەن درێژ بێت



# «دڵی ئارۆس» دەتوانێ ژیانی هەزاران کەس لە مردن رزگار بکا!

و ، لە سویدییەوە: باوکی دانا

«ئازاد نەجاڕ» دوکتۆر لە بەشی نەخۆشییەکانی کۆئەندامی میزو بەشی زاوزێ لە «ڤێستروس» و «سەعید زەهرایی» پرۆفیسۆر لە ئەنستیتۆی پاشایەتی سوید بۆ تێکنۆلۆژی، خەریکی تەواوکردنی پرۆسەی سازکردنی دڵێکی دەستکردن بەو ئاواتەی کە بتوانێ لە داهاتوودا ژیانی هەزاران کەس لە مردن زگار بکات. بۆ ئەوەی کارەکانی تەکمیل کردنی ئەم پرۆژەیە بە کۆتایی بگەن، پارەی زیاتر پێویستە، ئەمەش رەنگە کاتێک دەستەبەر بێ کە نموونەیەک بۆ تاقیکاری بخرێتە بەردەست توێژەرەوانو سەرمایەدانەران لە زانکۆکانی «لووند» و «ئۆپسالا».

خولیای زانینی پێکهاتە و چۆنیەتیی کارکردنی دڵ هەر لە سەردەمی خوێندنی دوکتۆری لە کوردستان لای دوکتۆر «ئازاد» هەبوو. پاڵنەرێکی گرینگیش بۆ ئەم حەزە، ئەوە بوو کە یەکێک لە ئامۆزاکانی «ئازاد نەجاڕ» کە زۆریش پشتگیریی دەکرد، نەخۆشیی دڵی هەبوو. بەڵام بیرۆکەی ئەوە کە کار لەسەر سازکردنی دڵێکی دەستکرد بکا کە بە پێچەوانەی نموونە ئەمریکییە دروست کراوەکە، لە باری رووکارو کارکردەوە زیاتر وەک دڵی ئاسایی بچێ، کاتێک بوو کە «ئازاد نەجاڕ» هاتە «سوید» و وەک پزیشک دەستی بە ئیش کرد.

– ئەوە ئاواتمە کە شتێکی تازەو باش بکەم بۆ ئەو نەخۆشانەی کە پێویستیان پێیەتی! ئەمە قسەی «ئازاد نەجاڕ»ە کە سەرپەرشتیی پرۆژەی «دڵی ئارۆس» دەکات لەو کاتە بەتاڵانەیدا کە بۆی دەمێنێتەوە لە پاڵ کاروباری رۆتینی رۆژانەی خۆی وەک پزیشک لە بەشی نەخۆشییەکانی کۆئەندامی میز لە نەخۆشخانەی «ڤێستروس».

ئازاد نەجاڕ: من یارمەتیی زۆرم لە هاوکارانم لە نەخۆشخانەکە وەرگرتووە، بەرلە هەموان لە بەشەکەی خۆم ئەو کاتەی کە پێویستم بە پشوودان بووە بەشدارییان کردوە. هەروەها یارمەتیی کارناسانەم وەرگرتووە لە دوکتۆر «پەر هێدبەری» لە کلینیکی فیزیۆلۆژی کە هەڵسەنگاندنی کردوە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ئەم پرۆژەیەدا. ئەو هەروەها پێشنیاری زۆر باشی بۆ هەرچی باشتر کردنی کارەکە پێداوم.

لە پاییزی ٢٠٠٣وە دوکتۆر «ئازاد نەجاڕ» لەگەڵ «سەعید زەهرایی» پرۆفیسۆری میوان لە بەشی «مکانیک سیالات» لە «ئەنستیتۆی پاشایەتی بۆ تێکنۆلۆژی لە ستۆکهۆڵم» و بەرپرسی پرۆژەکان لە کۆمپانیای بەناوبانگی «ئا.ب.ب» لە ڤێستروس هاوکار بوون.

«ئازاد نەجاڕ» خۆی لەم بارەوە دەڵێ: کارکردن لەگەڵ «سەعید زەهرایی» بۆ من زۆر گرینگە، ئێمە بۆ خۆمان گرووپێکین.

گەیشتن بە ئاستێکی دڵخواز لە سووڕی خوێن لە دڵە دەستکردەکەدا بەشێکی زۆر گرینگو چارەنووس سازە لە پرۆژەکەدا.

«سەعید زەهرایی» دەڵێ : گرینگیی ئەم بەشە لەوە دایە کە خوێن شلەیەکی زیندووەو ناکرێ بەشێوەک بێتو بڕوا کە خانەکانی زیانیان وێ بکەوێ. هەروەها نابێ خوێنی





کۆنیش بمێنێتەوە لە دڵەکەدا، سێهەم شتیش ئەوەیە کە هەموو بەشەکانی دڵەکە بەشێوەیەکی باش خاوێن بکرێنەوە بۆ ئەوەی پێشگیری لە گیرانی بۆڕییە خوێنبەرەکانو چلک کردنی جیددیو مەترسیدار بکرێ.

لە مانگی نۆڤامبری ساڵی رابردوودا ئەوان لەبەردەم ئەندامانی یەکیەتیی نەخۆشانی دڵو سنگو راگەیەنە گشتییەکاندا یەکەم نموونەی سازکراوی ئەم دڵەیان لە ناوەندی دەرمانیی «ئێریکسبۆری» لە ڤێستروس ناساند. ئەم نموونە لە کانزا(فلز) ساز کرابوو و نرخەکەشی دووسەد هەزار کرۆنی سویدییە(نزیکەی سی هەزار دۆلار) کە «ئازاد» و «سەعید» لە گیرفانی خۆیان دابینیان کردبوو. هەروەها پارەی نموونەی داهاتووش کە ئەم هاوینە پەردەی لەسەر لا دەدرێ، هەر خۆیان دابینیان کردووەو نموونەکە لە پاییزدا دەخرێتە بەردەم سەرمایەدانەرانو پزیشکانی بەشی دڵو دەمارەکانو نەشتەرگەرانی دڵ لە «لووند» و «ئۆپسالا».

«ئازاد نەجاڕ» دەڵێ : هۆکاری ئەوەی جگە لە گیرفانی خۆمان لە هیچ شوێنێکی دیکەوە پارەمان پێ ناگا ئەوەیە کە ئەم ئیشەی ئێمە ریسک کردنەو کاتێکی زۆر دەخایەنێ تا بەرهەمەکە ئامادەی فرۆشتن بێ. هەروەها هەلو مەرجیش بۆ پرۆژەیەکی ئاوا لێرە وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دڵخوازو گونجاو نیە.

نزیکەی یازدە میلیۆن مرۆڤ لە جیهاندا بە دەست نەخۆشیی درێژخایەنی دڵەوە دەناڵێنن کە لەم ژمارەیە نزیکەی یەک میلیۆنیان پێویستیان بە دڵێکی دیکە هەیە لە ماوەی ساڵێکدا بۆ ئەوەی بتوانن بژین. کەم بوونی دڵی بەخشراو(قلب اهدایی) کارێکی وای کردوە کە زۆر کەس لە سەرەی چاوەڕوانیدا کۆتایی بە ژیانیان دێ. تەنیا لە ئەمریکا ساڵانە هەزاران کەس لە چاوەڕوانیی پێوەندی دڵدا کۆچی دوایی دەکەن.

لە ئەمریکا هەروەها سەرچاوەی ماڵیو هەزینەی زۆر تەرخان کراوە بۆ سازکردنو گەشەپێدانی دڵی دەستکرد لەم چەند دەیەی رابردوودا. دوو دڵی دەستکرد پێوەند دراون بە مرۆڤەوە بە ناوەکانی «ئابیۆکۆر» و «کاردیۆ وێست». خواستی ئەوەی کە بۆ هەرکام لەو ٤٠ هەزار کەسەی لە ئەمریکا پێویستیان بە پێوەندی دڵ هەیە، هەر کامەو دڵێک بە نرخی ٢٥٠ هەزار دۆلاریان پێ بدرێ، بۆتە هۆی ئەوە کە «ئابیۆکۆر» نزیکەی ١٠٠ میلیۆن دۆلاری بۆ کۆ بکرێتەوە، کاتێک یەکەم جار لە بازاڕی بوورس هێنرایە مەیدان. بەڵام ئەم دڵە دەستکردانە کێشەیان زۆر بووە. سەرجەم ١٥ نەخۆش لە لێکۆڵینەوە کلینیکییەکانی «ئابیۆکۆر»دا بەشدارییان کردوە. هیچ کام لەوان زیاتر لە ١٧ مانگ نەژیان. ئەو پێوەرانەی کە بۆ دڵێکی دەستکرد دانرابوون بریتی بوون لە: زیندوو مانەوەیەک کەمتر لە ٣٠ رۆژ، ناسینەوەو دەست نیشان کردنی دڵە سستێ لە هەردووک سکۆڵەی دڵدا، هەروەها ئەوە کە نەخۆشەکە وەرگری چارەسەر باوەکانی پێوەندی دڵ نەبووە.

دوکتۆر «ئازاد نەجاڕ» لەم بارەوە دەڵێ: ئەوان(دوو دڵە دەستکردەکەی ئەمریکا) کێشەی مەینی خوێن لە دەمارەکاندا، خوێنبەربوون، هەوکردنو تەوژم کەوتنە سەر سییەکانیان بۆ هاتۆتە پێش. ئێمە پێمان وایە لە نموونەکەی ئەم کێشانە لە نزمترین ئاستدا دەبن، چونکە لێرەدا سووڕی خوێن لە دڵەکەدا سروشتییە. بۆ پێشگرتن لە خوێنبەربوون، چەند ئامێرێکی تۆمارکەری پەستان لە دەماری ملی نەخۆشەکەدا دادەنرێ کە چوونەسەری پەستانی خوێن دیاری دەکەنو سیگناڵی ئاگادارکردنەوە دەنێرن بۆ دڵ کە ژمارە لێدانەکانی کەم بکاتەوە، بەڵام مەترسیی هەوکردن هەموو کات هەیە چونکە ئەمە کەرەستەو ماددەی دەرەکیو میوانە لەنێو جەستەدا.

بەشێک لە دەستکەوتە زانستییەکانی ئەمریکییەکان وەک ئامرازی خاوو ئامێری دابین کردنی کارەبا دەتوانرێ لە «دڵی ئارۆس»دا کەڵکی لێ وەربگیرێ. قەباغو چوارچێوەی دەرەوەی لە کانزای «تیتان»و بەشەکانی نێوەوەشی لە «پۆلی ئۆریتان» دەبن. ئەم دڵە بە مەکینەیەکی کارەبایی بچووک ئیش دەکا کە لە جەستەی نەخۆشەکەدا جێگیر دەکرێ. کارەباکەشی لە باترییەکی بچووکترەوە دەبێ کە ئەویش بە هەمان شێوە لە لەشی مرۆڤەکەدا دادەنرێ لەگەڵ باترییەکی گەورەتر کە لەنێو جانتایەکی دەستیدا دەبێ. سەرەڕای ئەمانەش، شێوەی سازکرانو ئیش کردنی «دڵی ئارۆس« لە زۆر بواردا لەگەڵ دوو نموونە ئەمریکییەکەدا جیاوازییان هەیە؛ نموونە ئەمریکییەکان یەکیان بە تێکنیکی پەستانی هەوا کار دەکا واتە پێویستی بە کۆمەڵێک سۆندە هەیە لە دڵەکەوە بۆ ئامێری ئیش پێکردنەکە کە لە دەرەوەی جەستەیە، ئەوی

دیکەشیان خوێنەکە پەمپ دەکا بۆ سییەکانو ئەندامەکانی دیکەی جەستە بەشێوەیەکی نارێکو پێک، بە جیاوازی لەگەڵ دڵی سروشتی کە لە یەک کاتدا خوێن دەگەیەنێتە هەموو جەستە، کە ئەم خوێن گەیاندنە ناهاوئاهەنگە خۆی لە خۆیدا کۆمەڵێک ئاڵۆزی بۆ سەر کۆئەندامەکانی دیکەی لەش بەدواوە دەبێ کە هەر لەجێدا لە بارودۆخێکی باشدا نین.

پڕۆژەی سازکردنو گەشەپێدانی «دڵی ئارۆس» لە توێژینەوەوە دەست پێدەکا کە لە لایەن پسپۆڕانو توێژەرەوانی ئەم بوارەو لە سەرووی هەموانەوە دوکتۆر «ستیگ لووندبێک» ئەنجام دراوە. توێژینەوەکەیان دەری خستووە کە «دڵی ئارۆس» خوێن پەمپ دەکا بەهۆی سەفحەیەکی پانەوە کە ئۆتوماتیک سەرو خوار دەکا نەک بەهۆی گرژبوونەوەی ماسوولکەکانی دڵەوە، وەک پێشتر پێیان وابوو.

«ئازاد نەجاڕ» دەڵێ: ئێمە هەوڵ دەدەین شتێکی وا ساز بکەین کە تا ئاستێکی باش نزیک بێ لە دڵی ئاسایی مرۆڤەوە، تێکنیکەکە تا ئێستا باش وەڵامی داوەتەوە. چەند زووتر لە ئامانجی کۆتاییمان نزیک ببینەوە، پێوەندیی بەو پشتیوانییە داراییەوە هەیە کە لێمان دەکرێ. ئامانجمان سازکردنو ئامادەکردنی نموونەی سەرەتاییە کە بخرێتە جەستەی ئاژەڵێکەوە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا.

دوکتۆر «ئازاد نەجاڕ» هەنگاوێک لە تاقی کردنەوەی «دڵی ئارۆس» لەسەر مرۆڤەکان نزیکتر بۆتەوە. ئەوەی لەم دڵە دەستکردەدا زۆر جێی سەرنجە ئەوەیە کە هاوشێوەی دڵێکی ئاسایی کار دەکا.

هیواو ئاواتی گرووپی سازکەری ئەم دڵە دەستکردە ئەوەیە جێگای دڵی سروشتیی ئەو نەخۆشانە بگرێتەوە کە کێشەی جیددییان هەیە.

«ئازاد نەجاڕ» دەڵێ : ئێمە تا ئەو ئاستە نزیک بووینەتەوە کە دەتوانین بگەینە بەرهەمێک یارمەتیی میلیۆنان مرۆڤ لە جیهاندا بدا کە درێژە بە ژیان بدەن.

لە ماوەی ١٢ ساڵی رابردوودا دوکتۆر «ئازاد نەجاڕ» لە پاڵ ئیشەکەی خۆی وەک دوکتۆر لە نەخۆشخانەی «ڤێستمالاند» لە «ڤێسترۆس» کاریشی لەسەر سازکردنو گەشەپێدانی ئەو دڵە دەستکردە کردوە کە جێی دڵی نەخۆشو لە کارکەوتوو بگرێتەوە. نموونەی ئامادەی ئەم دڵە کە ئێستا تاقی دەکرێتەوە، پێنجەمین مودێلەو لە هەموان زیاتر لە باری کارکردەوە لە دڵی ئاسایی نزیکترە.

دوکتۆر «گوننار نیلێن» کە هاوکاری دوکتۆر ئازادە لەم پڕۆژەیەدا دەڵێ: ئەم ئامێرە بەدوای کارکردی سروشتیی جەستە دەکەوێو خۆی لەگەڵی رێک دەخا. ئەوەی ئێستا چاوەڕوانی دەکەین ئەوەیە کە تێستی زیاتر لەسەر «دڵی ئارۆس» لەسەر بەرازو پاشانیش مرۆڤ بکرێ.

«گوننار نیلین»: دڵی دوو سکۆڵەیی هەیە کە لە باری درێژاییەوە هیچ باش نین لە جەستەدا، چەند دانەیەکیش هەن ئینسان کەڵکیان لێ وەردەگرێ لە کاتی چاندنی دڵێکی ئاسایی لە جەستەی مرۆڤێکدا، بەڵام هیچ دڵێکی چوار سکۆڵەیی نیە بەم شێوە تاقی کرابێتەوە، هەر بۆیەشە بیرۆکەکەمان ئەوەیە هەوڵ بدەین خوێنەکە هەروەک دڵی ئاسایی پۆمپاژ بکەین.

«ئازاد نەجاڕ»: ئەگەر هەر بەو شێوە کە هەموو ئەندامانی پڕۆژەکە ئاواتەخوازین بچینە پێشەوە، ئەوە دڵە دەستکردەکە دەرفەتی ئەوەی دەبێ لە ماوەی سێ تا پێنج ساڵی دیکە بتوانرێ لەسەر ئەو مرۆڤانە تاقی بکرێتەوە کە بۆ زیندوومانەوە پێویستیان بە دڵێکی دەستکرد هەیە. بیر بکەوە نەخۆشێک هەیە پێویستی بە دڵە، بەڵام نیە، جا یان دەمرێ یان ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین رزگاری بکەین.

ئەمە دوکتۆر «ئازاد نەجاڕ»ە کە پێکەوە لەگەڵ «گوننار نێلین» بەڕێوەبەری گشتیی ئامادەیی تێکنیکیی «ئا.ب.ب»و خاوەنی کۆمپانیای «سکاندیناڤیەن هارت»و هەروەها نەخۆشخانەی «سالگرێنسکا» ئیش دەکەن بۆ بەرهەم هێنانی دڵی دەستکرد.

تا بە ئەمڕۆ دە میلیۆن کرۆن لە بەرەوپێش بردنی پڕۆژەکەدا سەرف کراوەو «ئازاد نەجاڕ» و «گوننار نێلین» بەراوردیان کردوە کە پێویستیان بە سێ تا پێنج میلیۆنی دیکەش هەیە بۆ تاقی کردنەوەی «دڵی ئارۆس» لەسەر بەراز.

سەرچاوە:

/se.sverigesradio//:http
programid?aspx.artikel/sida
٥٠٠٤١٤٣=artikel&١١٢=

.w w w / / :h t t p
.m a g n u s g u s t a f s o n
٤٢٢=p?/se





# ئەوەی تا ئێستا لەسەر جۆری خوێنەکەو نەتانزانیوە؟

و: سەید جەلال ساڵحی

مرۆڤەکان لە زۆر بارەوە پێکەوە جیاوازییان هەیە. ئەم جیاوازییانە لە جۆری خوێنەکانیشیاندا هەیە. کەسێک کە جۆری خوێنەکەی Aی موسبەتە، ناتوانێ لە کەسێک کە جۆری خوێنەکەی Bی مەنفییە خوێن وەرگرێ، چونکە لەم حاڵەتەدا جەستەی بە توندی دژکردەوە نیشان دەدا. ئەم مەسەلە لەسەر مادده خۆراکییەکانیشدا راستە، واتە هێندێک ماددەی خۆراکی کە جەستەی تاقمێک لە مرۆڤەکان بە باشی وەری دەگرێ، لەگەڵ کۆئەندامی هەرسی تاقمێکیتر لە مرۆڤەکان نایەتەوە. دیارە هیچ گومان لەوەدا نیە کە کۆئەندامی هەرس دەتوانێ خۆی بگونجێنێ، بەڵام ئەگەر بزانن چ ماددەیەکی خۆراکی لەگەڵ جەستەتاندا دێتەوە، پێویست ناکا بەبێ هۆ کۆئەندامی هەرستان تووشی ماندووبوونو هیلاکی بکەن.

## جۆری خوێنی O:

جۆری خوێنی O یەکێک لەو کۆنترینو باوترین جۆرە خوێنانەیە کە لە پەنجا هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە تاکوو ئێستا لەنێو دەمارە خوێنەکانی مرۆڤەکاندا هەیە. لێکدانەوەو تاقیکاریەکان دەریان خستووە کە جۆری خوێنی مرۆڤە سەرەتاییەکان O بووەو بە سەرنجدان بەوە کە ئەوان زیاتر گۆشتخۆر بوون، جەستەیان لەگەڵ ئەم مادده خۆراکییەدا خۆی گونجاندوە. گەدەی ئەو کەسانەی کە جۆری خوێنی Oیان هەیە، ترشیو تەواوی ئەو ئەنزیمانەی کە بۆ هەرسی پرۆتینە ئاژەڵییەکان پێویستن، بە ڕادەی پێویست دەڕێژێ. لە لایەکیترەوە جۆری خوێنی O پێدەری گشتییە، بەڵام تەنیا لە جۆری خوێنی O دەتوانێ خوێن وەرگرێ. لە قازانجەکانی دیکەی ئەم جۆرە خوێنییە، سیستمی بەرگری بەهێزو زیندەچالاکی باشە.

جالبە بزانن سیستمی بەرگری باشو بەهێزی ئەم گرووپە، دەبێتە هۆی ئەوە کە زیاتر تووشی نەخۆشییە خۆبەرگرییەکان بنو رێژی تووشبووان بە ئالێرژییش لەواندا لەسەرەوە بێ. کۆئەندامی هەرسی هەڵگرانی جۆری خوێنی O بە ئاسانی لەگەڵ خۆراکە نوێیەکان نایەتەوەو جیا لە پرۆتینەکان لەگەڵ هەموو جۆرە خۆراکەکاندا کێشەیان هەیە. هەرچەند

ناکرێ ئەم خۆرانەگرییە بە بەرپرسی سەرهەڵدانی کێشە کاریگەرەکان لەم کەسانەدا بزانین، بەڵام بە رواڵەت لە بەرامبەر برینەکانی گەدەو دوانزەگرێدا هەستیارییەکی زیاتریان هەیە.

هەرچەندکۆئەندامی هەرسی ئەو کەسانەی کە جۆری خوێنەکەیان Oیەو لەگەڵ مەسرەف کردنی پرۆتینەکان کێشەیەکیان نیە، بەڵام ڕێژی چەوری وەرگیراویان لە سەرەوەیە، هەربۆیە هۆکاری مەترسی تووشبوون بە گیرانی خوێنبەرەکانو نارەحەتییەکانی دڵی— دەمارە خوێنەکان لەواندا دەچێتە سەرێ. وەسیەت بۆ بەو کەسانەی کە جۆری خوێنەکەیان Oیە، ڕێژەی مەسرەف کردنی پرۆتینە ئاژەڵییەکان کەم بکەنەوەو هەوڵ بدەن زیاتر سەوزییەکان بێننە نێو بەرنامە خۆراکییەکانیانەوە، هەروەها ئاگایان لە مەسرەف کردنی "غەلات"، کەلەمو سەوزییە وشکەکان بێ، چونکە جەستەیان لە هەرسی گلۆتینی کەمدا تووشی کێشە دەبێ.

### جۆری خوێنی A:

ئەم جۆرە خوێنە لە بیست هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە واتە لەو کاتەوە کە کشتوکاڵ رمێنی پەیدا کرد، سەری هەڵدا. وەرزێران ژیانەکەیان لە ڕێگای ڕاو، ئاژەڵداریو کشتوکاڵییەوە تێپەڕ کردووە بەکۆ دەژیانو چالاکی فیزیکییان لە چاو پێشینانیان کەمتر بووە. ژیانی نوێ، ئەم خەڵکەی لەگەڵ خۆراکە گیاکاندا گونجاندو لەوەڕا کە ژیانەکان بەکۆمەڵترو نەخۆشییەکان گشتگیرتر بوون، کۆئەندامی بەرگرییەکانیشیان بەهێزتر بوو.

بە پێچەوانەی سیستەمی بەرگری، کۆئەندامی هەرسی هەڵگرانی جۆری خوێنی A، بەهۆی بەکارهێنانی زۆری گیاکانەوە لاوازترەو لە هەرسی پرۆتینە ئاژەڵییەکاندا تووشی کێشە دەبێ. وێدەچێ ئەم کەسانە ئامادەیی زیاتریان لە تووشبوون بە شێرپەنجەی گەدەو ریخۆڵەی گەورە لە چاو گرووپە خوێنەکانیتردا هەبێ. زۆربەی ئەو کەسانەی کە جۆری خوێنی Aیان هەیە، گیاخۆرن، چونکە لە هەرسی گۆشتو شیردا کێشەیان هەیە. هەربۆیە ئەم جۆرە کەسانە دەبێ کەمتر گۆشتو شیر بەکار بێننو لە جیاتی وان زیاتر سەوزیو "غلات" بەکار بێنن.

### جۆری خوێنی B:

تەقریبەن دە هەزار ساڵ دەبێ ئەم جۆرە خوێنە هەیەو هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کۆچ کردنی مرۆڤەکان بەهۆی گۆڕانکاری کەشو هەواوە. ئامارەکان نیشان دەدەن ئەم جۆرە خوێنە زیاتر لە ئورووپای رۆژهەڵاتو لە نێوان کۆمەڵگای یەهوودییەکاندا باوە. ئاستی هەڵکردنی ئەو کەسانەی کە ئەم جۆرە خوێنەیان هەیە لەگەڵ هەموو جۆرە کەشو هەوایەکدا زۆر لە سەرێیەو بە شێوەیەکی گشتی سیستەمی بەرگری، عەسەبیو فیزیکییەکی باشیان هەیە.

هەڵگرانی ئەم جۆرە خوێنەش هەروەک جۆری خوێنی O، زیاتر لە بەردەم تووشبوون بە نەخۆشییە خۆبەرگرییەکان دانو لە بەرامبەر نەخۆشییە ڤایرۆسییەکاندا زۆر لاوازن. سەرەڕای ئەمەش، هەڵگرانی جۆری خوێنی B، بە ئەگەری زۆر تووشی چڵکگەلێکی بەکتریایی وەک ستریپتۆکۆکی سییەسوو "اشرشیاکولی" بن. کۆئەندامی هەرسییەکەیان تەقریبەن لەگەڵ هەموو جۆرە خۆراکێک گونجاوەو بەڕاحەتی دەتوانن سپیایی بخۆن.

### جۆری خوێنی AB:

ژمارەی هەڵگرانی ئەم جۆرە خوێنە هێندە زۆر نیە. تەقریبەن هەزار ساڵە کە ئەم جۆرە خوێنە پێک هاتووەو دەکرێ بڵێین ئاوێتەیەک لەو سێ جۆرە خوێنەیە. جۆری خوێنی AB دەتوانێ لە هەر سێ جۆرەکە خوێن وەرگرێ، بەڵام تەنیا دەتوانێ بە جۆری خۆی خوێن بدا. جەستەی هەڵگرانی جۆری خوێنی AB لەگەڵ جیهانی مۆدێرندا زۆر سازگارە. کۆئەندامی هەرسییەکەیان لەچاو هەڵگرانی جۆری خوێنی Oدا لاوازترەو بە باشی ناتوانی پرۆتینە ئاژەڵییەکان هەرس بکا، چونکە ڕێژەی ترشی گەدەیان دادەبەزێو بە پێی پێویست ئەنزیم ناڕێژن. بەم پێیە، مەسرەفی گۆشتی سوورو ماددەی خۆراکی مۆدێرن وەک هەموو جۆرەکانی "فستفود" لەواندا لە سەرێیە. سیستەمی بەرگرییەکەشیان تا ئاستێک لاواز کار دەکاو هەر بەم هۆیەوە لە بەرامبەر بەکتریو ئالێرژنەکاندا لەنێو دەچن.

### دواین وتە:

ئەو تایبەتمەندییە جەستەییانەی کە بۆ هەڵگرانی گرووپە خوێنەکان باس کرا، گشتگیر نین. راستە کە دەوترێ هەڵگرانی جۆری خوێنی B دەتوانن بە باشی شیر هەرس بکەن، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوە کە ئەگەر کەسێکی هەڵگری جۆری خوێنی B حەساسیەتی بە شیر هەیە، حەتمەن خۆی ناچار بە خواردنی شیر بکا. هەروەها ئەگەر جۆری خوێنی ئێوە O یەو بە باشی دەتوانن پرۆتینی ئاژەڵی بەکار بێنن، پێویست ناکا لە بەکارهێنانی گۆشتی سووردا زێدەڕۆیی بکەن. لە بیرتان نەچێ کە هاوسەنگی هەمیشە قسەی یەکەم دەکا.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەنجاونۆ خونچەی هەڵوەریو!



ئەحمەد قادری

له ئاژوانی رەورەوەی مێژووی
خەباتا
له بڕینی ڕێگای رزگاریی وڵاتا
له هەڵزنانی هەورازی پشووبڕی
ڕێی نەجاتا
له ژێر تەوژمی هەزاران کارەساتا
ڕووداوێکی کتوپڕو دڵتەزێن بوو
چاوی دایکان گۆمی خوێن بوو
کارەساتێکی سامناکو جەرگبڕ
بوو
زامی کەڵبەی گورگێکی هاری
زگدڕ بوو
شاری سابڵاغ نوقمی خەم بوو
داشا مەجید غەرقی پەژارەو ماتەم
بوو
کولانەوەی قەتماغەی زامێکی کۆنو
بە ئازار بوو
شار خامۆشو پرسەدار بوو
****
هۆ شاری ماتەم داگرتوو!
هۆ سابڵاغی زام هەڵگرتوو!
هۆ حەشارگەو مەکۆی سوارچاکو
بوێران
هۆ مەڵبەندی حەماسەو ڕاوگەی
دلێران
لەسەر سنگت پەنجاونۆ گوڵاڵەی
سووره
ژانی زامی ناسۆرەکەت بێ سنووره
له ناختدا کڵپەو بڵێسەو گڕکانە
هەڵوەرینی پەنجاونۆ خونچەی
گوڵزاری هیواکانە
****
بەڵام ئەی شارەکەی قازی!
گوڕەپانی خەباتو خوێنو گیانبازی
خەمت نەبێ:
شێرانی لەخۆڕادیوی شاری سنەی
خەباتو خوێن
پیرانشاری زوڵم تەرێن
دیواندەرەی زەبر وەشێن
کرماشانی نەیار تەزێن
لاوانی خوێن گەرمی بانەی هەقە
وەستێن
رۆڵەی بە جەرگی ئیلامی دوژمن
تەزێن
لاوی پاوەی دەماری دیکتاتۆڕ
سووتێن
ورمێی بیشەی بێچوە شێران
سەقزی یازدە سێدارەو ئامێزو
زێدی بوێران
بۆکانی ڕاوگەی دلێران
هەڵمەت بەرانی نەغەدەی چەقڵی
چاوی چاو نەزێران
لاوی ئازای شاری شنۆی زام
هەڵگرتوو
سەردەشتی بە خوێن شەڵاڵ بوو
کامیارانی نەبەزیوی قەڵای خەبات
قوروەی جێگای هیواو ئاوات
هەوشاری هیواو هومێدی گەلو
وڵات
مەریوانی لوتکەی نەجات
رۆڵەی جوانڕۆی خاوەنی هێزو
دەسەڵات
بیجاڕی خەنیمی زۆردارو بێگانە
رەوانسەری پێشکەی میرانی تەنگانە
سەڵماسی مەڵبەندی شەهید
سمکۆی شکاک
هەرسینی باوەشی رۆڵەی گورجو
چالاک
رەبەتی حەشارگەی کیژو کوڕی
بێباک
نۆدشەی مەڵبەندی لاوانی پڗێنەری
مێشکی زوحاک
قەسرو دێولانی جێی هەڵدانی
سەدان رۆڵەی دڵپاک
سەحنەو، سونقوڕو، سەرپێڵی
ئاسۆی ڕووناک
شارو گوندی مەڵبەندی خۆی
تێکۆشەرانی وەک هەڵۆی
سائینقەڵای، قەڵای بەرگریو
کۆڵنەدان
تیکابی مەڵبەندی خەباتو بەرخۆدان
شاری ماکۆو میاندواو
بەهێزو گوڕ، بە تینو تاو
شائابادو گیلانی غەربو هەورامان
کەنگاوەرو، سەوڵاواو، کرندو
مێهران
سەلاسی باوەجانیو نەوسوودو
مەڵبەندی دێهلۆڕان
نەوتشارو، دەرەشاری گوڕەپانی
هەڵمەت بەران
تۆڵەستێنانی داڵاهۆ
خۆڕاگر وەک چیای شاهۆ
هەموو کوردێکی دڵسۆزو پاکو
خاوێن
کادرو پێشمەرگەی بێباکو ترس
بەزێن
بۆ ساڕێژکردنی زامی بەسۆی دڵی
بریندارت
بە تۆڵەی پەنجاونۆ رۆڵەی سوور
خەڵاتی وەفادارت
بەهێزو گوڕ دێنە مەیدان
تێدەکۆشن بەبێ وچان
هەدا نادەن، دەبڕن هەورازو
نشێوان
کوردستان دەکەن بە گۆڕی
سەربزێوان
سامی شەوی ئەنگوستەچاو تێک
دەشکێنن
باخچەی ئاواتو ئامانجت
دەخەملێنن
چەپکەگوڵی نەورۆزی ئازادیت بە
دیاری بۆ دێنن.

تێبینی: ئەم شێعره له مەراسیمی 12ی جۆزەردانی 1392ی‌هەتاوی، سی ساڵەی لە سێدارەدرانی 59 لاوی مەهاباد له لایەن جەللادەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران له تەوریز(1362.3.12ی‌هەتاوی)، کە لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەڕێوەچوو، لە لایەن شاعێرەوە خوێندرایەوە.

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین!

■ کۆڵانێ بوو بە ناوی
مەعریفەت
جەماوەری غافڵ بوون لە هەر
جەهەت
سێڵاو هاتو کۆڵانی وێرانە کرد
جەماوەری لەم دونیا بێگانە کرد
هەرچی بوونی هەبووبێ لە
مەعریفەت
لەگەڵ خۆیدا بردی لێڵی بێ
سیفەت
لەم کۆڵانە مابوو تەنیا یەک نەفەر
خۆیو ماڵی تێپەڕی بوون لە
خەتەر
رەوشو رێگەی باش لەهەر
کوێیەک هەیە
سەرچاوەکەی لە خەڵکی ئەو
کووچەیە
چۆن لە زەینو بیرمدا ئەم
شێوەیەی
دڵنیامە منداڵی ئەو کووچەیەی!

■ پیاوێکی بێ پارەو برسی دەچێتە نێو چێشتخانەیەکو ئەڵێ:

یا ئەڵڵا! خزمەتکار هەتا دەستی پێ نەکردوە کەباب بێنە!

ئەویش بۆی دێنێ.

دواتر دەڵێ خێرا بە خزمەتکار مریشک بێنە هەتا دەستی پێ نەکردوە!

ئەویش بۆی دێنێ.

کابرای چێشخانە لێی دێتە پێشو ئەڵێ:

ـ ئەرێ کاکە یانی چی تا دەستی پێ نەکردوە؟!

خێرابە حیسابەکەت بکە، پارەکەت کوا؟!

کەبراش دەڵێ:

ـ خوا بە زیادی نەکا، ئەوا دەستی پێکرد.....

ئەوا دەستی پێکرد......





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رۆژێک سوقرات، بیرمەندی بەناوبانگی یوونانی، پیاوێکی بینی کە زۆر نارەحەتو مەلوول‌ونیگەران بوو. هۆکاری نارەحەتی‌یەکەی پرسی.

وەڵامی داوە:

ــ لە ڕێگا کە دەهاتم یەکێک لە ئاشناکانم دی. سڵاوم کرد، وەڵامی نەدامەوەو بێ گوێ پێدان‌و بە خۆویستی‌یەوە لێمەوە تێپەڕی‌و چوو، لەم شێوە هەڵس‌وکەوتەی زۆر نارەحەت بووم.

سوقرات وتی:

ــ بۆچی نارەحەت بووی؟

پیاوەکە بە سەرسووڕمانەوە وتی:

ــ دەی دیارە، وەها هەڵس‌وکەوتێک نارەحەتم دەکا.

سوقرات پرسی:

ــ ئایا لە دەست کەسێک کە لە ڕێگادا کەوتبوو و لەبەر ئێش‌و ژان‌و نەخۆشی پێچی لە خۆی دەداو دەی ناڵاند، نارەحەت‌و دڵت دێشا؟

پیاوەکە وتی:

ــ لە شتێکی وا قەت نارەحەت نابم. پیاو لە نەخۆش کەوتنی کەس زویر نابێ.

سوقرات پرسی:

ــ بە جێگای زویربوون چ هەستێکت دەبوو و چت دەکرد؟

پیاوەکە وەڵامی داوە:

ــ هەستی دڵسۆزی‌و بەزەیی‌و هەوڵم دەدا یارمەتی بدەم.

سوقرات وتی:

ــ هەموو ئەم کارانەت بە خاتری ئەوە دەکردن کە ئەوت بە نەخۆش دەزانی، ئایا مرۆڤ تەنیا جەستەی نەخۆش دەکەوێ؟ و ئایا کەسێک کە هەڵس‌وکەوتی ناحەزە، دەروونی نەخۆش نیە؟ ئەگەر کەسێک فکرو دەروونی ساغ بێ، قەت هەڵس‌وکەوتێکی خراپی لێ نابینی؟ نەخۆشی فکرو دەروون ناوی «بێ‌ئاگایی‌و نەزانی»یەو دەبێ بە جێگای زویربوون‌و نارەحەتی، بە نیسبەت ئەو کەسەی کە خراپە دەکاو غافڵە، دڵت بۆی بسووتێ‌و یارمەتی بکەی.

کەواتە لە دەست کەس نارەحەت‌و زویر مەبەو بوغزو کینە مەخە دڵتەوەو ئارامی‌و هێوری خۆت قەت لە دەست مەدەو ئەوە بزانە کە هەرکات کەسێک کە خراپەی کرد، لەو کاتەدا نەخۆشە.





# چیا



چیا گەر تو بە بەرزی دەنازی

منیش بە هیزو بازو دەنازم!

چیا گەر تو بە سەرماو بەفر
دەنازی

منیش بە هەڵۆی سەر بەرز
دەنازم!

چیا گەر تۆ بە جوانی هەور
دەنازی

منیش بە خۆشەویستی ئەستێرەو
مانگ دەنازم!

چیا گەر تۆ بە رنوی بە گوڕو
وێرانکەر دەنازی

منیش بە فرمێسکی دایکی شەهید
دەنازم!

چیا تو مەنازە! من پێشمەرگەم،
تینوی ئاشتی‌و ئازادیم

پێشمەرگەم، نەتەوە سەنگەرمە،
پشتو پەناو ئاواتمە!

چیا تۆش هاوڕێی روژە
سەختەکانمی

دوژمن تەزێنی هەر بۆیە پێت
دەنازم!

منو تو بە قەد یەک بەرزین

خۆشەویستی نەتەوەو هۆزین!

ئەحمەد قازی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران

## بە بۆنەی 10ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

خەڵکی خەباتگێڕو نیشتمانپەروەری کوردستان!

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانو زیندانییە سیاسییەکان!

لاوانی ئازاو شۆڕشگێڕ!

شەستو شەش ساڵ بەرلە ئێستا ڕۆژی 10ی خاکەلێوەی 1326ی‌هەتاوی، قازی محەممەد، ڕێبەرو پێشەوای نەتەوەیی گەلەکەمانو یەکەم سەرکۆماری کوردستان لەگەڵ موحەمەد حوسێن سەیفی قازی وەزیری جەنگی کۆماری کوردستانو ئامۆزای پێشەواو، ئەبولقاسم سەدری قازی نوێنەری خەڵکی مەهاباد لە مەجلیسی شووڕای میللیو برای پێشەوا، بە تاوانی بەرگری لە ویستو داخوازو ئازادیی گەلەکەیان بە دەست جەللادەکانی ڕێژیمی پەهلەوی لە سێدارە دران. دوژمن پێی وابوو بە لەداردانی پێشەوا بزووتنەوەی کوردیش لە پێ‌دەکەوێ، بەڵام خەیاڵی خاوبوو، نەیزانی پێشەواو هاوڕێکانی بە خۆڕاگریو هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیان لە بێ‌دادگاکانی ڕێژیمدا میراتو وانەی خۆڕاگریو گیانبازی لە پێناوی گەلدا بۆ کیژو لاوانی کورد جێ دێڵن.

لاوانی خۆڕاگر!

ئەمڕۆ ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران کە هەتا نزیک بە 7 ساڵ لەمەوپێش لە یەک ڕێکخراوی لاواندا تێ‌دەکۆشانو بەدوای لەتبوونی حیزبی دێموکڕاتدا لێک دابڕان، بۆ بەرزو پیرۆزڕاگرتنی ناوو یادی پێشەوا قازی محەممەدو هەموو شەهیدانی کوردستان پێکەوە هاتوونە سەر گڵکۆی شەهیدان بۆئەوەی پەیمانیان لەگەڵ نوێ بکەنەوە کە تا وەدی‌هاتنی ئاواتو ئامانجە لەمێژینەکانی گەلەکەمان درێژەدەری ڕێگایان بن، هەروەک تا ئێستاش بەشانازی‌یەوە لاوە بەئەمەگو خۆڕاگرەکانی گەلەکەمان نەیانهێشتوە ئەو ئاڵایەی پێشەوای مەزن هەڵی‌کردوە، وەعەرزی بکەوێ.

کیژو لاوە ئازیزەکانی کوردستان!

ئەمڕۆ لە کاتێکدا یادی شەهیدانی کوردستان دەکەینەوە کە ڕۆژهەڵاتی ناوین گۆڕانێکی قووڵی بەخۆیەوە دیوەو زۆر لە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی لەنێوچوونو ئەوانەی لە دەسەڵاتیش‌دا ماون ڕێگای ڕۆیشتن بەرەو چارەنووسی مسۆگەری خۆیان گرتۆتە بەر. ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە بە قازانجی بزووتنەوەی کوردو ئامانجە ڕەواکانی دەچنە پێشو ئەوانەی تا دوێنێ دانیان بە بوونی کورددا نەدێنا، ئەمڕۆ دانوستانی لەگەڵ دەکەنو ناتوانن حاشا لە بوونی نەتەوەیی ئەم گەلە بکەن، ئیرادەی شێلگیرانەی گەلی وشیارو ڕاپەڕیوی کورد نەک بەرەو کزی نەچووە، بەڵکوو لایەنە پێوەندیدارەکانی ناچار بەوەکردوە کە هەوڵ بدەن مەسەلەی کورد بێ پەنابردن بۆ زەبرو زەنگو بەڕێگای ئاشتی‌خوازانەدا چارەسەر بکەن.

هەر لێرەوە ئەو بەڵێنە بۆ گەلەکەمان دووپات دەکەینەوە، کە لاوان هەروەک چۆن تائێستا هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی خەبات بۆ وەدی‌هێنانی ئامانجە نەتەوەیی‌یەکانی‌دا بوون، هەرواش درێژە بەو ڕێبازە پڕشانازی‌یە بدەن.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی پێشەوای نەمرو هاوڕێکانیو هەموو ئەوانە کە لە پێناوی گەلەکەیان‌دا دەژینو لە ڕێگای ئامانجەکانی‌دا سەر دادەنێن!

سڵاو لەو کیژو لاوانە کە لە هەوڵی یەکیەتیو یەکریزیی گەلەکەیان‌دان.

**یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران**

**یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

10ی خاکەلێوەی 2713ی کوردی(1392ی‌هەتاوی)

30ی مارسی 2013ی زایینی



# پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## بۆ سێهەمین کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی چوار پارچەی کوردستان

## لە لایەن سامان فەقێنەبی سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانەوە پێشکەش کرا!




**لاوانی خۆڕاگر!**

**گەنجانی نیشتمانپەروەر!**

**ئەندامانی بەشدار لە سێهەمین کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی کوردستان‌دا!**

جێگای شانازی‌یە کە ئەمڕۆکە لە پارچەیەکی‌تری کوردستان واتە ڕۆژئاوای وڵات، لاوانی چوارپارچەی کوردستان کۆبوونەوە تاکوو لە فەزایەکی ئازاد کە لە ئاکامی پاشەکشەی ڕژێمی ئەسەدا هاتۆتە ئاراوە لەسەر پرسە چارەنووس‌سازە نەتەوەییەکانو مژارەکانی پێوەندیدار بە گرفتو ئارێشەکانی لاوان بەدەرئەنجامێکی ئەرێنی بگەن.

**بەڕێزان!**

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک یەکێک لە بەرهەمە بەنرخەکانی کۆماری کوردستانو یەکێک لە میراتەکانی هزری پێشکەوتووخوازانەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانو پێشەوای نەمر قازی محەممەد، بەختەوەرە کە وەک دێرین‌ترین ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی تایبەت بە توێژی لاوان لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە لە کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی کوردستان بەشدارە تاکوو لە ڕێگای ناساندنی دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشدارانی کۆنفڕانسو لێکدانەوەو شرۆڤەی دۆخی لاوان لەو پارچەیە ڕەسالەتی مێژوویی خۆی لەم بارەوە بە ئەنجام بگەیەنێ. ئێمە ئەم کۆنفڕانسە بە کارێکی گرینگو پڕبایەخ دەزانین. ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان دەورێکی یەکجار گرینگیان لە مێژووی بزووتنەوەی کورددا هەبووەو هەیە. دەیان تێکۆشەری سیاسی کوردو تەنانەت لەنێو ڕێبەرانی کورددا دەبینرێن کە لەم ڕێکخراوانەدا پێ‌گەیشتوون. ئەمڕۆش کەسانێک لەم کۆنفڕانسەدا بەشدارن کە بۆ ساڵانێکی درێژ لە داهاتوودا ڕۆڵی چارەنووس‌سازیان لە بزووتنەوەی کورددا دەکەوێتە سەرشان. نوێنەرانو ڕێبەرانی لاوانی کوردستان کە لەم کۆنفڕانسەدا بەشدارن بەشێک لە نوێنەرانو ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد لە داهاتوودا پێک دێنن، کەوابوو بەجێ‌یە لەم کۆنفڕانسەدا هەر لە ئێستاوە گیانی هاوکاریو هەماهەنگی لەنێو ئەم توێژەدا بەهێز بێ.

**خۆشەویستان!**

لە مێژووی هاوچەرخی کوردستانی مەزن‌دا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر سێبەری هەوڵو تێکۆشانی لاوانی خاوەن بڕواو لە ڕێگای دامەزراندنی یەکەم ستاتۆی مۆدێڕن لە ئاستی کوردستانی گەورەدا واتە کۆماری کوردستان لە هێنانە ئارای زۆر بەها و چەمکی پیرۆزی نەتەوایەتی وەک «ئاڵای کوردستان»، «هێزی پێشمەرگەی کوردستان»، «سیستمی پەروەردە بە زمانی کوردی» پێشەنگو دەستپێشخەر بووە. بۆ هەمووان ڕاستی‌یەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزو پێک هێنانی یەکەم سوپای کوردی لە ژێر ناوی «هێزی پێشمەرگەی کوردستان» وەکوو هێزی پارێزەری دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان یەکێک لە شانازی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە کاریگەری‌یان لەسەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر سێ پارچەکەی تری کوردستانە تاکوو هەنووکەش دیارو روونە.

**لاوانی وڵاتپارێز!**

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا گەلێک تێچوویان لەسەر پرسی شوناسخوازی و نەتەوایەتی پێشکەش بە خاکی نیشتمان کردووە لەو پێناوەشدا زۆربەی هەرەزۆری ڕێبەرانی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو پێشەوا قازی محەممەد، دکتور عەبدولرەحمان قاسملوو و دکتور سادق شەرەفکەندی شەهید کراون، ئێمە وەک یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆمان بە بەختەوەر دەزانین کە لەو کۆنفرانسەدا هەڵگری بیری پێشکەوتنخوازانەی قازی محەممەدی نەمرو ڕێبازی دێمۆکراتیکی دکتور قاسملوو و هەزری نەتەوەیی دکتور شەرەفکەندین و لەو سۆنگەیەوە لە پێناو سەرکەوتن و سەربەرزی گەلی کوردو چارەسەری پرسی کورد بە پێی ویست و داخوازی گەلەکەمان لە باکوورو باشوور ڕۆژئاوای کوردستان خۆمان بە بەرپرس دەزانین و لە هیچ چەشنە هاوکاری و هەماهەنگییەک دەریغی ناکەین.

**بەڕێزان!**

بۆ هەموان ئاشکرایە کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و توێژی لاوان بە تایبەت لە ماوەی پتر لە سێ دەیە حوکمرانی ڕژیمی تێئۆکراتیکی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ گەلێک پیلان بەرەوروون کە پێویستە باقی پارچەکانی کوردستان لێی ئاگادار بن. ڕێژیمی خوێنمژی کۆماری ئیسلامی ئێران جیا لە سەرکوت و توندوتیژیی فیزیکی لە ڕێگای شەڕی نەرمیش کە بریتییە لە تووش کردنی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مادە هۆشبەرەکان، بەشێوەی سیستماتیک هەوڵی داوە کە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی سپی لە دژی لاوانی کورد پێش بخاو کۆمەڵگای کوردی بە گشتی و کەسایەتیی لاوانی کورد بە تایبەتی لە نرخ و بەها نەتەوەیی و ئەخلاقی و مرۆڤایەتییەکان دوور بخاتەوە، ئێمە چاوەڕوانین کە ڕێکخراوەکانی لاوان لە باقیی پارچەکانی کوردستان لە ڕێگای میدیاکانیان لە بەرپەرچدانەوەی ئەم پیلانە نگریسەی ڕێژیمی دژەگەلی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هاوکارو هاوخەمی ئێمە بن.

**بەڕێزان!**

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوشێوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێباز لەگەڵ هەزری ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان(قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی)، وێڕای دووپات کردنەوەی پابەندبوونی خۆی بە پێکەوە گرێدراوبوونی چارەنووسی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، پێ لەسەر ئەو خاڵە گرینگەش دادەگرێتەوە کە چارەنووسی ئامەد، قامیشلی، هەولێرو کرماشان تەنیا لە سێبەری هاوهەڵوێستی و هاوخەباتی سەرجەم حیزب و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی چوار پارچەی کوردستان دیتە دی.

**هاوڕێیان!**

بزاڤی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەلماندوویەتی کە چۆنیەتی و میکانیزمی چارەسەری پرسی کورد لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان دەسپێرێتە سەر ویستی گشتی پارتە سیاسییەکان و دانیشتووانی هەرکام لەو پارچانەو لەو بارەیەوە بەدرێژای مێژوو جیا لە هاوکاری، هەرجۆرە دەستوەردانێکی دیکەی لەهەمبەر پارچەکانیتر بەهەڵە زانیوە. لەم سۆنگەیەوە ئێمە هیواداریین کە سەرجەم پارت و ڕێکخراوو لاوانی پارچەکانیتری کوردستان بەو ڕوانگەیەوە بڕوانە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. چونکە ئەگەر ئاوات و ئامانجی هاوبەشمان هەیە، باروودۆخ و کەش و هەوای جیاوازیشمان هەیە کە هەر پارچەیەک پێویستە دەرکی بکا.

– بژی کورد

– بژی کوردستان

– پتەوتر بێ هاوپەیوەندی و هاوکاری لاوانی سەرانسەری کوردستان

—— وەدی بێن ئامانج و مەبەستەکانی لاوان لە سەرانسەری کوردستان.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی
یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٦ی خاکەلێوەی ٢٧١٣ی کوردی

٢٦ی مارسی ٢٠١٣ی زایینی





## پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## بە بۆنەی ١٤هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان

وێڕای سڵاوێکی گەرم...

بەبۆنەی ١٤هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی «ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان» لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرجەم بەڕێوەبەران و هەڤاڵانی تێکۆشەری ناو ڕیزەکانی ڕێکخراوەکەتان دەکەین و ئاواتەخوازین کە هەروەک لە ڕابردوودا سەلماندووتانە لە داهاتووشدا لە پێناو دەستەبەرکردنی ئایندەیەکی گەشتر بۆ لاوانی وڵاتەکەمان شێلگیرانە درێژە بە خەبات و تێکۆشانتان بدەن.

هاوڕێیان!

ئێمە وەک یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆمان بە بەختەوەر دەزانین کە لە زۆر هەڵوێست و هەنگاوی نەتەوەییدا شان بەشانی ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان لە پێناو پەتەوترکردنی گیانی هاوکاری و هاوخەباتی لەنێو سەرجەم لاوانی کوردستاندا هەنگاومان هەڵێناوەتەوەو دڵنیاشین کە لە ژێر ڕووناکایی هزرو ئامانجی پێشکەتنخوازانەی ئێوە هەڤاڵانی بەڕێز لە ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان، ئاسۆی هاوهەڵوێستی و هاوپێوەندیمان لە داهاتووشدا ڕوونتر دەبێ. بێگومان کەڵک وەرگرتنی ئێوە لە ئەزموونی خەبات و شۆڕشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و گرێدراوبوونتان بە ڕێبازو ئامانجە پێشکەوتنخوازەکانی، سەلمێنەری باوەڕی پتەوی ئێوەی بەڕێز بە ئامانجە هاوبەشەکانمانە.

بە هیوای سەرکەوتنتان

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی
یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٥ی جۆزەردانی ٢٧١٣ی کوردی

٢٦ی مای ٢٠١٣ی زایینی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەیاننامەی هاوبەشی ١٨ ڕێکخراوی مەدەنی کوردستانی ڕۆژهەڵات

بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی ناوچەو گرینگی پەیداکردنی ڕۆڵی نەتەوەی کورد وەکوو یەکێک لە ڕۆڵگێڕانی سەرەکی لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها بە سەرنجدان بە تێوەگلانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەنێو قەیرانە چەند ڕەهەندیو هەمە لایەنەکانو، لەوانە قەیرانی ڕەوایی ڕێژیم لەنێو جەماوەری خەڵکی ئێران، قەیرانی ئابووریو توندتر بوونەوەی سزا نێونەتەوەیی‌یەکانی سەر ڕژیم لەمەڕ درێژەدان بە بەرنامە ناوکی‌یەکەی‌و شەڕی دەسەڵاتی نێوان باڵەکانی ڕێژیمو تەنانەت کەم بوونەوەی نان وەکوو پێداویستی‌یەکی سەرەتایی‌و ڕۆژانەی خەڵک، کە هەمووی سیگناڵ گەلێکن بۆ بەدی‌هاتنی ئاڵوگۆڕێکی گرینگو بنەڕەتی لە داهاتووی سیاسی ئێرانن، ئێمە وەکوو ١٨ ڕێکخراوی مەدەنی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەستنی سمینارێک لە ژێر ناوی «ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو داهاتوو»مان بە پێویست زانی بۆ دووبارە وەبیرهێنانەوەی گرنگی یەک دەنگی‌و یەک هەڵوێستی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هەروەها چڕکردنەوەی هەوڵەکان لە پێناو پێک هێنانی گوتارێکی هاوبەش لەنێو حزبە کوردیەکان‌دا بۆ دەستەبەرکردنی مافە سیاسی‌و نەتەوەیی‌یەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران.

ئێمە کار کردن بۆ ڕەخساندنی هەلومەرجێکی لەبار بۆ پەرەپێدان بە هاوکاری زیاتر لە نێوان حیزبە کوردیەکانو هەنگاو هەڵهێنان بەرەو هاوکاری سیستماتیکو بەرنامە داڕێژراو لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەم سەردەمەدا بە ئەرکی مێژوویی‌و نەتەوەیی خۆمان دەزانین.

هەر بەم بۆنەوەو بە لەبەرچاوگرتنی خواستو ویستی جەماوەری خەڵکی کورد خوازیاری هاوکاری زۆرتری حیزبە کوردی‌یەکانو هاوکاری‌و هاوبیروڕابوونی ڕێکخراوە جانبی‌یەکانیانین، بۆ هەنگاو هەڵگرتن بەرەو پێک هێنانی بەرەیەکی کوردستانی.

هەروەها لەسەر ئەو باوەڕەین بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هاوکاری‌و هاوبیری ڕووناکبیرانی کورد پێویستە، هەربەم بۆنەوە لە ڕووناکبیرانی کوردیش داواکارین کە لە پێناو پێک هێنانی هاودەنگی‌و یەک گوتاری لە نێوان حیزبە کوردیەکان‌دا یارمەتیدەرمان بن.

خاڵێکی‌تر کە لێرەدا دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ، گرنگی پێک هێنانی دامەزراوە مەدەنیەکانە لەنێو حزبە کوردیەکان‌دا، بە دەربڕینێکی‌ترو بایەخدان بە کاروباری ئەو ڕێکخراوانەیە لەلایەن حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ جێ‌خستنی کاری ڕێکخراوەیی لەنێو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەوانە ژنان، لاوانو خوێندکاران.

لە کۆتایی‌دا بە دووپات کردنەوەی گرنگی کاری ڕێکخراوەیی‌و ڕێکخستنی هەرچی زۆرتری توێژە ئەکتیڤەکانی(چالاکەکانی) کۆمەڵگای کوردستان هیواداریین کە ژنان، لاوانو خوێندکارانی دەروەستی(خوازیاری) کوردیش لە ناوخۆی وڵات وەکوو هەمیشە لە پێناو گەیشتن بە ئاواتو ئامانجە لە مێژینەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات پاڵپشتو پشتیوانمان بن.

١٨ ڕێکخراوەی مەدەنی<br>
کوردستانی ڕۆژهەڵات<br>
١٨ی جۆزەردانی<br>
٢٧١٣ی‌کوردی<br>
٨ی جوولای ٢٠١٣ی‌زایینی









# پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## بە بۆنەی ١٢ی جۆزەردان ساڵوەگەڕی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی کورد

لاوانی شۆڕشگێڕ!

خەڵکی وڵاتپارێزی کوردستان!

ئەمڕۆ سی‌یەمین ساڵڕۆژی ئێعدامی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوی نیشتمانپەروەری کورد لە شاری مەهاباد لە لایەن ڕێژیمی تێرۆریستو دژە کوردی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا دەسەڵاتی مافیایی زاڵ بەسەر ئێرانو کوردستان، بۆ سەلماندنی ناوەڕۆکی دژە مرۆیی خۆی تاوانێکی‌تری دژ بە خەڵکی کوردستانو لاوە شۆڕشگێڕەکانی لە کارنامەی ڕەشی خۆی‌دا تۆمار کرد کە تاکوو ئێستاکە ئاسەوارە دڵهەژێنەکەی لە حافزەی مێژوویی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا هەبوونی هەیە. لە ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی ڕێژیمی تاران وەکوو نەریتێکی ناجوانمێرانە لە دەسەڵاتداریێتی خۆی بۆ پەردەپۆش کردنی دەسکەوتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو بەرگری قارەمانانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو بە مەبەستی ڕووخاندنی ورەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر لە روژهەڵاتی کوردستان، تاوانی ئێعدامی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوی کورد لە شاری مەهابادی بە ئەنجام گەیاند.

بەڕێزان!

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لەو کاتەدا کە ئەم جینایەتە لە لایەن ڕێژیمەوە دژ بەو کۆمەڵە لاوە ئەنجام درا، وێڕای شەرمەزار کردنی دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامی ئێران، شان‌بەشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەم تاوانەو بۆ بەرز ڕاگرتنی ورەو ئیرادەی لاوانی خەباتگێڕی کوردستان هەنگاوی هەڵێناو هەنووکەش وێڕای نیشاندانی وەفا و ئەمەگناسی خۆی بۆ شەهیدانی ئەم تاوانە دژە مرۆیی‌یە ئامادەیی خۆی بۆ درێژە پێدان بە ڕێبازی پڕ لە سەروەری وڵاتپارێزی‌و







کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئازادی گەلو ڕزگاری نیشتمان دووپات دەکاتەوە.

**هاوڕێیان!**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی کپ کردنی هەستی شۆڕشگێڕانەو شعووری نەتەوەیی لاوانی کورد تاوانی ١٢ی جۆزەردانی خوڵقاند، بەڵام جێی شانازی‌یە کە شۆڕشگێڕانی دیمۆکڕات بە گشتیو فەرماندەی نەمری هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەهید شاپوور فیرووزیو هاوسەنگەرانی بە تایبەتی لە ڕێگای بەجێ گەیاندنی ٥٩ عەمەلیاتی قارەمانانە وەکوو هێمایەک بۆ ٥٩ لاوی شەهید، توانیان ئەم پیلانەی ڕێژیم پووچەڵ بکەنەوەو باوەڕ بەخۆبوون لە ناخو هزری تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بچێننەوەو خاوەندارێتی لە ئیرادەی پۆڵایینی ئەم پۆلە لاوە سەربەرزەی وڵاتەکەمان بکەن.

**بەڕێزان!**

لە کۆتایی‌دا وەکوو هەڵوێستێکی مرۆییو نەتەوەیی لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوا دەکەین کە سەرجەم ڕێکخراوەکانی تایبەت بە توێژی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تێکڕا ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی

> **وەکوو هەڵوێستێکی مرۆییو نەتەوەیی لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوا دەکەین کە سەرجەم ڕێکخراوەکانی تایبەت بە توێژی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تێکڕا ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی «لاوی کورد» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناودێر بکەنو لەو ڕێگایەوە دووپاتی بکەنەوە کە بەرخۆدانو خۆڕاگری لاوانی کورد ڕەمزی سەرکەوتنی گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

«لاوی کورد» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناودێر بکەنو لەو ڕێگایەوە دووپاتی بکەنەوە کە بەرخۆدانو خۆڕاگری لاوانی کورد ڕەمزی سەرکەوتنی گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بەرزو پایەدار بێ یادی ئەم ٥٩ لاوە شەهیدەی وڵاتەکەمان!

سەرکەوێ خەباتی شۆڕشگێڕانەی لاوانی کوردستان!

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١٢ی جۆزەردانی ٢٧١٢ی کوردی







# ڕاگەیەندراوی
# فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران

هاونیشتمانان! لاوانی خەباتگێڕو خۆڕاگر!

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج‌شەممە ڕێکەوتی ١٦ی جۆزەردانی ١٣٩٢ی‌هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠١٣/٦/٦ی‌زایینی بە ئامادەبوونی سەرجەم نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ئەندام لە فیدڕاسیۆنی لاوانی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەی شەش مانگەی خۆی لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵەی لاوانی ڕۆژهەڵات بەستو پاش چوار کاتژمێر بیروڕا گۆڕینەوە، کوتایی سەرکەوتووانەی خۆی بۆ ڕای گشتی ڕادەگەیەنێ.

بە پێی پێڕەوی نێوخۆی فیدڕاسیۆنەکەمان هەر شەش مانگ جارێک بۆ ئاڵوگۆڕ لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبەرایەتی نێو فیدڕاسیۆنەکەمان، ئەرکی سەرجەم نوێنەرانی فیدڕاسیۆنە کە لەم ئاڵوگۆڕانەدا ڕای خۆیان هەبێو بەشدار بن.

هەر لەو پێوەندی‌یەدا پاش تاوتوێ کردنو پێداچوونەوە بە کاروباری ئەو ماوەیەی ڕابردوو، دەستەی بەڕێوەبەری نوێی خۆی هەڵبژارد کە بریتین لە:

١: بەڕێز سەید جەلال ساڵحی وەک سکرتێری فیدڕاسیۆن.

٢: بەڕێز هەژار موزەفەری وەک وتەبێژی فیدڕاسیۆن.

٣: بەڕێز تەوار شەریفی وەک بەرپرسی ڕاگەیاندنی فیدڕاسیۆن.

٤: بەڕێز فوئاد جەعفەری وەک بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی فیدڕاسیۆن.

٥: بەڕێز خالید زۆکالاب وەک بەرپرسی ماڵی فیدڕاسیۆن.

شایانی باسە کە هەر لەم کۆبوونەوەیەدا فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران بڕیاری دا ڕۆژی ١٢ی‌جۆزەردان کە ڕۆژی لە سێدارەدانی ٥٩ لاوی نیشتمان‌پەروەری کوردە بەدەستی جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، وەک ڕۆژی لاوی کورد پێناسەو دیاری کرا.

بژی کورد

پایەدار بێ کوردستان

فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران

١٦ی جۆزەردانی ٢٧١٣ی کوردی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# بەشداری یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێهەمین کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان

بەشداری یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێهەمین کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لێکدانەوەو شرۆڤەی لە بارەوە کراوەو لەم نووسینە کورتەدا هەوڵ دەدرێ کە لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە تیشک بخرێتە سەر ئەم مژارە:

١: یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداری لەم کۆنفڕانسەدا دیسان سەلماندیەوە کە بۆ هەر چەشنە بڕیارێک سەربەخۆیانە هەڵسوکەوت دەکاو نەتەنیا خۆی بە پاشکۆی هیچ ڕێکخراوەیەکی‌تری پارچەکانی‌تر نابینێ، بەڵکوو بەخۆ پاراستن لە ململانێی لایەنەکان ڕەسالەتی مێژوویی خۆی کە بریتی‌یە لە سازانی گیانی هاوخەباتی‌و هاوپێوەندی نێوان سەرجەم پارچەکانی کوردستان لە هەموو کات‌و شوێنێکدا بە دروستی بە ئەنجامی دەگەیەنێ.

٢: یەکیەتیی لاوان لە چوارچێوەی پڕەنسیپە تاریف کراوەکانی خۆی بۆ کاری ڕێکخراوەیی‌و بەڵێنەکانی، پابەندبوون بە بڕیاراتی کۆنفڕانسی دووهەم لە باشووری کوردستانی بە بنەما گرت‌و سەرەڕای تێبینی‌یەکانی لەسەر چۆنیەتی سازانی کۆنفڕانسی سێهەم، لە پێناو پابەندبوون بە بەڵێنی خۆی بۆ بەشداریی لە وەها کۆنفڕانسێکدا لە ڕۆژئاواو لە چوارچێوەی ئەرکێکی نەتەوەیی کە خۆی پێوە "متعهد" دەزانێ، بەشداریی لە کۆنفڕانسی ڕۆژئاوا کرد.

٣: حاشا هەڵنەگرە کە لەو قۆناغە هەستیارەدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوینی تێ‌پەڕی دەکا ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوا وەک دوو پارچەی لێک دابڕاو لە بواری جوغرافیایی‌یەوە، پێویستی‌یان بە کردنەوەی پردو کاناڵی پێوەندیی لە نێوان لاوانی ئەم دوو بەشەدا بۆ ناسینی زیاتری دۆزی کورد هەبووەو هەیەو بەشداریی یەکیەتیی لاوان لە کۆنفڕانسی نەتەوەیی کە لەسەر خاکی ڕۆژئاوای کوردستان بەسترابوو، یارمەتیدەری سەرەکی ئەم پێویستی‌یە مێژوویی‌یە بوو.





# کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرەو داهاتوو

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 18ی جۆزەردانی 1392ی هەتاوی بەرامبەر بە 8ی ژوئەنی 2013ی زایینی، بە دەست پێشخەریی هەژدە ڕێکخراوی سینفی سەربە پارتە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سمینارێک لە ژێر ناوی "کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرەو داهاتوو" لە ساڵۆنی ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو. لە سەرەتادا پەیامی کرانەوەی سمینار لە لایەن کەیهان یوسفی بە نوێنەرایەتی ڕێکخراوە مەدەنیەکان پێشکەش کرا.

ئەم سمینارە کە لە دوو پانێل پێک هاتبوو، کاتژمێر 9:30 سەر لە بەیانی بە پێشکەش کردنی باسێک لە لایەن بەڕێز دوکتور سەعید شەمس، مامۆستای زانکۆو چاودێری سیاسی دەستی پێ‌کرد. تەوەری پانێلی یەکەم کە بریتی بوو لە: "گرینگیی پێک هێنانی گوتارێکی هاوبەش لە نێوان حیزبە ڕۆژهەڵاتیەکان‌دا"، لە لایەن دوکتور شەمس شرۆڤەو لێکدانەوەی بۆ کراو ناوبراو بە ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لە قۆناغەکانی خەباتی ڕزگاری‌خوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و ڕەخنە لە ستراتیژی حیزبە سیاسی‌یەکان لە ژێر هێژموونیی شەڕی سارددا‌و قوربانی کردنی گوتاری نەتەوەیی لە سێبەری گوتاری دێمۆکڕاتیک لە لایەکو سوسیالیزم لە لایەکی‌ترەوە، نەبوونی گوتاری هاوبەشی بە کۆمەڵێک هۆکاری بابەتی بەستەوە.

لە درێژەی پانێلی یەکەمدا، نوێنەرانی حیزبەکانی بەشدار لە سمینارەکەدا خوێندنەوەی حیزبەکانیان لەسەر ئەو تەوەرە خستەڕوو، کە هەر یەک لە بەڕێزان جەلیل ئازادی‌خواز، ئەندامی کۆمیتە ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، هیدایەت قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، ئاسۆ حەسەن‌زادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، محەممەد ساحەبی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی

کوردستانی ئێران، بێهروز ئەردەڵان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، عوسمان جەعفەری سکرتێری یەکیەتیی دێمۆکراتی کوردستان لە ماوەی 20 خولەکدا راو سەرنجیان بۆ بەشداربووان خستە بەر باس.

لە پانێلی دووەمدا کە دوانیوەڕۆی هەمان رۆژ بەڕێوەچوو، تەوەری "بارودۆخی ئێران لە داهاتووداو ڕۆڵی حیزبە کوردی‌یەکان" لە لایەن لێکۆڵەر بێهزاد خۆشحاڵی کرایەوە. ناوبراو لە باسەکەی‌دا ئاماژەی بە پرۆژەیەک بە مەبەستی پێک هێنانی بەرەیەکی کوردستانی کردو لایەنە جۆراوجۆرەکانی پرۆژە پێشنیاری‌یەکەی شی کردەوە.

پاشان لە کەشێکی دۆستانەدا نوێنەرانی حیزبەکان بە هەمان شێوەی پانێلی یەکەم، روانینی حیزبەکانیان لەسەر ئەو بابەتە خستە بەر باس.

لە کۆتایی هەر کام لە پانێلەکان‌دا دەرفەت درا بە بەشداربووان سەرنجو تێبینی‌و پرسیارەکانیان بەرەوڕووی نوێنەرانی حیزبەکان‌و کۆڕگێڕەکان بکەنەوەو وەڵامیان درایەوە.

پەیامی کۆتایی سمینارەکە کە ئاماژەیەکی کورت بوو بە ئامانجو مەبەستەکانی بەڕێوەبردنی سمینارەکە، لە لایەن کیارەش شەهسەواری بە نوێنەرایەتی هەژدە رێکخراوەکە خوێندرایەوە.

بۆ زانیاری زیاتری خوێنەران لێرەدا ناوی رێکخراوەکان دێنین:

1: یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

2: یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد

3: یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان

4: یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

5: یەکیەتیی خوێندکارانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

6: یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

7: کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات

8: کۆمەڵەی لاوانی رۆژهەڵات

9: کۆمیتەی لاوانی یەکیەتیی دێمۆکراتی کوردستان

10: کۆمیتەی ژنانی یەکیەتیی دێمۆکراتی کوردستان

11: کۆمیتەی خوێندکاری یەکیەتیی دێمۆکراتی کوردستان

12: کۆمیتەی ئافرەتانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

13: کۆمیتەی خوێندکارانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

14: ناوەندی لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران

15: رێکخراوی خوێندکارانی پێشڕەوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

16: ناوەندی لاوانی پێشڕەو

17: رێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد

18: کۆمەڵەی خوێندەوارانی رۆژهەڵات





# کۆبوونەوەی هاوبەشی رێکخراوەکانی لاوانو خوێندکارانو ژنان

کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆی رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٤ی جۆزەردانی ١٣٩٢ی‌هەتاوی بەرامبەر بە ٢٥ی مای ٢٠١٣ی زایینی، رێکخراوەکانی لاوان، خوێندکاران‌و ژنانی سەربە پارتە سیاسی‌یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بنکەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کۆبوونەوەو سەبارەت بە چەندین مژاری جۆراوجۆر ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد. لەم دانیشتنەدا کە تا کاتژمێر ٦:٣٠ی ئێوارە درێژەی کێشا، رێکارەکانی هاوئاهەنگی‌و هاوفکری نێوان رێکخراوەکان‌و زەرووڕەتی لێک نزیک بوونەوەو بەڕێوەبردنی پرۆژەی هاوبەش باسی لێوە کراو جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە کۆبوونەوەی هاوبەشی لەم چەشنە بەردەوام بن.

رێکخراوە بەشداربووەکان:

١: یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان = سەید جەلال ساڵحی

٢: یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد = رەحمان سەلیمی

٣: رێکخراوی خوێندەوارانی رۆژهەڵات = کیارەش شاهسواری

٤: پەرویز رەحیمزادە = لاوانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

٥: کاوە کەریمی = لاوانی پێشڕەو

٦: هەژار حوسێنی = لاوانی خەبات

٧: سیاوەش محەممەدی‌و رەحمان ئەمیری = یەکیەتیی خوێندکارانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

٨: فوئاد جەعفەری = ناوەندی لاوانی خەبات

٩: سەبری بەهمەنی = یەکیەتیی ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

١٠: محەممەد حەکیمی = رێکخراوی خوێندکارانی پێشڕەو

# بەڕێوەچوونی کۆڕیادی ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی 59 لاوی شەهیدی مەهاباد

یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە 30 ساڵەی ئێعدامی بەکۆمەڵی 59 لاوی مەهاباد لە ساڵی 1362ی هەتاوی‌دا، بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێک یادو بیرەوەریی ئەو شەهیدانەی بەرز ڕاگرت.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە، 12ی جۆزەردان‌و بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان‌و ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بارەگای حیزبی دیمۆکڕات بەڕێوەچوو، وێڕای مەحکووم کردنەوەی ئەو جینایەتە تیشک خرایە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو ڕووداوە مێژووییەو کاریگەریی لەسەر بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەو ڕێوڕەسمە بە ڕاگەیاندنی چەند ساتێک بە بێدەنگی ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی ئەو شەهیدانە دەستی پێکرد، پاشان قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان وتاری حیزبی دیموکراتی کوردستانی بەو بۆنەیە پێشکێش کرد.

قادر وریا لە سەرەتای قسەکانی‌دا باسی لە پێویستیی یادکردنەوەی بەردەوامی ئەو جینایەتە کردو لەو پێوندی‌یەدا پەڕژایە سەر ئەوەی کە ئەو جینایەتە لە یەکەم سەرنج‌دا نیشانەی دڕندەیی ڕێژیمێک‌و بێبەری بوونی نیزامێک لە خەڵکێک بوو کە بە ئی خۆی نەدەزانی، هەر بۆیەش دەبینین کە ئەو 59 لاوە بێ ئەوەی دادگایی کرابن، بێ ئەوەی هۆکارەکانی گرتن‌و گوللەباران کردنیان بۆ خەڵک باس کرابن، دەدرێنە بەر دەسڕێژی گوللە، کەوابوو ئەو جینایەتە نابێ لە بیر بچێتەوەو دەبێ ئەو پرسیارانە هەموو کات بەرەوەڕووی کۆماری ئیسلامی بکرێتەوە کە تاوانی نەکردووی ئەو لاوانە چی بوو؟ ئایا لە جێ‌دا مەگەر ئەندامەتیی حیزبێک کە بۆ مافو ئازادی‌یەکانی گەلەکەی خەبات دەکا، تاوانە؟

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان لە درێژەی باسەکەی‌دا تیشکی خستە سەر ئەوەی تاکە تاوانی ئەو کۆمەڵە کەسەی لە 12ی جۆزەردانی ساڵی 1362دا ئێعدام کران، تەنیا پشتیوانی لە خەبات‌و تێکۆشانی سیاسی‌و نەتەوەیی گەلەکەیان بوو.

قادر وریا دواتر تیشکی خستە سەر ئامانجە ئاشکراو ڕانەگەیەندراوی ڕێژیم لە ئێعدامی ئەو پۆلە لاوەی شاری مەهابادو ئەوەی بۆ ترس‌و خۆفی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لە بزووتنەوەی کڵپەسەندووی کورد لە کوردستان گەڕاندەوە تا لەو ڕێگەیەوە چاوترسێنی خەڵکی بۆ دەستبەردان لە حیزبی دیمۆکڕات‌و بزووتنەوەی کورد کردبێ، بەڵام ئەو ئێعدام‌و کوشت‌وبڕو کۆمەڵکوژی‌یە کە دواتریش لە ناوچەی جۆراوجۆرو لە کاتی جیاوازدا دووپات‌و چەند پات بوونەوە، قەت نەی‌توانی چۆک بە لاوانی کورد دابداو خەڵکی کوردستان لە داوا کردن‌و خەبات‌و بەدواداچوونی مافەکانیان پاشگەز بکاتەوە.

دوای وتاری حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان، سامان فەقێ‌نەبێ، سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیامی ڕێکخراوەکەی بەو بۆنەیە خوێندەوە.

لە پەیامی یەکیەتیی لاوان‌دا وێڕای ئاماژە بە هۆکارو بەستێنەکانی خوڵقانی ئەو جینایەتەو مەبەستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەنجام‌دانی ئەو تاوانە هاتبوو کە یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لەو کاتەدا کە ئەم جینایەتە لە لایەن ڕێژیمەوە دژ بەو کۆمەڵە لاوە ئەنجام درا، وێڕای شەرمەزار کردنی دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامی ئێران، شان بەشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەم تاوانەو بۆ بەرز ڕاگرتنی ورەو ئیرادەی لاوانی خەباتگێڕی کوردستان هەنگاوی هەڵێناو هەنووکەش وێڕای نیشاندانی وەفاو ئەمەگناسی خۆی بۆ شەهیدانی ئەم تاوانە دژە مرۆییە، ئامادەیی خۆی بۆ درێژە پێدان بە ڕێبازی پڕ لە سەروەری وڵاتپارێزی‌و ئازادی گەل‌و ڕزگاری نیشتمان دووپات دەکاتەوە.

لەو پەیامەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی کپ کردنی هەستی شۆڕشگێڕانەو شعووری نەتەوەیی لاوانی کورد تاوانی ١٢ی جۆزەردانی خوڵقاند، بەڵام جێی شانازی‌یە کە شۆڕشگێڕانی دیمۆکڕات بە گشتی‌و فەرماندەی نەمری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، شەهید شاپوور فیرووزی‌و هاوسەنگەرانی بە تایبەتی لە ڕێگای بەجێ گەیاندنی ٥٩ عەمەلیاتی قارەمانانە وەکوو هێمایەک بۆ ٥٩ لاوی شەهید، توانیان ئەم پیلانەی ڕژێم پووچەڵ بکەنەوەو باوەڕ بە خۆبوون لە ناخ‌و هزری تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بچێننەوەو خاوەنداریێتی لە ئیرادەی پۆڵایینی ئەم پۆلە لاوە سەربەرزەی وڵاتەکەمان بکەن.

دواتر مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن‌زادە، سیمای ناسراوی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو بۆنەیە وتەیەکی کورتی پێشکێش کرد.

مامۆستا بە ئاماژە بە باردۆخی سیاسیی ئەو کاتی کوردستان‌و شەڕو ململانێی توندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی ملهوڕی کۆماری ئیسلامی باسی ئەوەی کرد کە مەبەستی ڕێژیم لە ئێعدامی بەکۆمەڵی ئەو ٥٩ لاوەی شاری مەهاباد دابەزاندنی ورەی هێزی پێشمەرگە بوو، بەڵام ڕێژیم نە توانی لەوەیان‌دا سەرکەوتوو بێ‌و نە توانی چۆک بە لاوانی کورد لە شارو گوندەکانیش‌دا بدا، هەر ئەوەی کە ئێستاش زیندانەکانی ئێران لە لاوانی خەباتگێڕی کورد جمەیان دێ، ئەوە نیشانەی ئەوەی کە تەقەلای ڕێژیم بۆ کپ کردن‌و چاوترسێن‌کردنی لاوانی کورد نەزۆک‌و بێ‌ئاکام بووە.

مامۆستا حەسەن‌زادە لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا باسی لە بارودۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامی کردو گوتی لەوانەیە ئەو ڕێژیمە ئێستاش بتوانێ خەڵکەکەی بکوژێ، ناڕەزایەتی‌یەکان سەرکوت بکا، بەڵام ناتوانێ خۆی لە چارەنووسی حەتمیی خۆی کە ڕووخان‌و هەرەس‌هێنانە ڕزگار بکا.

لەبەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕسمەدا کاک ئەحمەدی قادری، شاعیری بەهەستی نێوڕیزەکانی حیزبی دیمۆکڕات پەخشانە شێعرێکی بەسۆزی بەو بۆنەیەوە خوێندەوەو لە دوایین بڕگەی ئەو کۆڕیادەدا ئەحمەد سادق‌پوور، کادری بەوەجی حیزب‌و زیندانیی سیاسیی پێشووی کورد کە لە زیندانی ورمێ هاوبەندیی ٥٩ لاوی ئێعدام کراوی کورد بووە، چەند بیرەوەری‌یەکی لە چۆنیەتیی بارودۆخی خۆیان لە زیندان‌و ڕۆژی بردنی ئەو ٥٩ شەهیدەو ڕۆژەکانی دوای گوللەباران کرانیان گێڕایەوە.

ئەحمەد سادق‌پوور تیشکی خستە سەر ئەوەی کە یەکێکی دیکەش لە مەبەستەکانی ڕێژیم لە ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی کورد تێکشکاندنی ورەو رووحی بەرگری لەنێو زیندانەکان بوو، بەڵام ڕووداوەکانی دوای ئەو جینایەتە دەری خست کە لەوەش‌دا سەرکەوتوو نەبوو.

**مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن‌زادە**

**„لەوانەیە ئەو ڕێژیمە ئێستاش بتوانێ خەڵکەکەی بکوژێ، ناڕەزایەتی‌یەکان سەرکوت بکا، بەڵام ناتوانێ خۆی لە چارەنووسی حەتمیی خۆی کە ڕووخان‌و هەرەس‌هێنانە ڕزگار بکا.“**



## هەردوو ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە چالاکی‌یەکی هاوبەشدا لەسەر گڵکۆی شەهیدان یادی ١٠ی خاکەلێوەیان بەرز ڕاگرت.

کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ی‌هەتاوی، بۆ بەرزراگرتنی ناوو یادی پێشەوا قازی محەممەد ڕێبەرو پێشەوای حیزبی دێمۆکڕاتو یەکەم سەرکۆماری کوردستانو هاوڕێکانی کە لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی بە دەست جەللادەکانی ڕێژیمی پەهلەوی لەسێدارەدران، هەیئەتی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرشتی بەڕێز سەید جەلال ساڵحی جێگری سکرتێری گشتیو، هەیئەتی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرشتی بەڕێز حیسام ئەحمەدی جێگری سکرتێری گشتی، سەرەڕای پەیامی هاوبەشیان بەو بۆنەوە، بە هاوبەشی سەردانی گڵکۆی شەهیدانیان کردو تاجەگوڵینەی ڕێزو وەفایان لەسەر گڵکۆی شەهیدان داناو بەڵێنی‌یان دووپات کردەوە کە درێژەدەرو وەفاداری ڕێبازی پێشەوا قازیو هەموو شەهیدانی کوردستان بن.

لە درێژەی ئەوە چالاکی‌یە هاوبەشەدا هەردوو ڕێکخراو کە بەرهەمی هەوڵو هزری پێشەوای نەمرو کۆماری دێمۆکڕاتیکی کوردستانن، وێڕای پەیمان نوێ کردنەوە لەگەڵ پێشەوا قازی ڕێبەری شەهیدو هەموو شەهیدانی کوردستان، بەڵێنیان‌دا کە پابەند بن بە ڕێبازو ڕێگای پڕ لە سەروەری شەهیدانو لە خەباتو بەرخۆدانو بەرەوەپێش‌بردنی کاروانی تێکۆشانی گەلی بەش‌خوراو و چەوساوەی کورد لە تێکۆشان نەوەستنو هەروەها پێداگر بن لە سەر بەرەودان بە بەردەوامی پێوەندی‌یەکانی نێوان هەردوو ڕیکخراو و زیادکردنی کاروچالاکی هاوبەشو دروست کردنی پردێکی پێوەندی توکمە بۆ یەکریزیو یەکگرتوویی هەردوو لایەنی دێموکڕاتو سەرجەم هێزو ریکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا گەیشتن بە مافە مرۆیی‌و دێموکڕاتیکەکانی گەلی کورد.

بەو هیوایەی ڕێبوارانی بەوەفای ڕێبازی پێشەواو هەموو شەهیدانی کوردستان بین.





## کۆبوونەوەی بەڕێوەبەری فیدڕاسیۆنی لاوانی کوردستانی ئێران

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ٢ی پووشپەڕی ١٣٩٢ی‌هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠١٣،٦،٢٣ی‌زایینی، لە بارەگای ناوەندی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەریی نوێ پاش هەڵبژاردنی دەوری سێهەمی فیدڕاسیۆن بە سەرپەرشتی بەڕێز سەید جەلال ساڵحی سکرتێری گشتیی فیدڕاسیۆن بەڕێوەچوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا چەندین تەوەری گرینگ کەوتنە بەر باسو تاوتوێ کردنو پێداگریان لەسەر کرایەوە وەک، هەرچی زیاتر لێک نزیک بوونەوەو بایەخدان بە یەکریزیو یەکگرتوویی زیاتری ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتو تەنانەت کۆکردنەوەی هەموو ڕێکخراوە مەدەنی‌یەکانی ڕۆژهەڵات لە ژێر چەتری فیدڕاسیۆنێکدا بۆ یەک دەنگیو کاری هاوبەشی زیاتری نێو ڕێکخراوەکان، هەروەها باسی کۆنفڕانسی چوارەمی لاوانی چوار پارچەش هاتە بەرباس کە لە ئێستاوە ئامادەگی زیاتری بۆ بکرێ.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا دەستەی بەڕێوەبەری نوێ لەسەر یازدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێرانو ئاکامی دوای هەڵبژاردنەکان کۆمەڵێک قسەو باسیان کردو ڕاوبۆچوونیان ئاڵوگۆڕ کرد.

هەوەها کۆمەڵێک بابەتو باسی نێوخۆییش هاتنەبەرباسو بڕیاریان لەسەر درا.

لە کۆتایی کۆبوونەوەدا بەڕێوەبەری تەئکیدیان لەسەر هاوکارییو کاروچالاکی زیاتری فیدڕاسیۆنەکە کردەوە.



## بەڕێوەچوونی پرێس کۆنفڕانسێک لە سەرکۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوان

بەشێک لە ڕێکخراوەکانی بەشداربوو لە سێهەمین کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی کوردستان لە سلێمانی لە پرێس کۆنفڕانسێکدا چەند مژارو باسێکیان تاوتوێ کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٣ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ی هەتاوی، هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پرێس کۆنفڕانسێکدا کە لە هۆتێل پالاس لە شاری سلێمانی ڕێکخرابوو، بەشداری‌یان کردو لەسەر چۆنیەتیو ئامانجو دەسکەوتەکانی سێهەم کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی کوردستان لە ڕۆژئاوای کوردستان وەڵامی ڕۆژنامەنووسانو میدیاکانیان داوە. شایانی باسە کە نۆێنەرانی ڕێکخراوە سەرەکی‌یەکانی بەشدار لە سێهەم کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوان لەو پرێس کۆنفرانسەدا بەشداری‌یان کردبوو. جێگای ئاماژە پێکردنە کە لە ڕۆژانی ٢٦،٢٧،٢٨ی مارس، سێهەم کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی کوردستان لە شاری ڕمیلان لە ڕۆژئاوای کوردستان بە بەشداری ٦٠ ڕێکخراو و ٢٦٠ نوێنەر بەڕێوەچوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# انتخابات ۹۲

کاوه آهنگری

برای تحلیل هرچه بهتر انتخابات ۹۲ ریاست جمهوری اسلامی ایران بهتر است که این موضوع را در فضای ایران به مطالعه کشید. بسیاری از مخالفین جمهوری اسلامی از یک زاویه دید ایدئالیستی به این موضوع می‌پردازند. حالت مبارزه‌و ضدیت با نظام جمهوری اسلامی بر چگونگی بررسی موضوع می‌چربد. در صورتی که مهم شناخت فضا، موضوع‌و تحلیل‌و ترسیم رابطه‌ای منطقی‌و نتیجه‌بخش میان این دو است نه آمال‌و آرزوها. به گمان من بهتر است که به جای تزریق آمال خود در حین تحلیل انتخابات ۹۲ بعنوان یک کنش جمعی، به تحلیل منطقی‌و فارغ از دیدگاه ارزشگرایانه آن پرداخته‌و ضمن دریافت منطق کنش انتخاباتی، بیشتر بر روی تاثیرگذاری‌و راهبری‌و هدفمندکردن کنشهای جمعی در چنین مواقعی تمرکز شود.

**انتخاب:**

ما در رابطه با کشوری صحبت میکنیم که مستاصل چند بحران بسیار جدی‌و ویرانگر شده است، این بحرانها که عمده‌ترین آنها عبارتند از «بحران اقتصادی‌و معیشتی» که گریبانگیر مردمان ایران زمین‌و خود حاکمیت‌و رژیم گشته است. بحران در سطح روابط بین‌الملل‌و ناهمخوانی رژیم اسلامی‌و اهداف‌و برنامه‌هایش با جامعه جهانی بویژه غرب. «بحران اجتماعی» که بیشتر ناشی از هژمونی‌و استبداد نظامی، سیاسی‌و عقیدتی- مذهبی است همراه با مشکلات اقتصادی‌و معیشتی که بحران مذکور را تعمیق‌و تمام کشور را در نابسامانی بس پیچیده‌ای فرو برده است. به باور من؛ بطور کلی ایران‌و ایرانی با چند بحران‌و معضل جدی روبرو است.

در رابطه با انتخاباتی صحبت میکنیم که مغایرت ذاتی با یک انتخابات آزادو دمکراتیک دارد. وجود نظارت استصوابی، نبود احزاب‌و سازمان‌و نهادهاو جامعه مدنی که از ارکان دمکراسی به شمار می‌آیند. همچنین سیستم مدیریتی منحصر به فرد این رژیم که مشابه آن در جهان پیدا نمی‌شود، برای همین مطالعه‌و تحلیل اوضاع سیاسی ایران با نرمهاو فورمول‌های متعارف ناممکن گشته‌و مطالعه‌و تحلیل خاص خود را می‌طلبد. بعنوان نمونه وجود ولی مطلقه فقیه‌و توانایی‌و اختیارات سیاسی‌و اجرایی آن در تمام امور کشوری‌و لشکری.

ترکیب کاندیداهای تعیین صلاحیت شده از طرف شورای نگهبان نشان از محفلی‌گرایی‌و وجود یک مافیای سیاسی- اجرایی در حاکمیت است که همیشه در حال تلاش برای تحت کنترل در آوردن کلا ماجرای انتخابات‌و متعلقات آن هستند. دخالتهای مقامهای امنیتی (نمونه اخیر آن دخالت مقام امنیتی وزارت اطلاعات‌و نقش آن در رد صلاحیت آقای هاشمی رفسنجانی) و حکم حکومتی خامنه‌یی‌و جهت‌دهی‌و فرمانفرمائی ایشان در کل امور انتخابات بزرگترین مانع برای اجرای اصلاحات‌و پیشبرد گام به گام پروژه‌های سیاسی در جهت دمکراتیزه‌کردن کشورو نهادهای سیاسی آن است. انتخابات‌و تمکین به نتایج دمکراتیک آن تا حد زیادی میتواند هزینه‌های سیاسی‌و انسانی «تغییرو تحول» را تامین کند ولی متاسفانه در ایران، مافیای مذکور مایل به انسداد هرچه بیشتر است تا رفرم.

شاید به ناچار ولی در هر صورت‌و در نهایت جبهه اصلاح‌طلبان حکومتی - با کنار رفتن محمد رضا عارف به نفع حسن روحانی- با حسن روحانی به توافق رسیدندو ایشان را مورد حمایت همه جانبه قرار دادند. بویژه با حمایت سیدمحمد خاتمی رئیس جمهور پیشین ایران‌و رهبر اصلاح‌طلبان حکومتی، فضای انتخابات به دو قطب مجزاو مشخص اعتدالگرایان‌و اصلاح‌طلبان در یک طرف‌و اصولگرایان در طرف دیگر تبدیل گشت. البته هرچند آقای روحانی خود را اصلاح‌طلب نمی‌نامدو خود را متعلق به نحله فکری «اعتدال» میداند که بیشتر به اصولگرایان نزدیک است تا اصلاح‌طلبان‌و کارنامه سیاسی ایشان‌و مسئولیتهایش تائید کننده این ادعا هستند. با این حساب میتوان گفت که در حال حاضر حسن روحانی نماینده اصلاح‌طلبان داخل کشور، بخشی از اصولگرایان، طبقه میانی حکومتی‌و چند گرایش‌و گروه سیاسی‌و دینی نیز مباشندو این خود موفقیت بزرگی است برای آقای روحانی‌و در نهایت بیت رهبری.

رای دادن به معنی رای دادن به نظام نیست، با وجود چنین ادعایی از طرف خامنه‌یی‌و نتیجه شرکت در انتخابات حتما طول عمر بیشتر نظام نیست. انتخابات‌و کنش انتخاب در ایران همیشه سیاسی نبوده‌و میتوان در بیشتر ایران انگیزه‌و هدف‌و سائقهای مختلفی را برای این کنش ردیابی کرد. انتخاب‌و شرکت در انتخابات را میتوان از منظر کنش‌و واکنش بررسی کرد. انتخاب به معنای یک کنش سیاسی در طول سه دهه گذشته در کردستان رخ داده است ولی در شهرهای دیگر ایران بویژه تهران‌و دیگر کلان شهرهایی مانند تهران‌و مشهدو غیره، از خرداد ۷۶ شمسی به بعد است که به انتخاب یک ویژگی سیاسی اضافه شده است.

نتیجه انتخابات هرچه باشد، امکان‌و احتمال پیش آمدن بحران برای رژیم را بیش از پیش کرده است. بعد از انتخابات بویژه شش ماه اول فرصت مناسبی است برای سازماندهی، همکاری‌و همیاری تمامی نیروهای مخالف رژیم در سطح داخل‌و خارج از کشور علیه حاکمیت. با این احتساب شرکت مردم در انتخابات در نهایت به نفع مخالفین شرکت در انتخابات خواهد بود البته در صورت وجود تدبیر، دوراندیشی‌و تلرانس‌و برنامه‌ریزی مدوام‌و استراتژی مشخص.

اگر مخالفین رژیم مایل به دست‌یابی به یک سیاست‌و ستراتژی مشخص‌و مشترک هستند، قبل از هر چیزی لازم است که برسر اصول‌و مواردی کلی به توافق برسند. به این معنی برای رسیدن به یک پلاتفرم مشترک همکاری‌و همیاری به توافق رسیده‌و بیش از پیش سعی نمایند برنامه خود را میدانی‌و عملیاتی نمایند.

در قدمهای آتی لازم است که سه مورد نقش محوری ایفاء کنند؛ یکی ملیتها، دوم جوانان(سنی)و دیگری زنان(جنسیتی).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





# جوانان غیور مملکت، در انتخابات سال ۹۲ دوباره کلاه لبخند ملیح به سرتان نرود!

**دکتر گلمراد مرادی**

در واقع می شود گفت که: هیچ کلاهی از فرم اسلامی‌اش در ایران به سرتان نرودو به ویژه از کلاه خیمه شب بازی انتخابات جمهوری اسلامی بپرهیزید. اینها برای نجات اسلام در ایران بهر دری می زنند. ما سالهای بعد از جنگ ایران‌و عراق را دیدیم که اینها سیر قهقرا را طی می‌کردندو از وحشت به سرکوب خشن‌و ترور رهبران مخالف داخل‌و خارج از ایران پرداختند. بعد از محکومیت بین‌المللی، به جلو راندن آقای خاتمی را خوب دیدیم که بعد از آرامش موقت، چگونه آنها اصلاح‌طلبان را کنار گذاشتندو سپس چگونه تئاتر سال ۱۳۸۸ را بوجود آوردندو جنبش سبز از میان مردم به طور خودجوش بوجود آمدو زود این بخش از به اصطلاح نیروهای اپوزیسیون رهبری آن را بدست گرفتند. در اینجا مجددا به هم میهنان پاک دل هشدار می دهم، کلاه آن شاخه از سبزهای ناجی جمهوری اسلامی نیز سرتان نرود. بخشی از این سبزها زیر نام اصلاح‌طلبی ظاهر شده‌اندو می‌خواهند باصطلاح جمهوری اسلامی را اصلاح کنند! یک چیز برای همه انسانهای آزادیخواه، باید محرز باشد که این ۳۳ سال خوب نشان داده‌و دوره یازدهم ریاست جمهوری اسلامی هم نشان خواهد داد که اینها اصلاح‌پذیر نیستندو باید بروند. چون در حقیقت، اسلامی که اینها ارائه می‌دهند با دمکراسی در تناقض ۱۸۰ درجه است. علاوه بر همه اینها سیاست این باصطلاح اصلاح طلبان‌و بویژه ولایت فقیه که در قانون اساسی آمده است، هیچ جا و منزلتی در حاکمیت دنیای امروزی نداردو با آزادی‌و دمکراسی مطلقا سازگار نیست. در قانون اساسی ایران آمده است که حتی از میان نیمی از جامعه (یعنی زنان) حق رئیس جمهور شدن‌و قاضی شدن ندارند– البته بنا به قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران نه تنها زن‌ها، بلکه کردها هم حق انتخاب شدن برای پستهای بالای حکومتی منجمله ریاست جمهوری ندارند– . فقط رجلها می توانند این پستها و مقام را داشته باشند. لذا دیگر چنین رژیمی جای ماندن نداردو باید برود، اما از طریق منطق‌و دیالوگ‌و صلح آمیز، نه خونریزی. گرچه برای این آقایان‌و خانمهای مسلمان مانند خانم رهنوردو امثال مهم نیستند اگر چندین میلیون انسان هم کشته شوند، فقط اسلام‌و آن‌ها برقدرت بمانند. اکنون صحبت ازنو برسر انتخابات ریاست جمهوری است. آیا باچنین افرادی‌و زیر لوای چنین سیستمی با چنین رفتاری می‌توان از انتخابات حرف زد؟ و یا اصلا می‌توان به راحتی نفس کشید؟! هم میهنان عزیزو ارجمند، ما باید خاطرات تلخ سالهای ۱۳۶۰ خورشیدی، یادمان باشد. این آقایان برای محکم کردن پایه‌های حکومت دینی خود هر کسی، حتی از خودیها، نه فقط مخالفان، اگر دهان باز می‌کردو از دمکراسی حرفی می‌زد با فرار از مملکت‌و زندان‌و شکنجه‌و مرگ سروکار می داشت. این کار هنوز هم ادامه دارد. در آن زمان، همین آقایان موسوی، کروبی، خاتمی‌و امثال که امروزه خود را به بخشی از رهبری جنبش سبز تحمیل کرده‌اند، تقریبا همه کاره بودند که در سایه آنها اعدام دست جمعی جوانان فعال‌و بیگناه انجام می‌گرفت‌و تاکنون هیچ عذرخواهی از ناتوانی‌و یا اعتراف به اشتباه از طرف آنان، شنیده نشده. در کنار آن جنایت‌ها، ترور رهبران احزاب سیاسی‌و مخالفان رژیم بوقوع می‌پیوست‌و بعدها قتلهای زنجیره‌ای‌و نابودی متفکرین، مستقیم زیر نظر بخشی از همین آقایان که امروزه در جبهه مخالف اصول‌گرایان افراطی جمهوری اسلامی قرار دارند، به مرحله اجراء در می‌آمد. برای رسیدن به اهداف که همان تثبیت اسلام در ایران است این آقایان به چنین جنایاتی بسنده نمی‌کردند، بلکه حتی دانشجویانی که فقط به ناعدالتی‌و سانسور اعتراض می‌کردند، دستگیر می‌شدندو به آنها وحشیانه تجاوز می‌نمودندو یا در خیابانها مورد اصابت گلوله قرار می‌دادند. حالا امکان دارد این آقایان اصلاح طلب بگویند: "ماهم مخالف این اعمال غیر انسانی بودیم"! خیلی ساده از آنها پرسیده می شود، چرا صدای اعتراض به حق کشی را بلند نمی‌کردیدو چرا حتی یک کلمه در این باره ننوشتید؟ بله، همه اینها مقصراند. در حقیقت سرمایه‌های علمی مملکت را بطور کلی می‌خواستند نابود کنند که تا حدودی موفق هم شدند. ما خارج نشینان، با شدت مخالفان رژیم، مطلقا نمی‌خواهیم سرنوشت شماها باقیمانده این سرمایه کشور با خطر روبرو شود. این‌ها اگر قدرت بگیرند بهتر از این ارتجاعیون حاکم نمی‌توانند باشند. حالا احتمالا این پرسش مطرح شود که بابا، اینان بهتر از اصول‌گرایان هستند! این درست، ما شکی نداریم که اینان نرم‌تر از این آقایان حکومت‌گران فعلی هستند. اما مثلی است معروف که می گویند: "سگ زرد برادر شغال است". باید نیز باور داشت تا زمانی که این آقایان موضع سیاسی خود را روشن نکرده‌اندو از حاکمیت دینی(مانند خاتمی) و ولایت فقیه فاصله نگرفته‌اند، به عنوان ناجی جمهوری اسلامی شناخته می شوند. لذا باید اسلام‌و جمهوری اسلامی از حاکمیت برداشته شود. ما ترور رهبران احزاب سیاسی‌و مخالفان رژیم را به تلخی تجربه کردایم‌و اگر خاتمی‌و "اصلاح‌طلبان" نمی‌آمدند به احتمال قوی پایان عمر ننگین این قرون وسطائیان بود. خوب، در زمان خاتمی که خود آنها برای نجات اسلام در ایران آورده بودند، بیکار هم ننشستند. باز هم تکرار می‌کنم در دوران خاتمی بود که قتلهای زنجیره‌ای‌و به دنبال آن‌و با نظارت بخشی از همین آقایانی که امروزه در جبهه مخالف "اصول گرایان افراطی" این جمهوری اسلامی قرار دارند، آن جنایت اتفاق افتاد. باید در نظر داشت که در میان اینان، آقای خاتمی اروپای غربی دیده، با لبخند ملیح‌اش، یکی ازآن مهره‌های مهم، برای نجات این رژیم دینی قرون وسطائی است‌و اگر وضع بدین منوال پیش برود، یک روزی ولی فقیه هم خواهد شد که آرزو دارم جوانان غیور مملکت تن به این خواری ندهندو دیگر حاضر به پذیرش این سیستم قرون وسطائی، با خاتمی یا بدون خاتمی اش، نباشند.

در واقع آقای خاتمی‌و بقیه این نام بردگان فوق، اگر از غربال شورای نگهبان دربروندو یا در رفته‌اندو هوای ریاست جمهوری را نموده‌و یا آنها را با تزویر برای نجات اسلام در ایران از این مهلکه سقوط اجتماعی‌و اقتصادی، به جلو فرستاده‌اند، خود یک پایشان می‌لنگد. جمهوری اسلامی همانند سالهای بعد از جنگ در سراشیبی قرار گرفته‌و راه نجات را در آن می‌بیند که یک سپر بلا علم کنند. اینها که امروز نقش اصلاح طلب را بازی می‌کنند، بهترین سپر بلا هستند. اینها هنوز ازحاکمیت دینی فاصله نگرفته‌اندو آنگونه که مکرر گفته شد، روزی برتمام قتل‌هاو اعدام‌های مخالفان صحه می‌گذاشتندو یا اگر قدرت نداشتندو چیزی از دستشان بر نمی‌آمد، در برابر آن همه جنایات، سکوت می‌کردند. از همه اینها بگذریم، تاکنون هیچ کدام از آنها قانون ارتجاعی‌و قرون وسطائی‌و ضد حقوق بشری ولایت فقیه را زیر پرسش نبرده‌اندو یا حداقل بر جدائی دین از سیاست حتی اشاره‌ای نکرده‌اند. برای مثال آقای خاتمی در دوران ۸ سال ریاست جمهوری با لبخندو وعده‌های بی‌پایه، برسر دختران‌و پسران میهن که با شاخه گل سرخ بر دهان‌و قلب پاک به استقبال‌اش رفتند، کلاه گشادی گذاشت. در واقع او می‌خواست‌و هنوز هم می‌خواهد، نظام شوم جمهوری اسلامی را نگهدارد. چنین افکار را نه فقط او، بلکه آنگونه که اشاره شد همه اصلاح‌طلبان بدون استثنا دارندو اینها که خود را برهبری سبز تحمیل کرده‌اند، می‌خواهند این سیاست نجات جمهوری اسلامی در ایران را بهر قیمتی به پیش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ببرند. این آقایان نه قدرت دارندو نه شهامت که رفرم انسانو جهان پسندی را در اسلام مطرح کنندو نه می‌خواهند، چون خود می‌دانند که اسلام(منظور آن اسلامی که حالا در جمهوری اسلامی ایران حاکم است، یعنی اسلام شیعه) رفرم پذیر نیستو نمی‌خواهند از حاکمیت نیز رخت بربندد. البته آنها بظاهر کوشش می‌کنند در مدرن کردن این اسلام، همانند مسیحیت رفرمی بوجود آورند. آقای خاتمی در زمان ریاست جمهوریش پا به میدان گذاشتو چه بسا اجازه هم داد که مثلا چندتا تار موی سر دختران از زیر روسری، همانند موی سر خود از زیر عمامه، بیرون باشدو دیدیم که شاخه افراطی چگونه جلویش ایستاد! امروزه واضح استو می‌بینیم که این نکته را دختران قهرمان ما خود بخود به نظام اسلامی با زور تحمیل کرده‌اند. یعنی بجز حزب الهی‌ها اکثر دختران، اسلام را به سخره گرفته‌اندو مأموران امر به معروفو نهی از منکر را به عاص آورده‌اند. این را در فیس‌بوکو اینترنت به آسانی می‌توان دید و افراطیون با هیچ تهدیدو گذراندن هیچ قانونی، نمی‌توانند جلو آنها را بگیرند. برای روشن شدن آن که آیا شرکت در انتخابات در ایران گره‌ای از مشکلات عدیده را می‌گشاید، یا فقط هدف نجات اسلام است، شرحی کوتاه از این خیمه شب بازی را در گذشته از زبان روزنامه‌ها می‌آوریم. حالا چرا خاتمی را رئیس جمهور کردندو چگونه به او اجازه دادند با افکار اصلاح طلبیو لیبرالی از نوع اسلامی به میدان بیاید؟ کوشش می‌کنم، خیلی کوتاه با استناد به منابع آن روزی توضیح دهم.

به قدرت رسانده شدن خاتمی:

در آن زمان خاتمی درحالی سر کار آمد که اسلامو سران جمهوری اسلامی، آنگونه که در پیش اشاره شد، در محکومیت بین‌المللی بودند. این رهبران به دلیل ترور میکونوس، با یک آبرو ریزیو تعقیب شدید مواجه شدند که هنوز هم ادامه دارد. روزنامه‌ها در آن دوره نوشتند که: "خاتمی دولت را در شرایطی تحویل گرفت که بر اثر بحران ناشی از محکوم شدن مقامات بلند پایه جمهوری اسلامی در دادگاه‌های آلمان به اتهام کشتن چند تن از رهبران حزب دمکرات کردستان در رستوران میکونوس آلمان، روابط ایرانو اتحادیه اروپا در اوج تیرگی قرار داشتو همه سفرای اروپایی ایران را ترک کرده بودند. هم چنین ایران متهم به دست داشتن در حمله به پایگاه آمریکا در الخبر عربستانو کنیسه یهودیان در آرژانتین شدهو در آستانه حمله موشکی آمریکا قرار داشت". در چنین شرایطی جمهوری اسلامی نیاز به کسی داشت که دارای به قول اروپائیان کاریزمائی استثنائی باشدو بتواند این آمریکای قدرت طلب را موقتا از حمله نظامی به ایران منصرف کند. رهبران اسلامی در ایران متوجه بودند که خاتمی قادر است این کار را انجام دهد. نهایتا او توانست در سطح بین‌المللی: "با مطرح کردن «گفتگوی تمدن‌ها» درسازمان ملل متحد، خود را بعنوان مبدع این نظریه بشناساند"، این کار را بکند. در واقع آن آب سردی بود که بر روی آتش خشمو قدرت طلبی آمریکا ریخته شد. آمریکای دو دل امید داشت که خاتمی رابطه را با غرب بهتر کند. برای آمریکا حقوق انسانی در اسلام زیاد مهم نیست. مهم آن است که رابطه اقتصادی مجددا برقرار گردد. خاتمی اگر چه قلبا مخالف این ارتباط بود اما به ظاهر کوشش خود را کرد. بهمین دلیل این اولین گام برای نجات جمهوری اسلامی در سطح بین‌المللی بودو دیدیم که خاتمیو امثال از جانبی در برابر اسلام افراطی خلع سلاح بودندو از جانب دیگر این ناجی اسلام در ایران واقعا نمی‌خواست تن به این ارتباط با جهان آزاد، بدهد. زیرا می‌دانست که باید رفرمهائی انجام دهدو این خود نابودی اسلام در قدرت بودو چون خود از خانواده روحانی استو اگر دین در حاکمیت نباشد، جای او کنج مسجد استو بس‌و هرگز شانس ندارد که رئیس جمهور شود. لذا بنظر او دین باید حاکم باشد. نمونه بارز آن برای نجات دین اسلام در ایران می‌توان از این گفته او در اوایل حکومت‌اش برداشت کرد. وی طی سخنانی در سال اول ریاست جمهوری پیرامون آزادی گفت : "خدمت به دین در این است که بگوییم دینو آزادی با هم سازگارندو دینی که به انسان حرمت می‌دهد در درجه اول به آزادی انسان حرمت می‌دهد. باید موانع آزادی از میان برداریم". پس یک آخوند سید، بدون شک آخوند می‌ماندو در توجیه‌گریو حتی عوام فریبی نهایت کوشش را هم می‌کند.

در سیاست داخلی کلاه دیگری که سر ملتهای ایران گذاشت، طرح مسئله شوراهای شهرو روستا بود که در قانون اساسی جمهوری اسلامی نیز آمده است اما هرگز به مرحله اجرا در نیامده بود. در واقع دیکتاتورانو نظیر آنان هرگز نخواسته و نمی‌خواهند که مردم درباره سرنوشت خود تصمیم جدی بگیرند. اما اینها بظاهر مجبور بودند به این بازی سیاسی آقای خاتمی تن در دهندو یا صحنه‌سازی کنند. ما می‌دانیم شوراهای شهر حتی قدرت اجرائی برنامه‌های فرهنگی را نیز کم دارد یا اصلا ندارد. باز روزنامه‌ها بعدها نوشتند: "دوره ریاست جمهوری خاتمی از سال‌های مهم تاریخ سیاسی ایران استو حاوی اتفاقات بسیاری بود. شعار جامعه مدنی وی که بعدها در قبال سکوت وی توسط علی خامنه‌ای به عنوان برداشتی از مدینه النبی نام برده شد در کنار توسعه سیاسی از شعارهای اصلی وی بود. در همین راستا وی انتخابات شوراهای شهرو روستا را که در قانون اساسی جمهوری اسلامی تصریح شده بود، برای اولین بار برگزار کردو فعالیت‌های هنری، فرهنگیو سیاسی در فضایی بازتر از دولت‌های قبلو بعد انجام شد، در عین حال جناح مقابل ضمن انتقادات پیاپی وزیر کشور او عبدالله نوری را که از مهره‌های اصلی کابینه بود با رای عدم اعتماد پس از استیضاح برکنار کرد". در آنجائی که خاتمی بظاهر می‌کوشید راه تنفسی باز کندو به جوانان امکان بدهد حتی در چارچوب این جمهوری قرون وسطائی، حق آزادیو انتقاد داشته باشندو می‌خواست حداقل خود را با زمان تطبیق دهدو از غرب تقلید کند، اصول گرایان جلو او را می‌گرفتندو نمی‌گذاشتند به کارش ادامه دهد، زیرا وحشت می‌کردند که سر بند از دستشان در می‌رود. او نیز بجای اعتراض صلح‌آمیز دست به عوام‌فریبی می‌زدو تمام کاسه کوزه‌ها را بر سر جناح مقابل می‌شکست. بار دیگر به روزنامه‌های آن زمان رجوع می‌کنیم که نوشتند:

"یکی از مهمترین وقایع دوران ریاست جمهوری خاتمی، اعتراضات ۱۸ تیر ماه ۱۳۷۸ بود که به واقعه «حمله به کوی دانشگاه تهران» شهرت یافت. شروع ماجرا از اعتراض عده‌ای از دانشجویان دانشگاه تهران در مورد توقیف روزنامه سلام بود که با واکنش شدید نیروهای امنیتی روبرو شدو در روز دوم، نیروهای امنیتی جمهوری اسلامی به خوابگاه دانشجویان حمله‌ور شدندو تعداد زیادی از دانشجویان را مورد ضربو شتم قرار دادند که در ادامه به یک اعتراض همه جانبه از طرف اقشار مختلفو بخصوص دانشگاهیان تبدیل گردید. در نهایت حکومت به‌کمک نیروهای بسیج، سپاهو نیروهای انتظامی اعتراض‌ها را توسط حکومت نظامی اعلام نشده، بشدت سرکوبو مخالفان را به زندان انداخت که از جمله زندانیان معروف می‌توان به احمد باطبی اشاره کرد. در نهایت دولت از سرکوبگران بعنوان نیروی فشار نام بردو این اولین بار بود که این نیرو رسما موجودیت پیدا کرد. همچنین معترضان را آشوبگرو اراذل نامیدند". انسان از آقای خاتمی می پرسد، خوب، اگر واقعا خودتان نمی‌خواستین، چرا حتی تهدید به استعفا نکردین؟ چرا جلو استاندار وقتتان در اردبیل که برعلیه روزنامه سلام بدلیل بقول ایشان، درج اکاذیب، شکایت کرده بودو در حقیقت عامل اصلی ناآرامی‌ها بود نگرفتین؟ اینکه درکشوری حتی روزنامه‌های خودی تحمل نمی‌شوندو آنها را توقیف می‌کنند، مگر می‌شود حکومت کرد، اگر کسی قلبا راضی نباشد؟ همه دمکراتها این برخوردها را خیمه شب بازی اسلامی می‌نامند، نه چیز دیگر. بخشی از وقایع را از زبان روزنامه‌های آن دوره بخوانیدو ببینید که همه اینها دست در دست هم گذاشته بودندو هنوز هم مصمم‌اند که مردم را ناآگاه نگهدارندو روشنفکران را نابود کنندو اسلام در ایران را تقویت نمایند. در ادامه می خوانیم:

"اما مهم‌ترین قضیه دوران حکومت خاتمی را می‌توان افشاو اعلام رسمی وجود «عوامل خودسر» در وزارت اطلاعات جمهوری اسلامی که عامل «قتل‌های زنجیره‌ای» اعلام شدند، بود. این افشاگری به دستگیری یکی از سرشناسان وزارت اطلاعات به نام «سعیدامامی» منجر شد. او بعدتر و طی یک واقعه مشکوک در زندان خود کشی کرد. در این واقعه نویسندگانی به طور سیستماتیک به قتل رسیدند از جمله داریوش و پروانه فروهر، محمد جعفر پوینده‌و محمد مختاری". خوب، اگر از خیمه شب بازی سخن به‌میان می‌آید، با دیدن این صحنه‌ها واقعیت‌ها رو می‌شوندو باید حق داد که عامیانه بگویند: همه سر و ته یک کرباس‌اندو دگر هیچ. انتخابات سال ۱۳۹۲ خورشیدیو شرکت اصلاح‌طلبان چیزی به غیر از عوام‌فریبیو نجات اسلام در ایران نیست. اگر غیر این بود، می بایستی اصلاح‌طلبان با یک برنامه مشخص انتخاباتی به میدان می آمدند. یعنی گوشه‌هائی از خواست مردمو جوانان را مطرح می‌کردند. برای نمونه جدائی دین از حکومت، آزادی عقیده‌و مرام، حق رأی(انتخاب شدنو انتخاب کردن) برای همه (زنو مردو اقلیتهای آئینی). حذف اسلام شیعه بعنوان دین رسمی در قانون اساسی. این ابتدائی‌ترین نکاتی هستند که در برنامه این آقایان اصلاح طلب نیست. اگر اکنون در مبارزات انتخاباتی این نکات یا برخی از آن‌ها را مطرح کنند، همه انسانهای دمکرات باید بدانند که اینها عوام‌فریبی استو شعار انتخاباتی نه چیز دیگر. در حالیکه باید این نکات سالهاو ماهها پیش در برنامه کاری خود می‌نوشتندو از آن دفاع می‌کردند، نه در مبارزه انتخاباتی. ببینید من برای ادعایم در مورد آقای خاتمیو جمهوری اسلامی سند از خود این آقایان دارم که پیش از انتخابات چه چیزهائی مطرح می‌کنندو بعد از انتخابات چه می‌گویند. آقای خاتمی در یکی از سخنرانی‌هایش، گویا در آبان ۱۳۹۱ روزنامه‌ها از قول او گفته اند: "فردای آن روز، وبسایت رسمی سید محمد خاتمی متن سخنرانی دیروزش را منتشر کرد که نشان داد که خاتمی به دنبال بازگشت به قدرت نیستو معتقد است مشکل این نیست چه کسی کاندیدا شود ، بلکه خواست اصلی اصلاح طلبان را آزادیو امنیت منتقدانو تن دادن حکومت به خواست مردم می‌داند". آقای خاتمی مگر خواست مردم بغیر از آن نکاتی هستند که در پیش به آنها اشاره کردیم؟ شما اگر ریگی در کفش ندارید، چرا به آنها اشاره نمی‌کنید؟ چرا با صراحت از این نکات دفاع نمی‌کنید؟ آرزو دارم نیروهای فعالو هم‌میهنان ارجمند با خواندن این مقاله خود درباره انتخابات تصمیم بگیرند که آیا این رژیم لایق ماندن می دانند یا نه؟!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## فایلی ژمارەی داهاتوو

# « ئەرکو ڕۆڵی لاوان لە کۆمەڵگادا»





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## بۆ شەهیدانی کوردستان

شەهید بەرزی وەکوو چیا
ڕوونی وەکوو ئاوی دەریا
تۆ نەمردووی نامری
کڵپەو بڵێسەی ئاگری
ڕەنگی لالە هەرچەن جوانە
شاگوڵی نێو گوڵستانە
ملکەچ دەروانێتە زەوی
لە حاستی تۆیە سەر نەوی
تۆ بەهاری، تۆ شەماڵی
تۆ هەوری گەواڵ گەواڵی
تۆ هیوای بەرزی وڵاتی
پێشکاروانی ڕێی نەجاتی
تۆ کانگای بەڵێنو وەفای
تۆ زامنی مافی ڕەوای
ئاودێری بەرزیو بناری
ئۆقیانووسی پڕ ئەسراری
تۆ کلیلەی ڕەمزو رازی
ڕێبواری ڕێگاکەی قازی
تۆ بەرزتر لە هەورانی
هاوتای مانگو ئەستێرانی
تۆ تیشکی کازیوەی ڕوونی
مەشخەڵی ڕێی ڕزگاربوونی
ناوی بەرزت ڕەمزی مانە
وانەو دەرسی منداڵانە

"شەهید شێخ غەریب حەسەنی"

# LAWAN

The Organ of Democratic Youth
Union of Eastern Kurdistan

No: 50 June 2013




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org